# ئیرۆتیک له شیعری "نالی"دا

# ئیرۆتیک لە شیعری "نالی"دا

زانا خەلیل

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

زانا خەلیل
ئیرۆتیک لە شیعری "نالی"دا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٢٨
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٢٠ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

## ناوەڕۆک

پێشـەکی ..... 7

بەشی یەکەم
تەوەری یەکەم: چەند جیـهانێکی لێک جیا لەنێو گەردوونێکی کراوەدا ..... 10
تەوەری دووەم: کورتەیەکی بیۆگرافیا ..... 16

بەشی دووەم
تەوەری یەکەم: ئیرۆتیک ..... 19
تـەوەری دووەم ..... 23
١– مـاچ ..... 23
٢– ماچ لای نووسـەران و بیرمەندان ..... 24
٣– جۆرەکانی مـاچ ..... 25
تەوەری سـێیـەم: مـاچ لای نالی ..... 27
أ– ماچی کوڵم ..... 28
ب– ئەو ماچانەی کە شوێن تێیدا دیاری نەکراون ..... 29
ج– لێو ..... 23
د– مـاچی دەم یا مژینی دەم ..... 38
هـ– ماچ و تـەسـەوف ..... 46

بەشی سێیەم
تەوەری یەکەم: مەمک ..... 53
تەوەری دووەم: مەمک لە دیوانی نالیدا ..... 54
١– فـۆرم و قەوارەی مـەمک ..... 57
٢– مەمکی نەوبەر یا مەمکی کچی تازە پێگەیشتوو ..... 61

بەشی چوارەم

Webcam و قەسیدەی مەستوورە ............ 64

بەشی پێنجەم

پرۆسەی سێکس لە دیوانی نالیدا ............ 82

بەشی شەشەم

تەوەری یەکەم: Homosexualityـ هاوڕەگەزبازی ............ 87
تەوەری دووەم: Homosexualityـ هاوڕەگەزبازی و ئەدەبیات ............ 88
تەوەری سێیەم: هاوڕەگەزبازیی لە دیوانی نالیدا ............ 95

بەشی حەوتەم

لە نەحو و سەرفی ئەداتی مەپرسە ............ 103
سەرەتای کۆتایی ............ 103
ئەنجام ............ 106
سەرچاوە ............ 108

# پێشەکی

بۆچی نالی؟ بۆچی ئیرۆتیک لە دیوانی نالی؟

لە راستیدا لە پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەییدا لە ساڵانی ۱۹۹۲-۱۹۹۳ کاتێ دەستم بە خوێندنەوە کرد هەر زوو دەستم بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی نوێ بە گشتی و شیعری نوێی کوردی بە تایبەتی کرد، دواتر دایرێکت هەوڵی خوێندنەوەی شیعر و رەخنە و رۆمانی جیهانیم دا و ئیدی بەو شێوەیە تا بە ئەمرۆ دەگات بەردەوامم.

لەو ماوانەدا جاروبار لە ئەدەبیاتی کوردی و لە شیعری کوردیدا چاوێکم بە دیوانی نالی و جزیریدا دەخشاند، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ۱۹۹۸ بۆ ماوەیەکی باش خەریکی خوێندنەوەی دیوانی نالی بووم، لەوێوە بە تەواوی تێ گەیشتم کە هەموو نوێیەک ئیمتیدادی کۆنە بەڵام بە ئیزافە و ستایل و فۆرمی تازە.

بەهۆی دیوانی نالی گەڕامەوە بۆ شیعری (کۆن-کلاسیک)ی کوردی و بەگوێرەی توانا خەریک بووم، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگەی هەڵوەستە و سەرنجی من بوو دیوانی نالی بوو، ئەو فەزا کراوەی کە نالی تێیدا کاری کردووە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات بە تایبەتیش ئەگەر بە پێوەرێکی مێژوویی خوێندنەوەی بۆ بکەین، مەبەست لە خوێندنەوە بە پێوەری مێژوویی گەڕانەوەیە بۆ ئەو ژینگە و ئەتمۆسفێرەی کە شیعرەکانی نالی تێیدا نووسراون، خۆ ئەگەر لە سنعەتسازیی شیعر و زانستەکانی شیعریش خوێندنەوەی بۆ بکەین ئەوا شیعرەکانی نالی نە زەمەن و نە شوێن و نە هیچ سنوورێک ناناسن.

دیوانی نالی پڕە لە فەزای جیاجیا و دید و روانین و رامانی قووڵی لێک

جیا، هەر بەیتێک لەو دیوانە وەربگرین پڕە لە شیعرییەت و خاوەنی لێدانێکی بەهێزیشە لە چێژی وەرگر، بەکورتی شیعرەکانی نالی ئەوەن کە دەتوانن هێندە کاریگەرییان لەسەر سایکۆلۆجیا و ڕۆح و دڵ و عەقڵی (خوێنەر-وەرگر)دا هەبێ کە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بیانگوازێتەوە.

لەلای زۆربەی دیوانە شیعرییە کلاسیکییەکانی کوردی هێڵی سەرەکیی بیرکردنەوە و ژیان و گوزەراندن و عەقیدە و باوەڕ درک پێ دەکەین، بە نموونە لای کەسێکی وەک (مەلای جزیری و مەحوی)دا، هێڵە سەرەکییەکە، کە تەسەوف و سۆفیگەرییە دیارە، لای (ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی) کوردایەتی و نیشتمانپەروەری هێڵی سەرەکیی دیوانەکانن و لای کەسێکی وەک (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) داشۆرین هێڵی سەرەکییە.

هێڵی سەرەکی لە دیوانی نالی تەنیا یەک تێمە نییە، هەر بابەتێک شوێنێکی بۆ تەرخان کراوە، تەسەوف، ئاینپەروەری، عیشق، ئیرۆتیک، پۆڕنۆ، وڵات... تاد هەریەکە و جێگە و پێگەی تایبەتییان پێ دراوە، ئەوەش کە لە هەموو ئەوانە زیاتر گرینگیی پێ دراوە کۆکردنەوەی هەموو ئەو تێمانەن لەنێو بەهرە و سنعەتسازیێکی لە ڕادەبەدەر باڵا لە دروستکردن کە ئەویش ئێستەتیکە، کورتتر دەتوانین بڵێین: هێڵی سەرەکی لە دیوانی نالیدا ئێستەتیک و شیعرییەت و باڵادەستییە لە خوڵقاندن.

هەر ئەوەشە وای کرد کە من بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کارێک لەو گەردوونە بەرفراوانەی نالی بکەم، ئەگەرچی وەک نالی خۆی دەڵێ:

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما
غەواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە

کەواتە ئەو بەحرەی کە پڕە لە دوڕ و گەوهەر غەواسی دەوێ تا ڕۆبچێتە نێو قووڵاییەکان و گەوهەر و دوڕەکانی دەربهێنی، بۆیە کارکردن و ماندووبوون و هیلاکیی زۆرمان گەرەکە تا بگەینە قووڵاییەکانی ئەو دەریایە.

نووسەران و توێژەران کاری باشیان سەبارەت بە شیعرەکانی نالی ئەنجام

داوه بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی تری کلاسیکیی کوردی، بۆ نموونە د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود لە بیبلۆگرافیایەکدا دیاری کردووە، زیاتر لە دووسەد کتێب و وتار لەسەر شیعرەکانی نالی نووسراوە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستەی من بوو ئەوەیە کە لایەنی ئیرۆتیک جگە لە شیعرەکەی مەستوورە هیچ کارێکی تری لەسەر نەکراوە، یاخۆ بە شێوەیەک لە شێوەکان فەرامۆش کراوە.

وەک لە باسەکەمان دەردەکەوێ و هەڵوەستەی لەسەر دەکەین ئیرۆتیک بەشێکی گرینگی لە دیوانی نالی بۆ خۆی گرتووە، ئێمە هەوڵ دەدەین کە ئەو بەیتانە دەربێنین و بسەلمێنین کە ئیرۆتیک تێمەیەکی گرینگی ژیانی نالی و شیعرەکانی نالی بووە.

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم:

## چەند جیهانێکی لێک جیا لەنێو گەردوونێکی کراوەدا

رەنگە دەستنیشانکردنی ساڵوەگەڕی لەدایکبوون و مردنی شاعیر لەو نووسینەدا هێندە گرینگ نەبێ بە بەراورد لەگەڵ کارکردن لەسەر سەلماندن و دەستنیشانکردنی بوونی چەند جیهان و کەسێکی لێک جیا لەنێو یەک جەستە و یەک کەسایەتیدا، کە ئەویش (نالی)ی شاعیرە.

(نالی) چەند رۆژ و مانگ و ساڵێک زووتر یا درەنگتر لە سەردەمی راستەقینەی خۆی ژیابێ، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە سەردەمی لەدایکبوون و مردنیان دەستنیشان کردووە، ئەوا هیچ لە کرانەوەیی زەینی خۆی و لە کراوەیی فەزا و ئەتمۆسفێری شیعرەکانیدا کەم ناکاتەوە، چونکە لە تێکستەکانیدا دەردەکەوێ کە ئەو گرێدراوی تەنیا یەک باوەڕ و یەک مۆرال و یەک رووگەی بیرکردنەوە و یەک جیهان نییە لە ژیانیدا:

وەرە با عالەمی قەلبت نیشان دەم
کەوا فەقری غینایە مردنی ژین

(لای نالی تەنیا جیهانێک و دوو سێ جیهان نییە، بگرە بە دەیان جیهان و عالەم لە مێشک و ئەندێشەیدا پەنگیان خواردووەتەوە)[1].

لە شوێنێکدا پاشایە و لە چەند شوێنێکدا سەگ و لە شوێنێکدا ئاژەڵێکی گوێکورت، لە شوێنێکدا شانازی دەکا کە بە کوردی دەنووسێ و لە حاڵەتێکی تردا کوردی تێکەڵ بە عەرەبی دەکا، ئەگەر ئەو قەسیدەیە (درونی لدار ال-

شـارزور-... تاد) بەو شـێوەیەی کە نووسـراوە پێڕەوی لێ بکرابـووایە زمـانی کـوردی و رێنووسـی کـوردی گـۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسـەر دادەهات و دەبووە بەشێک لە زمانی عەرەبی و وردە وردەیش لەناو دەچوو.

خوێندنەوەیەکی وردی شیعرەکانی نالی دەتگەیەنێتە دەیان و دەیان حاڵەتی دەروونی دژ بەیەک و ناکـۆک کـە ئەوەشـیـان نهـێنی و سـڕی کـراوەییی ئەتمۆسفێری شیعرەکانی (نالی)یە و هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە تێکستەکانی دەتوانن هەڵگری ئەو هەموو چەمک و مەعنا و خوێندنەوەیە بن:

(نالی) ئیستە تاجی شاهی و تەختی خاقانیی هەیە
شـەوکەت ئارا، موحتەشـەم دیوانە، فیکرەت صائیبە

لێرەدا بەوپەڕی جورئەتەوە دەکەوێتە نێو حاڵەتێک لە شانازیکردن بە خۆی و، خـۆی دەگـەیەنێـتـە ئاسـتی شـاه و لەنێـو ئۆقـیـانووسی نەفس بەرزی و سـەربلّندیدا غەرق دەبێ، کەچی لەو بەیتانەی خـوارەوە خـۆی دەگـەیەنێـتـە ئاستی چەند جۆرێک لە ئاژەڵ و... تاد:

چەندە پێم خـۆش بوو زوبانی حـاڵی دەیوت (نالیـا)
هەردوو حـەیوانین، ئەتۆ گوێکورت و ئەمنیش گوێدرێژ

دوور لە تۆ (نالی) سـەگێکە، بێ وەفـایە، هەرزەگـۆ
بۆچی بانگی ناکـەی ئەم کـەلبـە کـە نانی نانیـیـە؟!

ئەو خـاکی دەرە مـەسکەنی سـەد سـاڵەمـە، شـایەد
جـاری لە دەمی تۆ ببـیـەم (سـەگ بە وەفـایە)

تێکستەکانی نالی هەردەم لە وەرچەرخانن و لە حاڵەتێکەوە بە فـەزایێکی جیا لە بیر و ئەندێشە و رامانی حاڵەتێکی تری خۆی، خۆیان دەردەخەن، بە نموونە: لە زۆر لە تێکستەکاندا بە ئاشکرایی، گوناهباریی خۆی رادەگەیەنێ و

لە زۆر شوێنی تریش بەردەوامیی خۆی نیشان دەدا لەسەر گوناهەکانی کە بەلای ئەو گوناهـ نییە و بەشێکە لە ژیان و حاڵەتێکە، پڕیەتی لە چێژ و ئێستەتیک... نالی بە ئاشکرا کاریگەریی کولتووری ئیسلامی لەسەرە و زۆرجاریش عاشق و عاریفانە گوزارشتی لە خۆشەویستیی خۆی کردووە، لەو شیعرەی کە بۆ پێغەمبەری نووسیوە خۆی دەگەیەنێتە ئاستێک کە ڕێک پێچەوانەی ئەو شیعرانەی تریتی کە لەزەتی ژیان بە هیچ شتێک ناگۆڕێتەوە و لەنێو دەریای چێژ و لەزەت و ئیرۆتیکدا نقووم دەبێ:

(نالی) کەوا سەگی سەگی ئەو مەرز و بومەیە
ئەمما سەگی موعەللەمی بێ دەنگ و بێ وەڕە

لەو بەیتەدا نالی تا ئاستی بوون بە سەگی سەگ خۆی کەم کردووەتەوە لە خۆشەویستیی پێغەمبەردا، بێگومان ئەوە حاڵەتێکە لە تێکستەکانی نالی ناشێ و ناتوانین نکوولّیی لێ بکەین، کەچی لە شوێنی تردا دەکەوێتە نێو ئیلحاد و بەشێوەیەک لەناو کایەکانی (تەشبیه) کار دەکات کە ڕەنگە کۆکردنەوەی ئەو دوو حاڵەتە بە یەکەوە زۆر زەحمەت بێ:

نەرم و خۆش و مونتیج وەکو بەستی ئودەبا بێ
تولانی یو بەرجەستە وەکو دەستی دوعا بێ
ل٦٢٣

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم لە لێکدانەوەی ئەو بەیتە لە دیوانی نالی لە لاپەڕە -٦٢٣-دا دەڵێن: "نەرم بێ، خۆش بەدەستەوە بێ، بەرهەمدار بێ، وەک پەخشانێکی ڕەوان بێ کە ئەدیب نووسیبێتی.. درێژ بێ، دیار و هەستاوە بێ وەک دەستی کەسێک کە بۆ لە خوا پاڕانەوە دەستی درێژ کردبێ".

مەعنای ئەو شتەی کە وەکو دەستی کەسێک درێژ و ڕەپ و ئەستوور بێ کە بۆ دوعاکردن لە خوا بەرز کرابێتەوە دیار و ئاشکرایە، ئەو بەیتە، بەیتێکی ئەو

قەسیدەیە کە بۆ مەستووره نووسیویەتی، نالی لێرەدا وەسفی ئەندامی سێکسی خۆی دەکا و دەیشوبهێنی بە دەستێک کە بۆ خوا بەرز کراوەتەوە، من پێم وایە ئەو بەیتە بە هەموو چەمک و مەفاهیمێکی ئیسلامی بەیتێکی لادەرە، یاخۆ نەشیاوە بە یاسا و رێساکانی ئیسلام، چونکە تەشبیه لە نێوانی (ئەندامی سێکسی پیاو) و (دەستێک کە لەبەر خوا دەپارێتەوە) مەقبوول نییە لە ئاینی ئیسلام و قبووڵیش ناکرێ.

ئەوەی جێی سەرنجە هیچ لێکۆڵەرەوەیەک تا ئێستا نەیتوانیوە بە دۆکومێنت مێژووی ریزبەندیی نووسینی شیعرەکانی نالی بزانێ کە کامیان بەر لە ئەوی تر نووسراوە، ئەگەرچی لێرە و لەوێش ئاماژەیەک یا هەندێ ئاماژە هەیە.

بۆ ئێمە زانین و نەزانینی مێژووی نووسینی شیعرەکان هیچ لەو خوێندنەوەیەی کەم ناکاتەوە، چونکە کامە شیعر بەر یا دوای ئەوی تر نووسرابێ ئەوا بە هیچ شێوەیەک بە مانای رەشکردنەوە و فڕێدانی تێکستەکانی تری پێچەوانە نایەت لەو دیوانەدا، بەو مانایەی کە هەموو دیوانی نالی کاری لەنێو ئێستەتیک و (شیعر لە پێناوی شیعر) کردووە، نەک شیعر لە پێناوی باوەڕ یا ئایدۆلۆجیا یا خاڵێکی فیکری و فەلسەفیی دیاریکراو و نەگۆڕ، ئەوەی لە دیوانی نالیدا جێگیر بێ و لە هەموو فۆنیم و مۆرفیم و رستە و بەیت و قەسیدە و واتاکاندا کاری لەسەر کرابێ، ئێستەتیکە.

لەوەش زیاتر جێگەی هەڵوەستە ئەوەیە، شیعرەکان بە شێوەیەک نووسراون کە هیچ رێگەیەکی رۆشن و دیاری بۆ توێژەر نەهێشتووەتەوە بۆ ئەوەی لە رێگەی دەلالات کەشفی پاش و پێش و ریزبەندی نووسینی شیعرەکان بکات بە شێوەیەکی رەها، ئەگەرچی وەک گوتمان لێرە و لەوێ هەندێ ئاماژە هەن کە لە چ کاتێکدا ئەو شیعرەی نووسیوە، کاتێک کە (تأریخ جم) بەکار دەهێنێ لە قەسیدەی (تا فەلەک دەوری نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو) ئەو مێژووە بەرانبەر بە ساڵی ١٨٣٨ زاینی دێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە بڵێ، سەردەمی نووسینی ئەو بەیتەی کە دەڵێ: "خۆش بە

هەردوو دەست... تاد) دەکەوێتە دوای ئەو حەجانەی کە کردوویەتی یا بەر لە حەج ردنی یەکەم و دووەمیش، ڕۆشنە سەفەری یەکەمی نالی بۆ مەککە لە سەرەتاکانی دەرچوونی نالی بووە لە کوردستان.

ئەگەر بێین و بە نموونە لەسەر ئەو دڕدۆنگی و جیهانبینییە لێک جیایانە بنووسین کە لە ژیانی نالیدا هەبووە، ئەوا بە ئاشکرا لەو چەند بەیتەی خوارەوە درکیان پێ دەکەین:

خەوفی من لێرە لەبەر زۆریی گوناهە یەک بە صەد

گەرچی عاصی و موزنیبم ئەمما مقیرڕو و بێ درۆم

واتە: من درۆ ناکەم و پێی لێ دەنێم کەوا کابرایەکی گوناهبارم. گوناهیش لە مەککە یەک بە سەد دەژمێردرێ لای خوا. بۆیە من لە زۆریی گوناهی خۆم دەترسم و ناتوانم لێرە بمێنمەوە و دەڕۆم[٢].

ئەو بەیتە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنیی کە نالی هەرگیز ناتوانێ دەسبەرداری چێژ و لەزەت و خۆشییەکانی ژیان بێ و خۆی لە بۆتە و چوارچێوەیەکی تاک رەهەندی مەلاس بدا و لاپەڕەکانی ژیانی خۆی تێدا بە یەک رەنگی و یەک رووگەیی لە دنیابینی و بیرکردنەوە و گوزەراندا هەڵبداتەوە.

نالی لەو بەیتەدا بە ئاشکرا و بێ پەروا دان بەوە دادەنێ کە ناتوانێ تاهەتایی هەر لە مەککەدا بمێنێتەوە و گوناهەکانی بە (ئاوی زەمزەم) بشۆرێت، وەک مەلا عەبدولکەریمی مودڕیس و فاتح عەبدولکەریم دەڵێن: "کەسێکی دیمەنپەرست نەبووە"[٣].

بەڵام ئەگەر لەو تێکستەدا باوەڕ بێنین کە بە راستی ئەو بۆچوونەی مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتحی عەبدولکەریم بۆچوونێکی دروستە، سەبارەت بەوەی کە کەسێکی دیمەنپەرست نەبووە، بگرە پێی وابووە کە خوا لە هەموو شوێنێکدا وجوودی هەیە، بۆیە ئەگەر لە (مەککە)ش نەبێ دەتوانێ لە خواپەرستی و ئیسلامپەرستیی خۆی بەردەوام بێ، ئەوا لە شوێنی تردا نالی رێک دژی ئەو بۆچوونەی مامۆستایان ئەو چێژپەرستی و

لەزەتپـەرسـتـییـەی خـۆی دووبارە دەکـاتەوە و بە ئاشـکرایش بانگەشـەی ئەوە دەکات کە ئەو نە ئاگای لە گوناهەکانیـەتی و نە لە گوناهکردنیش پەشیمانە و نە ئاگاشی لەوە دەمێنێ کە خواپەرستی دەبێ ڕێگر بێ لە بەردەم موحەڕەمات و گوناه، بەو میتۆدەی کە خوا لە ڕێگەی قورئانەوە بۆ مرۆڤی داناوە:

بـۆ مـــــەمک «نـالی» چ منداڵانە وەی وەی کـــــردووە
گەرچی مـووی وەک شیرە، بەو شـیرە شکۆفـەی کردووە
خۆش بە هـەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخـەی کردووە
کیزب و تـوهمەت، ئیفـترا و بوهـتان کە تۆبەی کردووە

بەیتی یەکەم:

واتە: بڕوانـە بۆ نالی چـون وەک منداڵ بۆ مـەمکی یار دەگـری و کـەوتووەتە هـاوار هـاوار.. هەرچەند پیریش بووەو مووی وەک شیر سپی بووە، بەو شیرەی مەمکی یار هەلاڵەی کردووە و پێ گەیشتووە.

بەیتی دووەم:

واتە: سـەیری نـالی بکە کـە چەنـد چاک بە هەردوو دەست و بـە دەم مـەمکی یاری گرتووە و لە خـۆشـییاندا هەر (ئـۆخـەی.. ئۆخـەی)یەتی.. درۆ و بوخـتـانە دەڵێن تۆبەی کردووە و دەستی لە مەمکی یار هەڵگرتووە.. شتی وا ڕاست نییە و دڵداریی ڕاستەقینەی وەک نالی هەرگیز تۆبەی پێ ناکرێ[٤].

مـەبەسـتـمـان لە سـەلماندنـی ئەو جیـهانە جیـاجیـانەی نێـو گـەردوونی نالی ئەوەیە کە لە تەنیا لایەنێک یا جیـهانێکی ئـەو گەردوونـە بکۆڵینەوە کە ئەویش دنیای (ئیرۆتیک)ی (نالی)یە.

تا ئێسـتـا جگە لە فـەسـلێکی (کتێبی نالی) ڕێبـوار سـیـوەیلی، کە تەرخـان کراوە بۆ (مەسـتـوورە) من هیـچ لێکۆڵینـەوەیەکی ورد و ڕژدم نەبینیوە سـەبارەت بەو جیـهانـە تایبـەتییـەی کە بۆ ئیـرۆتیک و پۆڕنۆ تەرخـان کراوە لە گـەردوونی (نالی)دا.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیحی کوڕی لە (نالی و مەبەستی شیعری) ئاماژەیان بە شەش تێمە کردووە کە نالی لە دیوانەکەیدا باسی کردووە، ئەو شەش تێمەیەش بریتین لە:

١- دڵداری.

٢- وەسف.

٣- نزا و پاڕانەوە لە خوا.

٤- بیری وڵات کردنەوە.

٥- لاواندنەوە و پیاهەڵدانی پاش مردن.

٦- مەدح و پێدا هەڵدان)[٥].

رەنگە بە لێکدانەوەی مامۆستایان (ئیرۆتیک + پۆڕنۆ) بەشێک بێ لە خاڵی یەکەم کە دڵدارییە، بەڵام ئەگەر تێکهەڵکێشێکی لە رادەبەدەریش لە نێوانی (دڵداری - خۆشەویستی) لەگەڵ سێکسدا هەبێ ئەوا لە کۆتاییدا هەمان شت نین و پەردەیەک لەنێوانیاندا هەیە و دوو بابەت و تێمەی لێک جیان، بۆیە دەبووایە وەکو مەبەستێکی شیعری جیا لە دڵداری باسی لێوە بکرێ.

ئێمە هەوڵ دەدەین لە بەشەکانی داهاتوودا ئەو جیاوازییانە دیاری بکەین کە لە نێوانی خۆشەویستی و سێکسدا هەن، بە تایبەتیش لەو قەسیدەیەی کە بۆ مەستوورەی ئەردەڵانی نووسیویەتی.

## تەوەری دووەم

## کورتەیەکی بیۆگرافیا

خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، بیۆگرافیایەکی تاریک و لێڵی هەیە، بەو مانایەی کە نە ساڵوەگەڕی لەدایکبوون و نە مێژووی رووداوەکانی ژیانی و نە ساڵوەگەڕی مردنیشی بە تەواوی یەکلایی نەکراوەتەوە.

وا گوتراوە و نووسراوە کە نالی لە ساڵی ١٧٩٧ی زاینی لە گوندی (خاک و خۆڵ)ی شارەزووردا پێی ناوەتە ئەم جیهانە. نیسبەتی لەگەڵ (خاک و خۆڵ)

جێی گومـان لێکردن نییه، چونکه له چەند شوێنێکی دیوانەکەیدا ئەم نیسبەتە مۆری بە ڕاست گێڕانی لەلایەن نالییەوە، لێ دراوە:

داخل نەبی بە عەنبەرسارایی (خاک و خۆڵ)

هەرتا نەکەی بە خاکی سولەیمانییا عبوور[٦].

بێگومـان ئەو کێشـەی دەسـتنیشـانکردنی سـاڵوەگەڕی لەدایکبوون و ژیان و مـردنی نالی لای هـەمـوو لێکۆڵەرانی پێشـوو یەکـلایی نـەکراوەتـەوە، هەریەک سـالانێکیـان بۆ ژیان و مـردنی داناوە، کـه هـیچ یەکـێکیـشـیـان بەڵگە و دوکومێنتی تەواوی لا نییە.

(مـحـەمـەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێ: نالی لە سـالانی (١٨٠٠– ١٨٥٦)ی. ز دا ژیاوە، د. مـارف خـەزنـەداریش هەر هەمـان مـێـژوو دیاری دەکـا، هەروەها د. کەمـال فوئادیش. مـامۆسـتـا عەلائەدین سـەجادیش دەڵێ: لە ١٧٩٧ی زاینیدا هـاتووەتە دنیاوە و لە ١٨٥٥دا مردووە.. لە ڕاستیدا هیچ کام لەمانە باسی ئەو سـەرچـاوانەیان نەکـردووە کە ئەم سـاڵی بوون و مـردنـەیان لێ وەرگـرتـووە کە ئەمەش شتێکی بنەڕەتی و زۆر گرینگە)[٧].

ئەو کێشـمەکێشـە لە پێناوی ڕۆشنکردنی لێلایی و تەمتومـانی لەدایکبوون و ژیان و مـردنی نـالی زۆر لە لێکۆڵەر و نالی ناسـانـی خـەریک کـردووە، کـەچی هەریەکە و بە شێوەیەک باسی لێوە دەکات.

(لەو سـاڵە نـاودەرکـردووەی ١٧٩٧ کـە سـاڵی بەوەلەدبوونی نـالی بێت. هەروەک دەسـتـەوەسـتـانین بەرانبـەر ئەم سـاڵە، دەسـتـەوەسـتـانیش دەبووین بەرانبـەر سـاڵێکی تری وەک ١٧٩٠ وەیا ١٨٠٥ وەیا هەر سـاڵێکی تری خـزم بە مـان. ئەوەی دەڵێ نالی لە سـاڵی ١٧٩٠ هـاتووەتە دنیـا، هەر ئەوەندە بەڵگەی بەدەسـتـەوە هەیە کـە بەدەست یەکێکی ترەوە هەیە بڵێ لە ١٨٠٤ وەیا ١٧٩٥ وەیا ١٧٩٣ وەیا یەکـێکی تری وەک ئـەمـان بە وەلـەد بووە. هیـچ یەکـێک لەو سـالانە بایی فلسێک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، هیچ یەکێکیشیـان نە بەڵگەی ئیسپاتی هەیە نە بەڵگەی بەدرۆ خستنەوە)[٨].

وەک چۆن نەتوانراوە ساڵی لەدایکبوونی نالی یەکلایی بکرێتەوە هەر ئاواش نەتوانراوە سەردەمەکانی ژیانی بەشێوەیەکی دۆکومێنتی یەکلایی بکرێتەوە. ئەوەی هەیە، دەزانرێ کە نالی لە (سنە و سابلاغ و زەردیاوای قەرەداغ و هەڵەبجە و سلێمانی ژیاوە و)[9] دواتر کوردستانی جێ هێشتووە و چووەتە حەج و شام و ئەستەمبۆڵ، جارێکی تریش بۆ حەج، لەگەڵ ئەوەشدا کات و زەمەن و ریزبەندیی ژیانی لەو شوێنانە بە رۆشنی دیار نییە.

سەبارەت بە مردنیش بە هەمان شێوە، هەریەکە و بۆچوونێکی هەیە، بەڵام بۆچوونی مەسعوود محەمەد نەختێ جیاتر و دوورترە لەو توێژەرانەی پێشوو کە ناومان هێنان، بە بۆچوونی مەسعوود محەمەد دەبێ نالی زۆر لەوە زیاتر ژیابێ کە ساڵی مردنی نالییان بە ٥٠-٥٩ ساڵ خەملاندووە.

هەرچۆنێک بێ وەک لە سەرەتاش ئاماژەمان پێ کرد زووتر و درەنگتر لەدایکبوون یا مردنی نالی بەپێی ئەو مێژووانەی کە دیاری کراون ئەوا هیچ لەو باسەی ئێمە ناگۆڕێت و کاریشمان پێی نابێت، با نالی لە ساڵی ١٧٩٠ لەدایک بووبێ و لە ساڵی ١٨٧٢ یا ١٨٧٥ (کە ئەوەیان لە بۆچوونی مەسعوود محەمە نزیکە) مردبێ، نە خاڵێک لە باسەکەی ئێمە کەم دەکات و نە ئیزافەیەکیشی بۆ دەکات، چونکە لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئێمە تەنیا سەروکارمان لەگەڵ تێکستدا دەبێ نەک سەردەمی نووسین و هۆیەکانی نووسین و... تاد.

لەو باسەماندا بەلای ئێمەوە ئەوە گرینگە کە بە وردی جیهانێکی نالی باس بکەین کە تا ئێستا فەرامۆش کراوە، ئەوەی کە لەسەر جیهانی ئاینی و دڵداری و غوربەت و بەلاغە و تەسەوف و.. تاد نالی کراوە ئەوە لەسەر لایەنی ئیرۆتیک و پۆرنۆلۆجییەوە نەکراوە، بۆیە لێرەدا دەچینە نێو ئەسڵی باسەکەمان کە ئەویش ئیرۆتیکە.

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم

### ئیرۆتیک Erotik

ئیرۆتیک لە یۆنانیدا ئیرۆسە (eros خوای خۆشەویستییە لای یۆنانییەکان) و کوڕی ئەفرۆدیت (Aphrodite)ی خوای ئەوین و جوانییە. چەمکی ئیرۆس بە واتای وەسفی عاتیفە دێ لە رووی هەستکردن و حاڵەتی رۆحی پێوەست بە ئاوێتەبوونی جەستەیی و سێکس.

گۆڕانەکانی مێژووی واتا بۆ ئەو چەمکە وای کردووە کە ئیرۆس یا ئیرۆتیک هەڵگری واتای خۆشەویستییەکی سێکسئامێز بێ، یا ئاوێتەیەک لە خۆشەویستی و سێکس[١٠].

بەو شێوەیە ئیرۆتیک ئێستا هەڵگری چەمکی کار و کاردانەوەیە لە نێوانی (جەستە و رۆحی A + جەستە و رۆحی B).. (کاری رۆحی و جەستەی نێر + کاردانەوەی رۆحی و جەستەی مێ، یا کاری رۆحیی و جەستەی مێ + کاردانەوەی رۆحی و جەستەی نێر).

دەسپێکی مێژووی فەنتازیای ئیرۆتیکی دەستنیشان و بە دۆکومێنت ناکرێ، رەنگە هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤەوە بوونی هەبووبێ، بەرەنجامی گۆڕان و فراوانبوونی عەقڵی مرۆڤ و هاتنە کایەوە و لەدایکبوونی نووسین و ئەدەبیاتی نووسراو، ئەدەبیاتی ئیرۆتیکیش لەدایک بوو.. بەڵگەشمان بۆ ئەوە هەموو ئەو وێنە و پەیکەر و تێکستانەن کە تێیدا پڕن لە دەلالاتی خۆشەویستی و ئیرۆتیکی و سێکسی یاخۆ خۆیان بە شێوەیەکی رۆشن گوزارشت لە ئیرۆتیک و سێکس دەکەن.

(ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی "Erotische Literatur" ئەو چەمکە گشتییەیە، هەموو ئەو تێکستانە دەگرێتەوە کە باکگراوندێکی ئیرۆتیکییان هەیە)[11].

بێگومان لێک جیاکردنەوەی چەمکی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی لەگەڵ سێکس و خۆشەویستی و پۆرنۆگرافیای سروشتی کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە شوێنێکدا هەموویان ئاوێتەی یەکتری دەبن و دەبن بە هەمان شت.

بەڵام زۆرجاریش وا رێک دەکەوێ کە مومارەسەی سێکس تەنیا چوارچێوەیەکی سێکسیی دوور لە هەستی خۆشەویستی و حاڵەتی رۆحی وەردەگرێ و بردنی چێژی موجەڕەد دەبێتە ئامانجی ئەو پرۆسەیە، بە پێچەوانەشەوە هەندێ جار خۆشەویستی لە نێوان کەسانێک تا ئاستی گەیشتن بە رۆح قووڵ دەبێتەوە و لەوێوە سێکس گرینگییەکی ئەوتۆی نامێنێ وەک ئەوەی کە لە ژیان و ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا هەیە.

مێژووی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی نووسراو و ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی میللەتانی دنیا، ئەدەبیاتی کوردییش کەم و زۆر ئەو نموونانەی تێدایە..

لە ئەدەبیاتی نووسراودا ئەوەی کە تا ئێستا زۆر گرینگە و لە کۆنەوە بۆمان ماوێتەوە، چەندین تێکستی شیعری سەردەم و چاخە زووەکانی مێژوون، تێکستە شیعری و پەخشانەکانی شارستانییەتی فیرعەونی و بابلی و فینیقی و ئارامی و سۆمەری.. تاد بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە.

هەموو ئەو تێکستانەی کە دۆزراونەتەوە پیاو نەینووسیون و بە تەنیاش پیاو بەرهەمی نەهێناون، بگرە بەشێک لەو نووسەرانە ئافرەتن، بە نموونە: (بیتوحا)ی میسری، (سافۆ)ی گریکی.. سەیرەکەش لێرەدایە کە ئەو شاعیرە ئافرەتانە هەندێ جار هێندە بە بوێری لە ئیرۆتیک دواون کە بەشێکی زۆر لە شاعیرانی هاوچەرخ ئەو جورئەتەیان نییە.

لە ساڵی ١٩٣٨ زانای ئەڵمانیایی (شپیگل بورگ) لە مۆزەخانەی قاهیرە لەسەر لەوحێک قەسیدەیەکی ژنە شاعیری میسری (بیتوحا)دۆزییەوە، کە

پێنج هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بە هێرۆگلۆفی نووسرابوو.

پاش کردنەوە و کەشفکردنی کۆدەکان، ئەو قەسیدەیەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانیایی بە ناوونیشانی (خەونەکانی عاشیقەیەک) و لە ساڵی ١٩٣٨ ئەدیبی میسری (ئیبراهیم میسری) ئەو تێکستەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، ئێمەش لێرەدا بەشێکی وەردەگێڕین:

دەمەوێ لەگەڵت شۆڕبمەوە نێو ئاو و

لەگەڵت لەناو ئاو بێمە دەرێ و

ماسیێکی سوورم هەڵگرتبێ

لەناو پەنجەکانم یەکجار جوانە و دەڵێ:

وەرە لێم بڕوانە[١٢]

دوای ئەدەبیاتی فیرعەونی دەبێ لەسەر ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی لای سۆمەرییەکان هەڵوەستەیەک بکەین، شارستانییەتی سۆمەر (میسۆپۆتامیا-ستانی نێوان دوو رووبار) لە نێوان ٣٠٠٠ تا ١٠٠٠ بەر لە زاین خاوەنی ئەو جۆرە ئەدەبیاتە بووە، یاخۆ ئەو جۆرە ئەدەبیاتە، (ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی) لەو زەمانەدا بوونی هەبووە.

داهێنانەکانی ئەو شارستانییەتە بەهۆی رێنووسی بزماری (المسماري) بە دۆکومێنت کراوە، ئەو شارستانییەتە لە رێگەی داهێنانی ئەدەبی و رەقس و بیناسازی و کشتوکاڵ و راکێشانی ئاو، گوزارشتی لە خۆی کردووە، شیعریش هەردەم یەکێک بووە لە گرینگترین ژانرەکانی ئەدەبیات کە شوێن و پانتاییەکی بەرچاوی داگیر کردووە لەو شارستانییەتە.

لە جۆرەکانی شیعریش، شیعری ئیرۆتیکی گرینگترین تێمەی شیعری بووە، بە تایبەتیش ئەو شیعرانەی کە لە رۆحی ئافرەتەوە هاتوون.

بەو شێوەیە ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی نووسراو خاوەنی مێژوویێکی دوور و درێژە، وردە وردە گەشەی سەندووە، بەپێی قۆناغ و سەردەمە لێک جیاکان

شێوە و فۆرمی جیاجیای بە خۆیەوە بینیوە، (ئەنانا) یەکێکە لەو شیعرە ئیرۆتیکییانەی کە ژنە شاعیری سۆمەری (بلبالە) نووسیویەتی و یەکێکە لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە[١٣].

لە قۆناغەکانی دوای فیرعەونییەکان و سۆمەرییەکان یەکێ لە گرینگترین کتێبە ئیرۆتیکییەکانی ئەدەبیاتی نووسراو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کتێبی بەناوبانگی (Kama sutra)یە، کاما سوترا تێکستێکی هیندییە، باس لە سلوکی سێکسی دەکات لای مرۆڤ.

ئەو کتێبە لە سەدەی ٢-٣ زاینی لەلایەن فەیلەسووفی هیندی (فاتسیایانا-(vatasyayana) نووسراوە و کورتکراوەی کۆمەڵە نووسراوێکی پێشووترە، کە بە Kama shastra ناسراوە.

وشەی کاما بە مانای ئارەزوو دێ، بەڵام زاراوەی سوترا واتای تەکنیک یا (قیاس-پێوەر) دەگەیەنێ.

کاماشاسترا کە نووسەرەکەی نادی بوو، هەڵگری کۆمەڵە زانیارییێک بوو سەبارەت بە ئەفسانەی - گای پیرۆز - کە دەرگاوانی (شیفا)ی خواوەند بووە، ئەو گایە بەوە پیرۆز بووبوو کە گوێی لە دەنگ و هانکەهانکی خواوەند شیفا و ژنەکەی دەبوو لە کاتی ئەنجامدانی سێکس.

کاماسوترا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٨٤ لەلایەن (ریچارد فرەنسیس بورتۆن) لە سانسکریتییەوە کرایە ئینگلیزی و لەوێشەوە بۆ زۆربەی زۆری زمانە ئەوروپاییەکان تەرجەمە کرا.

ئەو کتێبە، کتێبی بەردەست و سەرمێزە بۆ تێگەیشتن لە پراکتیککردنی سێکس یا بە واتایەکی تر رێنوێن و رێبەری سێکسی پراکتیکیە[١٤].

قۆناغ دوای قۆناغ و چاخ دوای چاخ ئەو ئەدەبیاتە گەشەی سەندووە و پەرەی پێ دراوە و لای نەتەوە و زمانە جیاجیاکاندا بڵاو بووەتەوە..

بێگومان ئەدەبیاتی کوردیش بە تایبەتی شیعر لەو رووەدا کەم تا زۆر کاری کردووە، یەکێک لەو شاعیرە داهێنەرانە کە کاری لەو بوارەدا کردووە (نالی)ی

شاعیره.. ئێمە هەوڵ دەدەین بەر لە باسکردنی ماچ لای نالی هەڵوەستەیەک لەسەر ماچ و چەند پێناسەیەکی نووسەران بۆ ماچ و جۆرەکانی ماچ بکەین..

١- ماچ.

٢- ماچ لای نووسەران و بیرمەندان.

٣- جۆرەکانی ماچ.

## تەوەری دووەم

١- ماچ:

ماچ: وێستگەیەکی ناوەڕاستە لە نێوانی ڕۆمانسییەت و کۆنتاکتی جەستەیی، بەڵام ماچکردن: پرۆسەی بەرکەوتنی لێوەکانە بە شت یا تەنێکی تر.

ماچ لە هەموو کولتووره لێک جیاکاندا سیمبۆلە بۆ خۆشەویستی و ئیرۆتیک و سێکس، ئەو گوزارشتکردنە لە خۆشەویستی و ئیرۆتیک و سێکس بە ماچ، تەنیا لای مرۆڤەکان سنووربەند ناکرێ، بگرە لای زۆر لە ئاژەڵانیش هەڵگری هەمان چەمکە.

فیل بەهۆی لووت خستنە نێو دەوی فیلی بەرانبەر ماچ دەکات، باڵندەکان بەهۆی دەنووکەوە ماچ دەگۆڕنەوە، ڕێوی بەهۆی لێستنەوەی دەموچاوی یەکترییەوە گوزارشت لە خۆشەویستی دەکەن، ئێمەی مرۆڤیش لە ڕێگەی لێوەکانەوە ئەو هەست و سۆز و حەزە دەردەبڕین.

زاناکان لەمێژە لە هەوڵی ئاشکراکردنی ئەوەدان کە بزانن بۆچی ئێمەی مرۆڤ هێندەمان حەز لە ماچە، لە ٩٠٪ مرۆڤەکان حەز بە تەقس و ئەتمۆسفێری ماچ دەکەن و لەناویشیدا دەژین.

شیکارکاری دەروونناسی (زیگموند فرۆید ١٨٥٦-١٩٣٩) دەڵێ: هەوەسی ماچکردن، کردارێکی بۆماوەییە، لەو کاتەی کە منداڵ مەمکی دایکی دەمژێ بوونی هەیە[١٥].

ماچ له کولتووره جیاجیاکاندا به شێوەی جیاجیا هەڵسوکەتی لەگەڵ دەکرێ و لەنێو ترادتسیۆنەکان رەنگ دەداتەوە، بە نموونە لای رۆئاواییەکان ماچ لە نێوانی دوو کەسدا بە زۆری بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و خۆ ئامادەکردن بۆ سێکس دەگۆڕدرێتەوە، لای فرەنساییەکان بە تایبەتی بەهۆی کاریگەری کتێبی کاما سوترا ماچ درێژە دەکێشێ و لە سەردەمی ئێستا لە ئەوروپا بە ئاشکرا لەسەر شەقام و نێو قەرەباڵغیدا دێتە ئەنجامدان.

بەپێچەوانەوە لە رۆهەلات ئەو جۆرە ماچانە تا ئێستا لە بۆتە و چوارچێوەیەکی شاراوە دەگۆڕدرێنەوە.. کەچی لای هەندێ لە عەشیرەتەکانی ئەفریقیا، تا ئێستایش دایک خواردن لەنێو دەمی دەجویتن و دواتر لە رێگەی لێوەکانیەوە دەیخاتە دەمی منداڵەکەیەوە، ئەو حاڵەتەش رەنگە بمانگەیەنێتەوە سەر بۆچوونەکەی فرۆید کە ماچکردن و حەزی ماچکردن بۆ غەریزەیەکی زگماکی و بۆماوەیی دەگەڕێنێتەوە.

وەک لە پێشتردا باسمان کرد ماچکردن پرۆسەی بەرکەوتنی لێوەکانە بە رۆحلەبەر یا تەنێکی تری بێ رۆح، بۆیە دەبینین کە لە (ئاین)دا هەندێ شتی بێ رۆح ماچ دەکرێ، هەروەها مرۆڤ ئاژەڵ ماچ دەکا، یا زۆرجاری تر لە وەرزش دەبینین یاریزان خاک یا هۆی یاری پێکردنەکەی ماچ دەکات.

٢- ماچ لای نووسەران و بیرمەندان:

زۆر لە نووسەر و بیرمەند و فەیلەسووف و پزیشک و نەقاش و.. تاد سەبارەت بە ماچ و پێناسەکردنی ماچ و شیکردنەوەی ماچ، بۆچوون و هەستی خۆیان دەربڕیوە بە وشە و تابلۆ و پەیکەر و لێکۆڵینەوەی زانستی و گوزارشتیان لێی کردووە.. لێرەدا چەند بۆچوونێک دەخەینە روو:

١- ئەبیگایل ڤان بورن: ماچ بەهێزترە لە ئیرادە.

٢- ڤولف گەنگ فۆن گۆیتە: وەڵامێکی راست وەکو ماچێکی شیرین وایە.

٣- دافنێ دو ماوریر: عاشقەکان لە کاتی ماچکردندا چاوەکانیان دادەخەن، چونکە دەیانەوێ بە دڵ یەکتر ببینن.

٤- جان پاول: ده ماچ ساناتر له بیر دەکرێن له ماچێک.

٥- جیم شاهین: (ئەگەر ئێمه یەکتر ماچ بکەین، دنیای دەوروبەرمان غەرق دەبێ)[١٦].

٦- ئۆڤید: ئەوەی نەتوانێ له پێناوی خۆشەویستی بمرێ، شایەنی ماچ نییه.

٧- فۆلکس موند: (ماچی مرۆڤەکان وەکو دەستخەتەکانیان لێک جیان)[١٧].

٨- شیللی: رۆحێک له رێگەی لێوەکاندا به رۆحێکی تر دەگات.

٩- Remy de Gourmont, franz: ژنەکان بەردەوام یەکەمین ماچیان له یاده کەچی پیاوەکان دواین ماچیشیان له یاد کردووه.

١٠- Robert Browning,: من له خۆم دەپرسم چ شتێک دەمێنێ له رۆح لەو کاتەی که ماچ کۆتاییی پێ دێ؟[١٨].

١١- ئۆلیڤەر ڤاندل هۆلس: دەنگی ماچ هێنده بەرز نییه وەکو دەنگی تەقینەوە، بەڵام سەداکەی به درێژاییی تەمەن دەمێنێتەوە.

١٢- جێری لویس: دەتوانی به نوکته ژنەکان زیاتر ئیغرا بکەیت، چونکه ژن بەر له ماچکردن حەزیان له پێکەنینه، یان پێکەنین بەرەو ماچکردنیان دەبات.

١٣- مارک توین: ماچ شتێکه پێویستی به هەردوو دەستی مرۆڤ هەیە[١٩].

٣- جۆرەکانی ماچ:

له هەموو کولتووره جیاجیاکان و هەتا لەنێو ئاژەڵ و گیاندارانیش ماچ گوزارشتکردنه، بەڵام ئەو گوزارشتکردنه له ترادتسیۆنێک بۆ ترادتسیۆنێکی تر هەڵگری چەمک و رەمز و دەلالەتی جیاجیان.

بۆ نموونه: لای عەرەبەکانی کەنداو لووت ماچکردن رەمزی سڵاوکردنه، کەچی لای ئەڵمان و فرەنساییەکان گۆنا ماچکردن به مانای سڵاوکردن دێت.

تا ئێستا دەستنیشانی دووسەد جۆری ماچکردن کراوه، بەڵام بەرچاوترینیان و باوترینیان ئەو ماچانەی خوارەوەن:

١- ماچكردنی سەر: ئەو جۆرە ماچە بە زۆری لەلایەن كەسێكی بە تەمەنەوە لە یەكێكی لە خۆی كەم تەمەنتر یا لەلایەن پیرەوە لە منداڵ دەكرێ، كە سیمبۆلێكە بۆ بەخشندەیی و بەزەیی پیا هاتنەوە و خۆشەویستییێكی ناسێكسی.

٢- ماچكردنی دەست: سیمبۆلە بۆ رێزگرتن، لە ترادتسیۆنی كلاسیكیی رۆئاواییدا ئەو جۆرە ماچە پیاو لە ئافرەتی دەكات، بە واتای ئەوپەڕی رێزگرتن دێ، كەچی لە رۆهەڵاتدا ئەو جۆرە ماچە، لە دەستی كەسی پیرۆز و كەسی بە تەمەن دەكرێت، بەڵام تەنیا لە (مێ)وە بۆ (مێ) و لە (نێر)یشەوە بۆ (نێر)، هەندێ جاریش وا رێك دەكەوێ لە چوارچێوەی خێزاندا (مێ) دەستی (نێر) ماچ بكات.

٣- ماچكردنی پێ: بۆ سەردانەواندن و خۆكەمكردنەوە و هەستكردن بە گوناه و بە گەورەزانینی ئەوی تر (بەرانبەر) دێتن.. یەكێ لە جوانترین نموونەی ئەو ماچە لەنێو ئەدەبیاتدا ماچەكەی (راسكۆلنیكۆف)ی كارەكتەری سەرەكیی رۆمانی (تاوان و سزا)ی دۆستۆیفسكییە، كە لە پێیەكانی سۆنیای سۆزانی دەكات.. هەندێ جاریش وا رێك دەكەوێ كە بۆ شكاندن و بە هیچ زانینی كەسێك ئەو جۆرە ماچەی بەزۆر پێ ئەنجام دەدەن.

٤- ماچكردنی نێوچەوان: سیمبۆلی بەخشندەییە.

٥- ماچكردنی گۆنا یا روومەت: ئەو جۆرە ماچە رەمزە بۆ سۆز و خۆشەویستی و سڵاوكردن، بێگومان لە كولتوورێك بۆ كولتوورێكی تر دەگۆڕدرێ.

٦- ماچكردنی چاو: دەربڕینی هەستێكە كە پڕیەتی لە عیشق و مەحەببەت و عاتیفە دوور لە هەستی سێكسی.

٧- ماچكردنی لووت: رێز و سڵاو لە یەكتر كردن.

٨- ماچكردنی ئەندامەكانی تری لەش: وەك لێو، زمان، لامل، گەردن، مەمك، ران، بن هەنگڵ، ناوك، سك.. تاد، رەمزی ئیرۆتیك و سێكسن چ لە

(مێ)وە لە (نێر) بکرێ، یاخۆ بە پێچەوانەوە.

٩- بە شێوەیەکی گشتی هەندێ جۆری تری ماچکردن هەن کە گوزارشت لە سێکس ناکەن، بگرە هەندێ جار پێوەندییان بە خۆشەویستیش نییە، وەک ئەو ماچەی کە یەهودا لە مەسیحی کرد یان وەک ماچکردنی ماڵئاوایی لە مردوو کە بە هیچ شێوەیەک پێوەندیی بە ئیرۆتیکەوە نییە، رەنگە بۆ مەسەلەی ماچکردنی دایک و باوک لە منداڵ یا بە پێچەوانەوە، گەڕانەوە بۆ فرۆید باشترین رێگە بێ[٢٠].

هەموو ئەو شتانەی کە سەبارەت بە ئیرۆتیک و ماچ نووسیمان، دەرگەیەک بوو بۆ ئەوەی بچینە نێو جیهانێکی گەردوونی بێ سنووری نالی کە ئەویش دنیای ئیرۆتیک و سێکسە.

## تەوەری سێیەم

ماچ لای نالی:

هەوڵ دەدەین لێرەدا هەموو ئەو بەیتانە لە دیوانی (نالی)دا دەربێنین کە باس لە ماچ دەکەن، بێگومان دوای خوێندنەوەی چەندین جاری سەرلەبەری دیوانی (نالی) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، من توانیم ئەو بەیتانە دەربێنم کە رەنگە ئەوانەش هەموو ئەو بەیتانە نەبن کە لە ماچ دەدوێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چەند بەیتەی بەردەستمان کە بەبڕوای من زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەیتانەن کە لە دیوانی (نالی)دا باس لە ماچ دەکەن، ئەو بەیتانەی بەردەستمان کەشێکمان بۆ فەراهەم دەکات تا سەرنجی خۆمان سەبارەت بەو دنیایە دەرببڕین.

ماچ لای نالی بۆ پێنج بەش دابەش دەبێ، یاخۆ هەموو ئەو ماچانەی کە باس کراون لە پێنج گرووپدا خۆیان دەبیننەوە:

أ- ماچی کوڵم.

ب- گرووپی ئەو ماچانەی کە دیاری نەکراون، یا سێرە و شوێنی بۆ

ئاراستەکراوی تێدا ونە.

ج- گرووپی ئەو ماچانەی کە لە لێو دەکرێن، یا لە لێو داوا دەکرێن.

د- گرووپی ئەو ماچانەی کە لە دەم دەکرێن، یا لە دەم داوا دەکرێن.

هـ- ماچی تەسەوف.

أ- ماچی کوڵم:

لە سەرلەبەری دیوانی (نالی)دا، باسکردن و داواکردنی ئەو جۆرە ماچە یەکجار کەم و ناوێزەیە، ئەوەش بەلای ئێمەوە جێگەی هەڵوەستەکردنە، چونکە وەک لە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ئەو جۆرە ماچە، ماچی زۆر ئیرۆتیکی نییە، ئەو جۆرە ماچە جۆرە ماچێکە پێوەستە بە ڕێز و سڵاو و خۆشەویستییێکی ئیحترام ئامێز، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێ کە نالی وەک تاکێک ئەو کاتەیش واتە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا، بە زەینێکی زۆر فراوانتر لە کۆمەڵی سەردەمی خۆی تەماشای ماچی کردووە، ڕەنگە ئەوەش پێوەست بێ بە ئازمایش و ئەزموونی تاکەکەسی، من لێرەدا لەگەڵ ئەوە نیم ئەو شیعرانەی نالی کە باس لە هەر پێنج گرووپی ماچ دەکەن، هەمووی هەر لە سەرچاوەی فەنتازیا و خەیاڵی قووڵەوە هەڵقووڵابن، چونکە ئەو گوزارشتکردنە کەمە لە ماچی کوڵم بەڵگەیە بۆ چێژ وەرنەگرتنی نالی لەم جۆرە ماچە، یا بەهەند هەڵنەگرتنی ئەو جۆرە ماچەیە، یاخۆ بە لایەنی کەمەوە نالی سێکسی بە بەشێک لە خۆشەویستی و عیشق زانیوە، یاخۆ هەر مەرامی سێکس بووە لەو بەیتانەی کە باس لە ماچ و لێو و دەم دەکات.

کەمترین بەیتی شیعری کە (من تەنیا یەک بەیتم دۆزییەوە) باس لە ماچی کوڵم دەکات، هەرچەندە لێرە و لەوێ بە شێوەیەک لە شێوەکان باس لە کوڵم و ڕوومەت دەکا و بە مانگ و خۆر و... تاد دەشوبهێنێ، بەڵام سەبارەت بە ماچکردن من تەنیا ئەو بەیتەم دۆزییەوە کە بە نسبەت دیوانێکی وا فراوان، دەتوانین بڵێین ماچی کوڵم لای نالی ئەسڵەن هیچ گرینگییەکی نەبووە، بەپێچەوانەوە بە پلەیەکی زیاتر باس لە ماچی سێرە دیارینەکراو کراوە، بە

پلەیەکی بەرزتر و بەیتی زیاتر لە ماچی لێو دەدوێ و ئینجا بە پلەیەکی زۆر بەرزتر و زیاتر لە ماچی دەم یا ماچی نێو دەم دەدوێ، کە ئەمەش هەمووی بەڵگەیە بۆ بوونی هەستێکی بەهێزی سێکسی لای نالی و دەربڕینیشی بە جورئەت و بە شێوەیەکی ئێستەتیکی باڵا، ئەوە ئەو بەیتەیە کە لە دیوانی نالیدا داوای ماچی کوڵم دەکات:

بنوێنە برۆ، یەعنی هیلالی سەری ماهت
چون وەعدەیی ماچی سەری کوڵمت سەری مانگە
ل٤٦٥

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد لە هەندێ شوێنی تر لە کوڵم (روومەت) دەدوێ، بەڵام بە مەبەستی ماچکردن نییە، بگرە تەنیا بۆ دەرخستنی جوانییە.. وەک لەو بەیتانە بەدەردەکەوێ:

پەچەیی پەرچەمی یو، پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا
ل١٢٤

عاشقی صونعی حەقم، قوربانی رەنگی قودرەتم:
چاوی ماوی، خاڵی شین، کوڵمی سپی، زوڵفی سیا
ل١٢٩

چەندین بەیتی لەو شێوانە یا وەسفی کوڵم دەکات، یاخۆ بە شتێکی تری دەشوبهێنێ، کە ئەمانەش تێکڕا بە هیچ شێوەیەک بۆن و تامی ئیرۆتیکییەتی لێ نایە، بە قەد ئەوەی هەوڵدانێکە بۆ نیشاندانی جوانییەکانی رووی خۆشەویست.

ب- ئەو ماچانەی کە شوێن تێیدا دیاری نەکراون:

مەبەست لە ماچی سێرە نادیار ئەو ماچانەن کە شوێنی بۆ

ئاراسـتـەکراویان تێـدا ونە، بەو واتایەی کـە هیچ ئەندامـێکی جەسـتـە دیاری نەکراوە بۆ ماچکردن، ئەو جۆرە مـاچە بە ڕێژەیەکی کـەمـتر لە مـاچی لێـو و لە ماچی دەم لە دیوانی نالیدا باسـی لێوە کراوە.

لە هەموو ئەو بەیتانەدا مەرام تەنیا خودی ماچە نەک شـوێنی ماچ لێکردن، ڕەنگە هۆی دیارینەکـردنی شــوێنی بۆ ئـاراسـتـەکـراویش پێـوەست بـێ بە پێکهـاتەی بنیـات و سـتـراکـتـۆری شـیـعـر و نـەبوونی دەرفـەتی لەبار لە ڕووی فـەزای گوزارشـتکردنەوە بۆ ئەو دەسـتنیـشـانکردنە، لێـرەدا هـەوڵ دەدەین بە نموونە ئەو بۆچوونەمان بسەلمێنین:

قیمەتی ماچی دوو صەد کیسەیی ساغە و، نیمە
غـەیری یەک کـیسـەیی صـەد پارە لە گـیرفـاندا
ل٩١

(واتە: پێداویستیی دەستکەوتنی ماچی یار لە کوێ و دەسەڵاتی من لە کوێ؟ ماچێکی یار بە سەد کیسەی ساغ پارە دەست دەکەوێ و منیش لە کیسەیەکی شڕی لە سەد پارچە پەڕۆ دروستکراو بەولاوەم نییە کە خستوومەتە گیرفانم)[٢١].

بەو شـێـوەیە لـەو بەیـتـەدا تەنیـا داوای مـاچ لـە یار دەکـا بەبێ دیاریکردنی ئەندامـێک کـە مـاچی بۆ ئاراسـتـە بکرێ، یا مـاچی لێ بکرێ، بەڵام دەسـتی ناکەوێ چونکە پارەی نییە، ئەگەر لە باس و ناوەڕۆکی بابەتەکەمان دەرنەچین لێـرەدا تووشـی هەڵوەسـتـە و پرسـیـارێک دەبین: بـۆچی نالی ئەو بـەیتـەی بەو شێوەیە داڕشـتووە کە تێیدا ماچی یار بە پارەیە؟ ئاخۆ لەو سـەردەمە شتی وا هەبووە لە کوردستان؟ ئەی ئەگەر لە کوردسـتان نەبووبێ لە کوێ ماچ بە پارە بووە؟ بێگومان نالی لە ئەستەمبۆڵ و شام ژیاوە کە خاوەنی کولتوورێکی دوور و درێژن لەو ڕووەدا.

ئەوەی لەو بەیـتـەدا بەدەردەکـەوێ ئەوەیە کە مـاچی بە پارە لەو سـەردەمـەدا

بوونی هـەبووە، بەو واتایـەی نالی زانیـاریێکی بـاشـی سـەبارەت بـەو سـەودا و مامەڵەیە هەبووە کە لە نێوانی مشتەری و ماچفرۆش (جەستەفرۆش) لە ئارادا بووە.. گومانـی تێدا نییـە کە یـەکێک مـاچێک بە پارە بدا ئەوا بەشـەکانی تری جەستەشی بە پارەیەکی زیاتر دەدا.

پرسـیـاری ئێـمـە ئەوەیە ئاخـۆ نـالی چ زانیـاریی هەبووە سـەبارەت بە (سۆزانیـخانە)؟ ئاخۆ تـەنیا لەبەر پارە بووە کـە نەیتوانیـوە بچێ؟ ئەی ئەگەر ئەو حـاڵەتەی نـەدیبێ بۆچـی بە خـۆی ئەو توهمـەیە بۆ خـۆی دروست دەکـا؟ ئەوەتا بە خۆی دەڵێ: (قیمەتی ماچی دوو صـەد کیسـەیی سـاغـە و، نیـمـە)، رەنگە ئـەگـەر بە دوای کـەشـفـی دەلالاتـی تر و ئـەودیو مـانـای دیاری ئـەو رسـتـەیـەش بگەڕێین کـە نیـیـەتی هـەر هـەمـان مـەعنا بەدەست دێنـین، راسـتـە خوێندنەوەی فیزیکی و ماتماتیکیی شیعر هەموو جارێک راست نابێ، بەڵام ئەوەی لەو بەیتـەدا رۆشن و دیارە هەر ئەوەیە کە داوای مـاچ لە یەکێک دەکات کەچی ئەو داوای پارە دەکات و کـەسی داواکاریش ئـەو پارەیەی نییـە، دواتر باوەڕ ناکـەم دەقنووس هێندە نائاگـا بێ کە کەسـێک مـاچ بە پارە بدا مـانای وابێ مـاچ دەداتە مـاچکار، بگرە رۆشنـە کـە مـاچ لە پێناوی پارە دەدات، بەو شـێـوەیە ئەو مـاچ دەداتە پارە نەک نالـی، ئەوەش مـانـای ئەوە دەگـەیەنـێ کـە کەسێکی جەستەفرۆشە.

ئەو چەند نموونەی خوارەوەش دەکەونە بۆتەی ماچی شوێن دیارینەکراو، بە نموونـە کـە دەڵێ: (لە بـاتیـی خـوێنی خـۆم رازیم بە مـاچێ) لێـرەدا هـیچ ئاماژەیەک بۆ هیچ یەک لە ئەندامانی جەستە نەکراوە، یا (لە بۆ خەڵقی خەڵات بەخـشـینی مـاچە) یا کـە دەڵێ: (تەمـەعی بۆس).. ئـەو بەیتـانەی خـوارەوە نموونەی ئەو جۆرە ماچەن:

لـە بـاتیی خـوێنی خـۆم رازیم بە مـاچێ
دەسـا بیـدە هـەتا زینـدووم و مـاوم
ل ٢٩٤

له بۆ خـــەڵقی خــەلأت بەخــشـــینی مـــاچە
خـــەلأتـی من هەمـــوو خـــۆ جـــوێنە قـــوربان
ل ٣١٦

خـەتـات فـەرمـوو کـە خـۆشـە چین و مـاچین
کـــە ناچین، لێــرە خـــۆشـــە چینی مـــاچین
ل٣٤٥

هەر یارێ کــە مــالأنگەڕ و بێگانـەیە (نالی)
کـەنـدومــە ددانـی تەمــەعی بۆس و کــەناری
ل٦٤٩

ج– لێو:

لێـو: ئـەندامـێکی کـۆئەندامی (دەم)ە، بە جـیـاوازیی چینەکـانی پێـست لە ئەندامانی تری ڕوو (دەموچاو) جیا دەکرێتەوە.

چینـەکـانی پێـسـتی لێـو سێ تا پێنج چین، کـەچی چینەکـانی پێـسـتی ئەندامـانی تری ڕوو دەگاتە شـازدە چین، هـەر ئەوەش هۆیەکە بۆ ئەوەی ڕەنگی لێو لە ڕەنگی ئەندامەکانی تر جیـاتر بێ، ئەو سوورییەی کە لە لێودا هـەیە، هـی ئەوەیە کە خوێن ساناتر لەژێر پێستدا خۆی دەردەخا و دەبینرێ.

لێـــو وەک ئەندامـــێک ڕۆڵی ســـەرەکـیی هەیە لـە دروســتکردنی ئاخـــاوتن، هەروەها زۆرجـار وەک سـیمبـۆلێک خـۆی دەردەخـا بۆ دەربـڕینی هەسـتـەکانی دەروون و ناوەوەی مـرۆڤ، بۆیە لـە شـانۆگەرییـەکان لە ڕێگەی ئەو ئاماژانەوە تێ دەگەین کە شانۆگەرییەکی تراجیدی یا کۆمیدیاییە.

یەکێکی تر لە کارە هەرە گرینگەکانی لێو (ماچ)کردنە، لە ئەدەبیاتدا زیاتر لەو ڕووەوە لە لێـو دواون، کەچی بە پێچەوانـەوە کەم جار دەبینین شـیعـرێک باس لە لێو بکا وەک ئەندامێک کە ئاخاوتن دروست دەکا، هەروەها لە ڕووی

به سیمبۆلکردنی لێو بۆ دەربڕینی حاڵەتی خۆشیی ڕۆح و کەیفسازی ئەوا نموونەی زۆرمان بەرچاو دەکەوێ، بە تایبەتیش کە باس لە خەندە و بزە دەکرێ، ئەو حاڵەتە لە شیعرەکانی نالیشدا زۆر بەرچاو دەکەوێ:

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو
کەوا شەککەر دەباری، گوڵ دەپشکووت
ل ١٥٠

بە هەموو پێوەرێک کات و ئەتمۆسفێری پرۆسەی نووسینی ئەو بەیتە کات و ئەتمۆسفێرێکی لەبار بووە لە ڕووی دەروونییەوە، کە لەو بەیتە دەڕوانین و لێی ورد دەبینەوە، ئەوا هەموو دەلالەتەکان ئەوە دەگەیەنن کە لەو چرکەساتەدا ڕۆحی دەقنووس پڕ بووە لە ئارامیی ڕۆحی و شادحاڵی، هیچ هەڵچوونێک بە هەڵبەز و دابەزی وشەکان و بە ریتم و موزیکی بەیتی تەواو و بە فەزای مەعنا و ڕێکپۆشی لە ڕیزبەندیی وشەکاندا نابینین، یان بەلایەنی کەمەوە هەستی پێ ناکەین.

لەبەر بزە و خەندەی لێوی سووری وەک لەعلی تۆ بوو کە شەکر دەباری، یا شیرینی دەباری و گوڵ دەگەشانەوە و دەپشکووت، لێرەدا لێو کراوەتە سیمبۆلێک بۆ نیشاندانی لایەنی کەیفسازی و شادمانیی ناخ و دەروون و ڕۆح.

بەمجۆرە گەر بە وردی لەو بەیتانە بکۆڵینەوە دەگەینە ئەنجامی چۆنیەتیی حاڵەتی دەروونی نالی لە سەردەمی پرۆسەی نووسینی ئەو بەیتانەی کە تەنیا سیمبۆلێکن بۆ نیشاندانی ناخ:

لەعلی شەککەرباری تۆ تێراوە، شەککەر بارییە
لێوی میحنەت باری من بێ ئاوە، باری گرتووە
ل ٥٤١

لێوی یار شیرین و تێرئاو و تەڕە و لێوی دەقنووسیش بە پێچەوانەوە وشک هەڵاتووە و خەمبار و ناکامە، لێوی یار ئاماژەیە بۆ نیشاندانی جەستە و رۆحی یار کە بەختەوەر و خۆشحاڵە و هی دەقنووسیش بە پێچەوانەوە، مەبەستمان لە نیشاندانی ئەو بەیتانە ئەوەیە کە لێو لای نالی لەو بەیتانە زیاتر پێوەندیی بە سیمبۆل و ئاماژە هەیە بۆ گوزارشتکردن لە ناخی خۆی و کەسی بەرانبەر.

لە لایەکی ترەوە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەدەبیاتدا، لێو بە زۆری وەک ئامێرێکی پڕ لە رۆح بۆ ماچکردن و هەنگاوهەڵێنانێک بەرەو ئیرۆتیک و سێکس کاری لەگەڵ کراوە.

زۆربەی زۆری بەیتەکانی نالی کە باس لە لێو دەکەن، هەنگاونانێکە بەرەو ئیرۆتیک و سێکس، یاخۆ گوزارشتکردنێکە لە ئیرۆتیک و سێکس.. لێرەدا هەوڵمان داوە ئەو بەیتانە دەربێنین کە لە لێو دەدوێن:

(نالی) لەبی (حەبیبە) هەم تیب و هەم تەبیبە
خولاسەیی لەبیبە، فەرمانبەری لەبی بە
ل٣٩٨

(واتە: نالی لێوی حەبیبە هەم بۆنی خۆشە و شایانی بۆن پێوەکردنە وەک گوڵ و، هەم دەرمانیشە شایەنی ئەوەیە بمژرێ و بخورێ وەکو دەرمان.. تاد)[٢٢].

ئەگەر ئەو شیعرە بە تەواویش بنووسینەوە و هەر لە بەیتی یەکەمەوە تا بەیتی کۆتایی ئەوا ئاشکرایە کە بۆ مێ نووسراوە، ئەوەی کە باسی لێ دەکرێ و موخاتەبەی دەکرێ (حەبیبە)یە، بەیتی یەکەم بەو شێوەیە دەست پێ دەکات:

دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە)!
وەبزانە خوێنی خۆمە، یا مینەتی رەقیبە
ل ٣٩٤

جگە لەو خوێندنەوەیەی کە نالی دەیەوێ لێوی یار بمژێ و لەبەر ئەو چێژ و خۆشی و لەزەتەی کە لە لێوی مێیەک دەیبا دواتر ببێتە فەرمانبەری و هەرچی ئەو داوایەتی بۆی جێبەجێ بکا ئەوا هیچ دەلالاتێکی تری شاراوە و نادیار هەڵناگرێ.

کەوابێ نالی لێرەدا لێوی بۆ مەبەستی ئیرۆتیک و هەنگاوهەڵهێنانێک بەرەو سێکس بەکار هێناوە کە ئەوەشیان ئامانجی ئێمەیە بیسەلمێنین.

لێـــوی تۆ ئاوی بەقـــا، مـن خـــدرم
فەیزی تۆ رەحمەت و، من سەوزە گیا
ل ١٢٥

(واتە: یارە نازدارەکەم لێوی تۆ کانیی ئاوی حەیاتە، منیش خدری زیندەم، هاتوومەتە سەری لێم خواردووەتەوە و هەرگیز نامرم. میهرەبانیی تۆ لەگەڵ من بارانی رەحمەتە و منیش سەوزە گیای رواوی ئەو بارانی رەحمەتەم... تاد)[٢٣].

خواردنەوە لە ئاوی لێو یەعنی مژینی لێو، مژینی لێو واتا سەرەتای دەستپێکردن و دەرگەیەک بۆ چوونە نێو سێکس، بەو جۆرە کە لە لێوی یاری هەڵمژیوە ئیدی نامرێ، چونکە چێژبردن لە ئاوی لێو و مژینی لێو هێندە شادمان و بەختەوەری کردووە ئیدی بڕوا بەوە دێنێ کە نەمرێ و بەهۆی مژینی لێو و بردنی ئەو چێژ و لەزەتە گەیشتووەتە خلود و نەمری..

ئەگەر بەوردی لەسەر ئەو بەیتانە هەڵوەستە بکەین کە لەسەر لێو نووسراون ئەوا بۆمان رۆشنتر دەبێ کە نالی بەشێکی گرینگ و شوێنێکی دیار و بەرچاوی نێو دیوانەکەی خۆی، کە ئەوەش مانای ئەوەیە بەشێک یا زەمەنێکی ژیانی بەڵام لە قۆناغی جیاجیادا بۆ ئیرۆتیک و سێکس تەرخان کردووە، ئەوەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونانە دەسەلمێنێ کە نالی تەنیا بە کەسێکی ئاینپەرست دادەنێ و هەموو ئەو بەیتانەیش کە باس لە لێو و دەم و ماچ و مەمک و شەراب و مەیخانە و ئەندامی سێکسی و.. تاد دەکەن یا بە بەشێک لە

تەسەوف دادەنێن و یاخۆ هەوڵ دەدەن بڵێن: گومان هەیە کە ئەو شیعرە هی نالی بێت.

نالی لە بەیتێکی تردا دەڵێ:

هەر لەبت یا سینەشت هەردوو بەدەرخە، دا بڵێن:
لەعلی روممانیی هەیە، یا لەعل و روممانی هەیە
ل٥٧٥

(واتە: یا هەر لێوی سوورت، یا لێو و سینەت پێکەوە دەرخە تا خەڵک تەماشایان بکەن، بۆ ئەوەی بڵێن هەر لەعلی سووری رەنگ وەک هەنارت هەیە کە لێوتە، یا بڵێن لەعلیش و هەناریشت هەیە کە لێوی سوور و مەمکی خڕتن)[٢٤].

هەموو ئەو بەیتانەی کە دەرمان هێناون تام و بۆنی ئیرۆتیکیان لێ دێ، لێدوان لە لێو لەلایەن نالییەوە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە لێو وەکو ئەندامێکی زەوینە خۆشکەر بۆ چوونە نێو سێکس تەماشای کراوە، یاخۆ لێو خۆی ئەندامێکی لەزەتگەیێنە لە رووی سێکسییەوە، لێرەدا ئەو بەیتانە نیشان دەدەین کە لە لێو و ماچی لێو دەدوێن:

سەهم و نەصیبی ئەصلییە، بەحسی گیاه و گڵ نییە
تووتنە خەرجی سووتنە، مودنە ماچی لەب دەکا
ل٩٩

تاڵیبی لێوین و ئەڵقەی زوڵفمان نیشان دەدا
راڕەوی میصرین و ئەو روومان لە موڵکی چین دەکا
ل ١١١

شیرەیی جانە وتم یا مەیە؟ چابوو فەرمووی
عەکسی لەبی مەرجانە لە فنجانمدا
ل٩٢

سۆفیی مەستووری رووت و موفلیسی خستە تەمەع
سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها
ل ١٣١
هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو
حەددی چییە (نالی) کە بڵێ ماچە کەفارەت
ل ١٤٧

لەبت میم و، قەدت ئەلف و، زوڵفت چیم
دەزانی بەم سییانە تاڵیبی چیم!
ل٣١٢
وەفای عەهدە لە من رۆح و لە تۆ ماچ
چییە چارەی ئەمانەت غەیری تەسلیم
ل٣١٢
شەرابی لەعلی رووممانی لە (نالی)
حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان
ل٣٢٢

تا نەشئە نەچێژن لە لەبی کەوسەری ساقی
بێچارە چوزانن کە هەموو مەستی زەقوومن
ل ٣٣١
ئاهویی حەرەم قیبلەیی ئەبرۆن کە بە دیدە
ئەم شەهد لەبانە کە هەموو شاهیدی چینن
ل ٣٣٨

دندان گەوهەر و، لەب شەکەر و، پەنجە بلوورن
نازک بەدەن و، مو کەمەرو، سیم سرینن
ل ٣٣٩

به نەهری کەوسەر و شیر و عەسەل چەند تینووە صۆفی
لەبی (نالی) دوچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە
ل ٤٥٧

ئەو شەربەتە، ئەو جامە شەراوە لەبی ناوە
بۆ (نالی)یە ئاخر کە خودا بۆ ئەوی داوە
ل٥٣٢

ڕەنگ و ئەسەری شۆڕشی لەعلی نمەکینە
ئەم ئەشکە کە بەم سوورییو سوێرییە دەڕێژم
ل٢٧٨

د- ماچی دەم یا مژینی دەم:

ماچی دەم: ئاوێتە و تێکەڵبوون و هەڵمژینی کۆئەندامەکانی دوو دەون.

ماچی دەم جیاوازە لە ماچی لێو، ماچی لێو ئەگەر هەر بە تەنیا ماچێک بێ بەبێ مژین ئەوا ڕێژە و ڕادەی ئیرۆتیکییەت تێیدا کەمترە لە مژین، بەڵام ماچی دەم هەموو کاتێک بە مانای لێخشاندنی زمان و لێو بە کۆئەندامانی تری دەمی بەرانبەر (زمان، لێو، ددان، بن زمان.. تاد) دێت.

ئەو چەمک و تێڕوانینە بۆ ماچی لێو و ماچی دەم بە ئاشکرا لای نالی دیارە، بۆ نموونە کە دەڵێ:

دەم دەم کە دەکا زاری پڕ ئازاری بە غونچە
بۆ دەعوەتی ماچی لەبە گۆیا دەمی نادا
ل٨٤

لێرەدا مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، سێ خوێندنەوە و تەفسیریان بۆ ئەو بەیتە هەیە کە ئەتمۆسفێری هەرسێ

خـوێندنەوەش زۆر لێک نزیکن، ئێـمـە لێـرەدا تەفـسـیـری ئـەوان وەکـو خـۆی دەنووسینەوە: (واتە: کە یار جاروبار دەمی ئازاردەری خۆی دەکا بە خـونچەی نەپشکوتوو و قوتی ئەکـاتەوە، بەم کـردارەی وەڵامی دڵدارەکـانی دەداتـەوە کـە داوای مـاچی لێ دەکـەن و ئـەم بە خـونچـەکـردنەی دەمی مـەعنـای ئەوەیە کـە ماچی دەمی نادا و گوایا دەڵێ وەرن ماچی لێوم بکەن.

یاخـۆ مـەعنای ئەوەیە دەمی بۆ مـاچکردنی لێـوی بانگەوازی دەکـا، بەم پێـیـە وشـەی (نادا) عەرەبییە و لە بناخەدا (نادی)یە.

ئەم مـەعنـایەش دەگونجێ: یار جارجـار بە خـونچـەی لێـوی دەست دەکا بە گریان و دڵی دڵدارانی بریندار دەکا، بەو گریانەی بانگیان دەکا بێن لێوی ماچ کەن، بۆیە دەمی گۆیای ناخاتە کار و بە وتن بانگیان ناکا)[٢٥].

من لەگەڵ تەفسیری سێیـەمیان نیم، هـی دووەمـیش دەشێ، بەڵام تەفسـیری یەکەم نزیکترە.

ئێمە لێرەدا دووبارە تەفسیرێک بە تێگەیشتنی خـۆمـان بە سوود وەرگرتن لەو تەفسیرانە بۆ ئەو بەیتە دەکەین، لە ئەنجامدا بەیتەکە بەو شێوەی لێ دێ:

دەم دەم واتە: جار جار.. زار: دەم.. گۆیا: گوایە.

نووسینەوەی بەیتەکە و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی بەیتەکە بەو شێوەیە دەبێ:

جـارجارە دەوی پڕ لە ئازاری دەکا بە غونچـە

بۆ دەعوەتکردنی ماچـی لێوە گوایە دەوی نادا

بەو شـێـوەیە بـێ، واتە، جـارجـارە دەوی پڕ لە ئازاری خـۆی دەکـاتە غـونچـە، یاخۆ دای دەخـا و تەنیا کـەمێکی لێی دەکاتەوە، بۆ ئەوەیە کە یەکێک دەعوەتی مـاچی لێو بکات نەک دەو، کەواتـە بچـووککردنەوە و نیـمـچـە داخـسـتنی دەو یەعنی من ماچی دەو نادەم.

کەوابێ نالی زۆر بەوردی لە شـیـعردا حیـسـابی بۆ ئەو جیاوازییـە هـەیە کە لەنێوانی لێو و دەم هەیە لە رووی ئیرۆتیک و سێکسـەوە، چونکە هـەر واشـە ئەو جیـاوازییـەی کـە لە نێـوانی لێـو و دەمـدا هـەیە جیـاوازێکـی بەرچاو و دیارە،

ئەگەر لێو ماچکردن چوونە بەردەرگەی سێکس و مژینی لێو لە دەرگە دان بێ، ئەوا دەم لەنێو دەم هەردەم مژینە و ناکەوێتە خانەی ماچکردن و لەلایەکی تریشەوە هەنگاونانە بۆ چوونە ناو فەزای سێکس.

نالی لەو بەیتانەدا رێک وێنە و مەفاهیم و دەلالەتی سێکس و ئەتمۆسفێری چوونە نێو سێکسمان نیشان دەدات، لەو بەیتەدا زۆر بە رۆشنی و بە ئاشکرا گوزارشت لە کەوتنە ناو حاڵەتێک دەکا کە بە تەواوی سەرەتای دروستبوونی سێکسە:

ئاوی کەوسەر نۆشی سۆفی بێ کە من

ئاوی ئینسان، یەعنی ئاوی دەم دەخۆم

ل ٢٩٧

خواردنەوەی ئاوی دەمی ئینسان، واتە: خواردنەوەی لیک و تفی نێو دەم و هەڵمژینی، لێرەدا وێنەیەکمان هەیە، ئەو وێنەیە بە هەموو وێنەکێشێک وێنە ناکێشرێ و بە هەموو شاعیرێکیش ئەو شیعرە نانووسرێ ئەگەر لەنێو ئازمایش و ئەزموون‌دا نەتوابێتەوە، چونکە سێکس ئەزموونە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک قۆناغە.

سێکسی سەرەتایی پرۆسەیەکە نزیک لە پرۆسەی سێکس لای ئاژەڵ، بەڵام ئەزموونی زۆر و دووبارەبوونەوەی زۆر لە سێکس لەلایەن دوو کەسەوە یا بڕینی قۆناغەکانی سێکس ئەزموون و رۆشنبیری و بێ باوەڕی و نائیلتیزامیی دەوێ بە هەموو باوەڕ و عەقیدەیەک.

مژینی لیک و تفی نێو دەم و بە گرینگتر و لەزەتگەیێنتر زانینی لە ئاوی کەوسەر، ئەوا بڕینی سنوورێکی باش و تێکشکاندنی هەندێ لە ترسە لە گوزارشتکردن و تێکشکاندنی پیرۆزییەکانیشە لەلایەکی ترەوە.

سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و، ئەمێستاش

قوربان، سەری تۆ خۆش، کە نەماوە سەری خۆشم

ل٢٨٢

هەمدیس نالی لێرەدا ئاوی نێو دەم بە شەراب دەشوبهێنێ و بە هۆیەوە سەرخۆش و مەست دەبێ، کە ئەوەشیان راگەیاندن و گوزارشتکردنێکی ئاشکرایە بۆ ئەو لەزەتە بێ سنوور و ئەو چێژە ئیرۆتیکییەی کە نالی لە ئاوی دەودا بینیویەتی.. رۆژێک لە رۆژان کە لیک (شەراب)ی دەوی یاری دەخواردەوە مەست و سەرخۆش بوو بەهۆی ئەو لیکەی کە وەکو شەراب وابوو، بەڵام ئێستا کە ئەو شەرابەی لێ براوە، سەری تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشی.

بۆ ماچی دەمی رەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بەقا خۆی لە دەمی تێغی فەنادا
ل٨٦

(واتە: ناز و غەمزەی کەوانی ئەبرۆی ئەوەندە دڵ راکێشەرە لەوانەیە ئەوەی بە تەمابێ بگاتە کانیی ئاوی حەیات کە (دەمی یارە) تا لێی بخواتەوە و نەمرێ، گوێ نەداتە ئامانجەکەی خۆی کە نەمردنە و بۆ گەیشتن بەو کانییە خۆی بداتە بەر تیغی برۆی یار و لە پێناوی ژیاندا بمرێ، چەند جوانە نازی یار ئەوەندە کاریگەر بێ دڵدار رابکێشێ و وای لێ بکا لە پێناوی ژیانی هەمیشەییدا گوێ بە مردن نەدا)[٢٦].

بەو لێکدانەوەیە بێ، نالی چێژی ژیان بە نەمری دوای مەرگ و بەهەشتێکی چاوەڕوانکراودا ناگۆڕێتەوە، لێرە لەسەر ئەو زەوینەی ئێمەشدا بەهەشت هەیە، بۆ ماچێکی دەم یەکێک ئەگەر بشمرێ ئاساییە، چونکە لەزەتێکی بەرجەستە و هەبوو لە نەمری و لەزەتێکی چاوەڕوانکراوی پڕ لە دڕدۆنگی باشترە و پێویستە مرۆڤ لەو سەرزەوینەدا لە پێناوی ژیاندا ئامادە بێ بمرێ.

ماچی دەمەکەی دامێ کە دامێ سەر وماڵم
بنوارە چ صەییادە، چ جەللادە بە حاڵم
ل ٢٨٦

گرینگیی و چێژبردنی ماچی دەم لای نالی گەیشتووەتە ئاستێک کە

بەخشینی ڕۆحی خۆی لەو ڕێیەدا بە شتێکی ئاسایی بزانێ وەک لە بەیتی پێشوودا ئاماژەمان پێ کرد، لێرەدا بۆ وەرگرتنی ماچێکی دەم، سەروماڵی خۆی داوە، کەچی موخاتەبەکراو جەللاد و سەییاد دەرچووە و وەفای بۆ ئەوە نەبووە کە ئیستیغلالی خاڵی لاوازیی نالیی کردووە، مەبەست لە سەروماڵ بەتەنیا لایەنی مادی ناگرێتەوە، بگرە جەستە و ڕۆح و ژیان و سامانیش هەموو بەیەکەوە دەگرێتەوە.

کە تۆی قیبلە، دەمت سا بێنە قوربان
لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان
ل٣١٥

لەو بەیتەشدا جارێکی تر جەخت لەسەر ماچی دەم دەکات نەک کوڵم و لێو، ئەوەی کە زۆر ئاشکرا و دیاربێ لەو بەیتەدا دانانی دەمە بە مەبەست، ئەگەرنا ڕەنگە بتوانرابووا لە جیاتیی دەم، لێو بەکار بهێنێ، چونکە (لێو) هاوبڕگەی دەمە بە دانانی لێو هیچ لە کێش و قافیەی بەیتەکە ناگۆڕدرێ، کەچی دانانی دەم لە شوێنی (لێو) هەڵگری چەمکێکی ئیرۆتیکییە زیاتر هەر بۆیەش بە کاری هێناوە.

(نالی) ئەو غونچە دەمە بێ زارە
مەکە ماچی دەمی، ئەرجو، بە عەبەس
ل ١٥٦

لەو بەیتەشدا بە هەمان شێوە نالی تەنیا ماچی نێو دەمی داوایە خۆ ئەگەر یاریش دەوی داخستبێ و داواکەی بڕوا بە عەبەس ئەوا ماچی لێو هیچ گرینگییەکی نییە، بگرە نالی تەنیا مژینی ئەندامانی نێو دەم و خواردنەوەی ئاوی دەمی داوایە..

بەو شێوەیە دەم و ماچکردنی دەم و خواردنەوەی ئاوی دەم و... تاد لەلای نالی گرینگییەکی زۆری پێ دراوە و زۆر بە جورئەتەشەوە گوزارشتی لێ کراوە، ڕەنگە ڕاست نەبێ کە پێچوپەنای بە مەبەست و لەسەر بنەمای

باوەڕێکی دیاریکراودا بۆ ئەو هەمــوو مــەعنا دیار و ئاشکرایانەی کــە بە شێوەیەکی زۆر هەندەسی و باڵادەستانە داڕێژراون؛ دابنێین..

دەکرێ شیعر بەتەواوی بە ماتماتیک و هەندەسە نەزانین، بەڵام ناکرێ نکووڵی لەو پێوەندییە بەتین و بەهێزە بکەین کە لە نێوانی شیعر لەلایەک و ماتماتیک و هەندەسەش لە لایەکی ترەوە هەیە، بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە هەوڵ دەدەین لێرەدا بە کورتی لە پێوەندیی نێوان شیعر و هەندەسە بدوێــــین، سەرەتا دەکرێ لێرەدا بپرسین: بۆچی پێوەستکردن و دەستنیشانکردنی ئەو لێکچــوونەی شــیــعــر لەگــەڵ هەندەســەی بیناســازی؟ لەگــەڵ ئەوەشــدا زانستگەلێکی زۆر نزیکتر هەن هێندە ئاوێتە و تێکەڵن بە شیعر کە هەندێ جار ناتوانین لێکیان جیا بکەینەوە، بە نموونە: زانستی زمان، دەروونناسی، فەلسەفە و مۆسیقا و... تاد.

لێکچوونی فۆرمی ستراکتوری زانستی هەندەسەی بیناسازی و شیعر مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەگەر بە تەنیا هەڵوەستەیەک لەسەر شیعری کلاسیکیی عەرەبی بکەین ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامە.

هەموو ئەو کەرەستانەی کە لە تێکستی شیعریدا بەکار هاتوون وەک زاراوە لە رەشماڵ وەرگیراون، بە هەموو ئەو کەرەستانە (بیت)ی شیعری پێک دێنن.. وا گوتراوە کە عەرووز بە مانای رێگە بەرەو دەریا یا چیا دێ.

کەوابێ فۆرمی شیعری کلاسیکی عەرەبی لەسەر بنەمای بیری ئەندازیارانە دانراوە، چونکە دروســــتکردنی (بیت) و رێگەش بەرهەمی بیـــر و کـــاری هەندەسەیە.

کەرەستەی سەرەکیی خوڵقاندنی شیعر زمانە، کەرەستەکانی دروستکردنی زمانیش بریتییە لە فۆنیم و مۆرفیم و وشە و رستە و..... تاد.

کەوابێ بۆ دروستکردنی کارێکی ئەندازیاری پێویستیمان بە کەرەستە دەبێ، هەروەک چۆن بۆ دروستکردنی شیعرێکیش ئاوا پێویستیمان بە کەرەستە دەبێ.

گرینگترین کارێک لەو باسەماندا ئەوەیە تیشک بخەینە سەر ئەو لێکچوونەی کە لە پرۆسەی خوڵقاندن لە نێوانی شیعر و هەندەسەدا هەیە، وە هەروەها ئەو روانینە هەندەسییە بۆ دروستکردن و داڕشتنی ستراکتوری جەستەی تێکستی شیعری.

بێ تێڕوانینی دووربین و بێ پلانیی ئەندازیارانە لە دروستکردنی بینایەی تێکستی شیعری، خۆی لە خۆیدا واتای بێ برپڕەییی ئەو هەیکەلە دەگەیەنێ، بە پێچەوانەشەوە تێڕوانین و زانیاری و زانینی ئەندازیارانە بۆ دروستکردنی بنیات و پێکهێنانی ئاپرتمانی شیعرێک ئەنجامێکی ئێستەتیکی و زیبای لێ دەکەوێتەوە.

ئەگەر تەماشایەکی ژینگە و شوێنژیانی مرۆڤایەتی بکەین ئەوا دەبینین هەمووی بە ساختمان و رێگەوبان و پارک و تاوەر و.... تاد داپۆشراوە، ئافەریدەکار یا ئافەریدەکارانی بەشێکی زۆری ئەو ساختمان و رێگەوبان و پارکانە، کەسانی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵن و بەشێکی تریشی کەسانی ناپرۆفیشناڵی ئەزموونداررن.

ئەکادیمی پرۆفیشناڵ دروستی کردبن یان تەنیا ئەزموونداریان لە مێژوودا کەسانێک تەنیا لە پێناوی خۆگونجاندن لەگەڵ سروشتدا درووستی کردبن، ئەوا هیچ لە باسەکەی ئێمە کەم ناکاتەوە، ئەوەی کە لای ئێمە جێگەی لێدوانە ئەو وجوودە مەتریالییانە بە چ شێوازێک دروست کراون و لە ئاکامدا چ چێژ و جوانی و باشییێک دەدەنە بوونەوەر..؟

ئەگەر خۆگونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا لە چاخی خوڵقاندنی ئەشکەوتەکانەوە بە دەستپێک دابنێین، ئەوا لەوێوە کارامەیی و لێزانیی مرۆڤەکان لەگەڵ ناکارامەیی و نالێزانیی بەشێکی تر لە مرۆڤەکان بەدەردەکەوێ، بە نموونە: لە هەندێ لە ئەشکەوتەکاندا ژوور و ئاگردان و شوێنی خەوتنی لێیە، لەوێوە هونەرمەندی و زاناییی ئافەریدەکار درک پێ دەکەین.

ئەندازەی بیناسازی کە لێرەدا لە بەرانبەر (هەندەسەی میعماری)ی عەرەبیی (ئارشێتیکتۆر)ی ئەڵمانیایی دادەنێین، برێتییە لە هێڵکاریی کارێکی هۆشمەندانە بۆ دروستکردنی مونشەئات، یا ڕێگەی دروستکردنی کاری ئەندازیارییە.

دەشێ دارشتنی ئەو هێڵکارییە و ئەو ڕێگەیەی کە بە هۆیەوە کارێکی ئەندازیارانەی لێ بەرهەم دەهێندرێ هونەرمەندانە بێت و دەشکرێ کارێکی ناهونەرمەندانە بێ.

وەک ئاشکرایە کە ئەشکەوت هەیە شوێن پەنجەی هونەرمەندانەی مرۆڤی پێوە دیارە و بە پێچەوانەشەوە.

دوای ئەو سەردەمە وردە وردە ئەو زانستە هونەرییە پەرەی سەند تا کار بەوە گەیشت ئەهرامەکانی میسر و باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و... تاد دروست بکرێ، کە لەوێدا ئەو زانستە هونەرییە دەگاتە ئاستێکی باڵا.

دوا بەدوای ئەوەش لە چاخێک بۆ چاخێکی تر و لە زەمەنێک بۆ زەمەنێکی تر ئەو زانستە هونەرییە گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێ، ڕێک شیعریش بەو هەموو قۆناغەدا تێپەڕیوە.. دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە ئەندازیاری داهێنەر پشت بە سێ کۆڵەکە و هێز دەبەستێ بۆ دروستکردنی تەلار، یا پارک، یا ڕێگەوبان و تاوەر کە ئەوانیش بەهرە و عیشق و مەعریفەن، وەک چۆن کە لە شیعرەکانی نالیدا دەردەکەوێ کە هەر سێ جەمسەر بوون و وجوودێکی یەکجار بەهێزیان هەیە، بۆیە ئەو خوێندنەوەی ئێمە بۆ تێکستەکانی نالی ئەگەر هەندێ جار لەسەر بنەمای هەڵسوکەوتێکی لۆجیکی و عەقڵانی بێ بەمانای ئەوە نییە کە ئێمە لەنێو زانستێکی مرۆڤایەتیدا کار دەکەین و زانستی مرۆڤایەتیش بۆ هەمیشەیی موعامەلەی لۆجیکی سەد دەر سەدی لەگەڵ ناکرێ، بەڵام دەکرێ و زۆریش ئاساییە کە ئێمە بە چاوی عەقڵ تەماشای بەیتەکانی نالی بکەین و خوێندنەوەی لۆجیکی بۆ مەعنای بەیتەکان بکەین و خۆمان لە راستیی گوزارشتکردنەکان نەدزینەوە، لە هەموو ئەو بەیتانەی کە دەستنیشانمان کردوون سەبارەت بە ماچ یا مژینی دەو دەتوانین

ئەوە بسەلمێنین کە نالی وەک هەر مرۆڤێکی تر مومارەسەی مژینی دەم و خواردنەوەی ئاوی دەوی کردووە بەڵام جیاوازییەکەی ئەو لەگەڵ مرۆڤەکانی تر لێرەدایە کە زۆر جوانتر و باڵادەستتر ئەو وێنە و ئیحساس و سۆزانەی خۆی کردووەتە شیعر..

هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی ئەو دوو بەیتەی خوارەوە کە باس لە ماچی دەم دەکەن بچینە ناو جۆرە ماچێکی تر کە بەلای هەندێ کەسەوە ماچی تەسەوفن مەعناکانیان ئەوەندە پڕ لە هەڵوەستەن کە تەنیا عاریفان و موغەکان دەتوانن تێی بگەن.

تا لە من ئەو زوڵفە ڕێی بۆسە و کەناری گرتووە
ناو دەمم بێ شوبهە تامی زەهری ماری گرتووە
ل٥٣٨

بێ نییەتی تەقبیلی دەمت عاتیلە ڕۆژووم
بێ حەزرەتی میحرابی برۆت باتیلە نوێژم
ل ٢٧٩

هـ- ماچ و تەسەوف:

تەسەوف زانستێکی فراوانە و قسەکردن لەبارەیەوە پرۆفیشناڵی پێویستە، لەو باسەماندا بە کاری خۆمانی نازانین کە لە بارەیەوە بدوێین، بەڵام بە کورتی هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەکی کورت سەبارەت بە تەسەوف بخەینە روو:

ئیمام عەبدوڕەحمان بن عەبدوڵڵا بلفقیە دەڵێ: "زانستی تەسەوف لە بنەڕەتدا پەیڕەو لە قورئان و و سوننەتی پێغەمبەر دەکا"[٢٧].

لە کتێبی (المدخل الى التصوف المهدلي ص ٧٠) ئەلشبلی دەڵێ: "تەسەوف دانیشتنە لەگەڵ خوا بە بێ غەمی"[٢٨].

شێخی ئیسلام زەکەریا ئەلئەنساری دەڵێ: "تەسەوف زانستێکە بەهۆیەوە دۆخەکانی تەزکیەی دەروون و پاڵاوتنی رەوشت و زاهیر و باتن دەزانرێ بۆ

مەبەستی بەختەوەرییەکی تاهەتایی" پەراوێزی نامەی (القشریة)[٢٩].

شێخ ئەحمەد بن زروق دەڵێ: "قەسدی زانستی تەسەوف چاکسازیی دەروونە و تەرخانکردنیەتی بۆ خوا، بەڵام زانستی فیقھ چاکسازیی کردار و پاراستنی سیستەم و دەرخستنی حوکمە بە ئەحکام"[٣٠].

ئیمام جونەید بەغدادی دەڵێ: "تەسەوف بەکارهێنانی هەموو بوویێکی بەرزەفڕ و وازهێنانە لە هەموو بوویێکی نابەرزەفڕ". هەروەها ئەبوئەلحەسەن ئەلشازلی دەڵێ: "تەسەوف راهێنانی نەفسە لەسەر بەندایەتی و چوونە نێو ئەحکامی خواوەندییەتی"[٣١].

ئەو چەند پێناسەیە تیشکێکمان بۆ دەخاتە سەر ئەو زانستە و دەتوانین ئەگەر زۆر بە کورتیش بی بڵێین: زانستی تەسەوف بە شێوەیەکی گشتی گەڕانەوەیە بۆ لای خوا و توانەوەیە لەنێو جوانی و گەورەییی ئەودا، هەروەها پاککردنەوەی دەروونە لە هەموو پیسییێک و سەردانەواندنێکی هەمیشەییە بۆ خوا و عیشقێکی پاک و بێوێنەیە بەرانبەر خوا و پێڕەوکردنی دەستوورەکانی خوایە.

تەسەوف گەیشتنە بە حاڵەتی مەستی، مەستییێک کە متەسەوف لە هەموو مەتریالێکی دەوروبەر دادەبڕێنێ و دەیگەیەنێتە پێوەندیێکی رەها و دایرێکت بە رۆحی گەردوون وەک ئەلشبلی دەڵێ: "دانیشتنە لەگەڵ خوا بەبێ غەمی".

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من گومان دەکەم کە ئەو بەیتانەی نالی بەو شێوەیە بن، دانیشتن لەگەڵ خوا و بینینی خوا و پێکەنین و گریان لەگەڵ خوا و توانەوەی رۆح لەنێو رۆحی خوا جیاوازە لەو هەڵسوکەوتە مەتریالییەی کە نالی لەنێو شیعردا کردوویەتی و (بە حیسابی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر شیعرەکانی نالی کراون) بە تەسەوفی دادەنێن.

فەییازی ریازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی
ئەی شەوقی روخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا
ل ٧٦

(واته: ئەی ئەو کەسەی کە پیت و بەرەکەت و بایەخ بەسەر باخچەی گوڵ و بەسەر رۆژ و مل و گەردن و لێوی وەک لەعلدا دەرژێنێ.. ئەی ئەو کەسەی کە رووناکیی روو و تامی لێوت مایەی تامکردن و چەشتن و لەزەت وەرگرتنە)[٣٢].

دەستپێکی ئەو شیعرە بەو بەیتە دەست پێ دەکات:

ئەی جیلوەدەری حوسن و جلەوکێشی تەماشا

سەررشتەی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا

ل٧٥

لە سەرلەبەری فەزای تەفسیری دیوانی نالی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم بۆ ئەو شیعرە ئەوەیە کە نالی موخاتەبەی خوا دەکا و وشەکانی بۆ خوایە، هەر لە پێداهەڵگوتن و موناجات و باسکردن لە جوانییەکانی خوا.. تاد.

لە بەیتی:

فەییازی ریازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی

ئەی شەوقی روخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا

ل ٧٦

وەک لەسەرەوەدا تەفسیرەکەیمان نووسیوە، نالی داوای مژینی لێوی خوا دەکا و باس لە رووناکیی روومەتی خوا دەکات، بەو تەفسیرە بێ، ئێمە لە بەرانبەر بەیتێکداین کە موبالەغەیەکی نائێستەتیکیی تێدایە، چونکە هەرگیز ئەگەر بۆ مەبەستێکی سۆفییانەیش بێ ئەوا ئێستەتیک لە مژینی لێوی خوا نادۆزرێتەوە، بە مەرجێک کە ئەو خوایە خوای ئاین و ئیسلام بێت، چونکە مژینی لێوی خوا هێندەی فەزایەکی سێکسیی هەیە ئەوەندە لە رۆحانییەت و پاکییەتیی رۆحێک نزیک نییە کە بەبێ هیچ نیازێکی مادی خواوەندی خۆش دەوێ.

بە خوێندنەوەیەکی تر ئەگەر نالی کەسێکی بە خوا شوبهاندبێ و داوای مژینی لێوی لێ بکات ئەوا هێشتا گونجاوترە، چونکە ئەو حاڵەتە لەنێو

ئەدەبیات بە گشتی و لەنێو شیعریش بە تایبەتی بوونی هەیە، بەڵام ئەوەشیان خوێندنەوەیەکی دروست نییە، چونکە لە بەیتەکانی تری ئەو شیعرە هەندێ ئاماژە هەن کە بۆنی خوای ئاین و ئیسلامییان لێ دێ:

لا حــول و لا طول و لا قــوة الا
بالله، لە القدرة، والکائن ما شا
ل٧٨

(واتە: کەس دەسەڵاتی کردنی هیچی نییە، لە ڕێگەی خواوە نەبێ. دەسەڵات هەمووی هەر هی ئەوە و (بوو) ئەو شتەیە کە خوا مەیلی لەسەر بوونی بێ، یاخۆ (بوو) خاوەنی ویستن و ئارەزوو نییە، بەپێی ئەم مەعنایە (ما)کە ئەبێ بە حەرفی نەفی)[٣٣].

لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان شیعر بەیتێکیتر هەیە کە ئەویش وەک ئەو بەیتە:

فـەییـازی ریازی گـوڵ و مــیـهـر و مل و لەعلی
ئەی شـەوقی روخ و زەوقی لەبت زائیـقە بەخشـا
ل ٧٦

جێگەی هەڵوەستە و ڕامانە و دەبێ وردتر لەسەری هەڵوەستە بکرێ تا بگەینە خوێندنەوەیەکی نزیک لە ڕاستی و تێگەیشتنێکی زانستییانە و بە دیقەت:

جـان بەر لەبی بۆسـەی لەبتە عاشـقی زارت
(فـالبـائس یسـتـوهـب من فـیک مـعـاشـا)
ل٧٧

(واتە: عاشقی بێ گیانت، یا عاشقی دەمت، گیانی گەیشتووەتە سەر لێوی و خەریکە دەردەچێ بۆ ماچی لێوت و ئەم داوای ماچکەرە داوای مووچە و بەرات لە دەمت دەکا یا داوای گوزەران و ژیانت لێ دەکا.

دیارە نیسبەت دانی لێو و دەم و ماچ و مەعشوقییەتی لە خوا شتێکی

مەجازییە و هەقیقەت نییە و ئەمەش لای شاعیرە پێشووەکان باو بووە)[٣٤].

وەک دیارە مامۆستایانیش لە تەفسیرکردنی ئەو بەیتەدا تووشی هەڵوەستەکردن هاتوون، بۆیە تەبریری ئەوەیان هێناوە کە ماچکردنی لێوی خوا شتێکی مەجازییە، بەبۆچوونی من ئەو شیعرە بە کاملی خوێندنەوە یان چەند خوێندنەوەیەکی تری گەرەکە، خۆ ئەگەر ئەو حاڵەتە مەجازییەی کە مامۆستایان باسی لێوە دەکەن لە پێشووتریشدا هەبووبێ وەک خۆیان نووسیویانە، کە نموونەیان بۆ نەهێناوەتەوە و دەبووایە بیانهێنابووایەوە، ئەوا هێشتایش هەر دەکەوێتە خانەی موبالەغەی کازیبە، یا موبالەغە و زێدەڕۆییێک کە بۆ (وەرگر- خوێنەر)ی خاوەن باوەڕ بە ئیسلام و دەستوور و سوننەتەکانی پێغەمبەر کارێکی نەشیاوە و ناشێ.

چونکە مژینی لێو و ماچی دەم دەکەوێتە خانەی سێکس نەک تەسەوف کە وەک لە پێشتریشدا باسمان کرد تەسەوف دوورە لە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی جەستەیی، بەو شێوەیە هێنانی تەبریر بۆ بە مەجازیکردنی ئەو حاڵەتە سێکسییە لەگەڵ خوادا کارێکی تەندروست نییە لە رووی داهێنانی شیعری و لە شیعریشدا لەو خاسیەتە سەرەکییەی کە پێی دەگوترێ: شیعرییەت.

ئەگەر لە گۆشەنیگایێکی ترەوە بڕوانین و وا دانرا کە بە راستی لەو دوو بەیتەدا داوای مژینی لێوی خوا کراوە و خستمانە بۆتە و چوارچێوەی تەسەوفەوە، ئەوا وێنەیەکی سەرسوڕهێنەری نامۆمان دەکەوێتە بەرچاو کە لەوێوە دەبێ سەرلەنوێ لەو زانستە بکۆڵدرێتەوە کە (زانستی تەسەوف)ی ناوە، چونکە ئاینی ئیسلام قبووڵی ئەو جۆرە وێنە و هاوکێشانە ناکا، بێگومان سەرچاوەی تەسەوفیش ئاینیی ئیسلامە.

ئەو چەند تێبینییەی سەرەوە کە سەبارەت بە ماچ و تەسەوف دەرمان بڕی لەلایەن شاعیرێکەوە بۆ خوا بوو، واتە: شاعیر موخاتەبەی خوا دەکات و رووی دەم و ئاراستەی قسەکانی بۆ ئەوە.. بەڵام ئەگەر لەو بەیتەی خوارەوە بڕوانین و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ بکەین کە ئەویش بە هەمان شێوە خراوەتە بازنەی

ماچ و تەسەوف، جیاوازییەک دەبینین، جیاوازیی ئەو دوو بەیتەش لەوەدایە کە یەکەمیان: رووی قسەی ئاراستەی خوا کراوە، هی دووەمیان: ئاراستەی مرۆڤ (ساقی):

جێی دەم دەمە، جێی لەب لەبە، ساقی وەرە ئەمشەب
هەم ماچی دەمادەم بدە، هەم جامی لەبالەب
ل١٣٣

بەیتی یەکەمی ئەو شیعرە بە ئاشکرا موخاتەبەی مێ دەکا و بەو شێوەیە دەست پێ دەکات:

زولفەینی بە خەم مار و بە حەڵقەن وەکو عەقرەب
شیعری لەف و نەشرن، چ موشەووەش چ مورەتتەب
ل ١٣٣

کەچی لە بەیتی دووەم موخاتەبەی ساقی دەکات، (ساقی وەرە ئەمشەب) بانگکردنێکی دایرێکت و راستەوخۆی ساقییە، (هەم ماچی دەمادەم بدە) و (هەم جامی لەبالەب).. نووسینەوەی بەیتەکە بەو شێوەیە: ساقی ئەوشەو وەرە هەم ماچی دەم لەنێو دەم و هەم جامی لێوانلێو (پڕ)مان پێ بدە.

کەوابێ داوا لە ساقی کراوە کە ماچی دەم لەنێو دەم و جامی پڕ لە مەی پێ بدا، بەو حاڵە دەگەینە هەقیقەتێک کە نالی خەیاڵ و فەنتازیایێکی یەکجار جوانی خستووەتە کار بۆ دروستکردنی ئەو تابلۆیە، ئافرەتی کردووەتە ساقی یا ساقییێکی ئافرەتی دروست کردووە، رۆشنە کە هەرە گرینگترین کاری ساقیش مەستکردنی مشتەرییە، بەلام نالی داوا لە ساقی دەکا دووجار مەستی بکا جارێک: شەرابی بۆ بێنێ و جارێک: ماچی پێ بدا.

بەبۆچوونی من ئەو بەیتە دوور و نزیک هیچ پێوەندییێکی بە تەسەوفەوە نییە، نالی تەنیا وێنەیەکی جوانی درووست کردووە کە بۆ ئەو زەمەنی کوردەواری شتێکی سەیر بووە ساقی ئافرەت بێ، بەلام نالی توانیویەتی بە خەیاڵی تیژبڕی خۆی ئەو تابلۆیە دروست بکا، یانیش رەنگە ئەوەی دیبێ لە

ئەستەمبۆڵ و شام، ئەوەشیان گەر دوور بێ ئەوا لە سەردەمە زووەکاندا ئەو حاڵەتە بوونی هەبووە واتە: ئافرەت مەی بگێڕێ، بە تایبەتیش لای فیرعەونییەکان و سۆمەرییەکان و تا دەگاتە سەردەمەکانی ئەمەوی و عەباسی، ئەو ئەتمۆسفێرانەیش بە ئاشکرا لای تابلۆکێش و نەقاشەکان بە تەواوی بە دوکومێنت کراون.

# بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم

### مەمک

ئەندامێکی جەستەی بوونەوەرە، لە بنەڕەتدا ئەرکی سەرەکیی مەمک دروستکردن و بەرهەمهێنانی شیرە لەلای مێیینە.

مەمک ماسوولکەیەکی گەشەسەندووی سینگە، لە چەند گرێیەک پێکهاتووە، ئەو گرێیانە بەشداری دەکەن لە دروستکردن و بەرهەمهێنانی شیر.

مەمک لە هەشت بەش پێک دێت کە ئەم بەشانەی خوارەوەن:

١- سینگ: بناغەی مەمک پێک دێنێت.

٢- ماسوولکەی سەرەکیی سینگ.

٣- گرێی مەمک.

٤- سەری گۆپکە.

٥- گۆپکە.

٦- مەمەڕی شیر.

٧- دونگ = بەز.

٨- پێست.

ئەوەی کە کار دەکاتە سەر فۆرمی مەمک بە گەورە و بچووکییەوە ئەو چەندییەتییە رۆنەیە کە لەنێویدا هەیە.

مەمک لە رووی ئەرکەوە لە دوو بەشی جیا پێک دێت، بەشی یەکەم پێوەستە بەو کەناڵانەی کە شیر بەرهەم دەهێنن، بەشی دووەمیش هەموو ئەو ماسوولکە

و رۆن و بەز و دەمــارانـە دەگـرێتــەوە کـە بەشــدارن لـە گـەشــەســەندن و دروستکردنی فۆرمی مەمک.

لە هەر مـەمکێکدا نزیکەی ١٥-٢٠ مەڵبـەندی دابەشبـووی گرێ هەیە کە بە شێوەی تیشک دابەش کراون.

هۆرمۆنی (ئیسترۆجین) رۆڵێکی گرینگی هەیە لە گەشەسەندنی ئەندامانی ســێکس، هـەروەها هـەمــان رۆڵیــشی هەیە لە گــەورەکــردنی مــەمک، ئیـستـرۆجـینەکـان دەبنـە هـۆی گـەورەکـردنێکی خـێرای مـەمک لە قـۆناغی (خۆناسین-بلوغ)دا.

لە ژیانی ئافرەتدا مـەمک هەر لەژێر کاریگەرییـەکانی خولی چالاکییـەکانی هۆرمـۆندا دەمـێنێتـەوە و ناحـەسێتـەوە تا نەگاتـە قۆناغی بنبەست لە خولی مانگانە.

لە رووی ئێستـەتیکییەوە مـەمک بە هەرە گرینگترین و سـەرنج ڕاکێشترین ئەندامی جـەستـەی ئافرەت دێتـە ژمـاردن.. بۆیە ئـەو ئەندامـە ئێسـتـەتیکی و ســەرنج ڕاکـێـشــەرە بووەتە مــادەیەکی هونـەریی بەگـشـتـیی و لـە هـەمــوو هونەرەکـانی نەقـقـاشی و شـیـعر و چیرۆک و رۆمـان و.. تاد رەنگی داوەتەوە، نالیی شـاعـیریش لەو رووەدا کـاری ئێستـەتیکیی ئەنجام داوە و باڵادەسـتیی خـۆی نیـشـان داوە، ئێمـە هەوڵ دەدەین سـەرەتا هەمـوو ئەو بـەیتـانە لە دیوانی نالی دەربێنین کە دەکەونە ئەو خانەیەوە[٣٥].

### تەوەری دووەم

مـەمک لە شیعرەکانی نالیدا:

ئەو بەیتانەی کە لە مەمک دەدوێن:

کێ دەسـتی دەگـاتە بـەی و ناری نەگـەیشـتـووت

لەو تەختـە کـەوا صاحیبی مۆرن بە صـەدارەت؟

ل١٤٦

ئەی سەروی بوڵەند قەدد و، برۆ تاق و مەمک جووت
کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت!؟
ل١٥٢

لە بوستانی (ئیرەم)دا قەت نییە وەک
شەمامەی وەک شەمامەی وەک شەمامەی
ل٧١١

یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ
بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەڵا بێ
ل٦١٧

خۆش لەسەر سینە سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بەمۆر
مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە!
ل٥٣٨

هەر لەبت یا سینەشت هەردوو بە دەرخە، دا بڵێن:
لەعلی روممانیی هەیە، یا لەعل و روممانی هەیە
ل٥٧٥

هەنجیری نەو شکۆفە کە پڕ بوو لە شیری صاف
تیفلی عینەب شکۆفەییی کرد و رشایەوە
ل٥٥١

قامەتی سەروی، ئەگەر بێ بەرە بۆچ نارەوەنە؟!
تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دووکەڵە، بۆچ ناری بەرە؟!
ل٤١٢

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان
ل٣٢٠

وەک گـوڵی ئـاتەشی، خـەمڵـیـوە بە بەرگی چـەمـەنی
قـــــــامـــــــــەتـی نـارەبـەرە، نـاروەرە، نـارەوەنـە
ل٥٢٦
زوڵف ئەگـەر دووکەڵە، دووکـەڵ بـەری گـوڵناری نیـیـە!
سـەروە گـەر قـامـەتی، کـەی سـەروی ڕەوان بارەوەرە؟!
ل٤١٣
دەخـــــــــیـلـت بم نـەخـــــــــیـلـی یـا روتـابـی
وەهـا شـــــیـــــرین و، ســـــینـە نـەرم و، دڵ ڕەق
ل٢٥٢
یاخـود وەکـو خـۆی شـاهیـدە، با وەصـفی وەهـابێ
ســــیـــمین مـــەمکێکی هـەکــــە تـازە هـەڵی دابێ
ل٦١٧
کچ پەرچـەمی چین چینە، دوو مـەمکی لەسـەر سـینە
وەک شـــــانـەیی هـەنگوینـە بـۆ لـەززەتی دنیــــا کـچ
ل١٥٩

شیعرەکە بە تەواوی:

گـوڵبنی قـەددت لە قـوببـەی سـینە غـونـچـەی کـردووە
غـونچـە بـەم شـیـرینیـیـە قـەت نەی شـەکـەر نەیکردووە

نـەخلـی بـاڵات نـەوبـەرە، تـازە شـکـۆفــــەی کـــــردووە
تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ، ئەم مـەمـەت کەی کردووە!

قـامـەتت نـەخلە، بە شـیـری، فـائیـقـەی پەی کـردووە
نەحلی بێ نشـێی مـەمـەت شـەهدی سـپی قـەی کردووە

نەخل و روممان پێکەوەن، یا باغەبان وەی کردووە:
سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی کردووە!

بۆ مەمک «نالی» چ منداڵانە وەی وەی کردووە
گەرچی مووی وەک شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە

خۆش بە هەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخەی کردووە
کیزب و توهمەت، ئیفترا و بوهتان کە تۆبەی کردووە
ل٥٤٤-٥٤٧

١- فۆرم و قەوارەی مەمک:

لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی وردی ئەو بەیتانەی کە باس لە مەمک دەکەن دەمانەوێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە نالی جەخت لەسەر چ جۆرە فۆرمێکی مەمک دەکاتەوە و ئەو جۆرە فۆرم و قەوارەیە چۆنن و بۆچیش..

١

کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت
لەو تەختە کەوا صاحیبی مۆرن بە صەدارەت؟
ل١٤٦

٢

ئەی سەروی بوڵەند قەدد و، برۆ تاق و مەمک جووت
کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت!؟
ل١٥٢

(کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت) ئەو رستەیەی دووجار و لە دوو قەسیدەی جیاوازدا بەکار هێناوە، وەک پێشتر نووسیومانە، ئەوە بەحسی ئێمە نییە کە بۆچی دووجار ئەو نیو بەیتە بەبێ گۆڕانی یەک پیتیش دووبارە

کراوەتەوە، ئەوەی گرینگە دەمانەوێ بزانین فۆرم و قەوارەی مەمک لای نالی بۆچی هێندە لێک نزیکن؟

من لەگەڵ ئەو خوێندنەوەی دیوانی نالیدا نیم کە هەناری گەڕاندووەتەوە بۆ روومەت یا گۆنا، لە دیوانی نالیدا بەو شێوەیە تەفسیر کراوە (کێ دەستی دەگاتە جووتە مەمکی وەک کاڵە بەی و جووتە گۆنای وەک هەنارت کە هێشتا پێ نەگەیشتوون)[٣٦].

بەبۆچوونی من (بەی) و (هەنار) هەر بۆ مەمک دەگەڕێنەوە، واتە: مەمکی بە بەی و هەنار شوبهاندووە نەک گۆنا کە ئەوەیان تەفسیرێکی دروست نییە.

کەوابێ فۆرم و قەوارە لەو دوو بەیتەدا = بەی، هەنار.

٣

یا تازە هەنارێکی کە ناری گوڵی مابێ
بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەڵا بێ
ل٦١٧

فۆرم و قەبارە = هەنار، شەمامە.

٤

لە بوستانی (ئیرەم)دا قەت نییە وەک
شەمامەی وەک شەمامەی وەک شەمامەی

فۆرم و قەبارە = شەمامە.

٥

خۆش لەسەر سینە سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بە مۆر
مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە!
ل٥٣٨

فۆرم و قەبارە = هەنار.

٦

هەر لەبت یا سینەشت هەردوو بە دەرخە، دا بلێن:

لەعلی رومانیی هەیە، یا لەعل و رومانی هەیە

ل٥٧٥

فۆرم و قەبارە = رومان = هەنار.

٧

هەنجیری نەو شکۆفە کە پڕ بوو لە شیری صاف

تیفلی عینەب شکۆفەییی کرد و رشایەوە

ل٥٥١

پێوەندی = هەنجیر.

٨

قامەتی سەرووی، ئەگەر بێ بەرە بۆچ نارەوەنە؟!

تۆ بڵێ زوڵفی ئەگەر دووکەڵە، بۆچ ناری بەرە؟!

ل٤١٢

فۆرم و قەبارە = هەنار.

٩

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان

بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان

ل٣٢٠

فۆرم و قەبارە = سێو.

١٠

وەک گوڵی ئاتەشی، خەمڵیوە بە بەرگی چەمەنی

قامەتی نارەبەرە، نارەوەرە، نارەوەنە

ل٥٢٦

فۆرم و قەبارە = هەنار.

١١

نەخل و روممان پێکەوەن، یا باغەبان وەی کردووە:

سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی کردووە!

فۆرم و قەبارە = هەنار + سێو + بەی.

١٢

بۆ شەربەتی شیرینی فنجانە لەسەر سینی

مەم توحفەیی توففاحی، شەم عەنبەری بۆیا کچ

لە بەیتەکانی یەکەم / دووەم/ سێیەم/پێنجەم/ شەشەم/ هەشتەم/ دەیەم/یازدەم/ دوازدەم واتە: لە کۆی ١٢ بەیت ٩ بەیتی فۆرم و قەبارەی مەمک، فۆرم و قەبارەی هەنارە.

لە بەیتەکانی یەکەم/دووەم/ یازدەم/ واتە: لە کۆی ١٢ بەیت ٣ بەیت فۆرم و قەبارەی مەمک، فۆرم و قەبارەی (بەی = بەهێ)یە.

لە بەیتەکانی سێیەم/چوارەم/ واتە: لە کۆی ١٢ بەیت ٢ بەیت فۆرم و قەبارەی مەمک فۆرم و قەبارەی شەمامەیە.

لە بەیتی حەوتەم پێوەندی و تەشبیهـ لە نێوانی هەنجیر لەگەڵ مەمک یا گۆپکەی مەمک واتە: لە کۆی ١٢ بەیت ١ بەیت.

لە بەیتی نۆیەم/یازدەهەم/ دوازدەم/ فۆرم و قەبارەی مەمک فۆرم و قەبارەی سێوە، واتە: لە کۆی ١٢ بەیت ٣ بەیت.

(هەنار و شەمامە و بەهێ و سێو و هەنجیر) ئەو فۆرم و قەبارانەن کە نالی مەمکی یار- یارەکانی پێ شوبهاندوون.. فۆرم و قەبارەی ئەو هەموو میوەجاتانە بە بچووک یا ناوەند دەخوێندرێنەوە و حیسابیان بۆ دەکرێ.

ئەو لەبەر یەک دەرکردن و پاڵاوتنە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە چەند سەرنجێک بدەین:

* مەمكی هەموو ئەو (كچ – ژن)انەی كە نالی شیعری بۆ نووسیون لە فۆرم و قەبارەی هەنار تێپەڕ ناكەن، ئەوەش بە ئەنجامێكی تری زانستیمان دەگەیەنێ كە مادەی ئیستڕۆجین لە لەشی ئەو (كچ – ژن)انە كەم بووە كە نالی بۆی نووسیون، چونكە وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێ كرد، زۆری و كەمیی ئیستڕۆجین كاریگەری دایرێكتی هەیە لە گەورەیی یا بچووكیی مەمك.

* نالی بۆ دەربڕین و دەستنیشانكردنی فۆرم و قەبارەی مەمكی یار تەنیا میوەی كردووەتە مادە (هەنار و شەمامە و بەهێ و سێو و هەنجیر) جگە لە بەیتێك كە كردوویەتیە شانەی هەنگوین، ئەو بەكارهێنانە و تەوزیفكردنەی میوەیە بە خوێندنەوەی ئێمە لەبەر دوو هۆیە:

١– فۆرم و قەبارەیەكی بچووك یا ناوەندی.

٢– هەریەكە و جۆرێك تام و چێژی تایبەتی هەیە.

* هەناری بە شێوەیەكی زۆر زیاتر لە میوەكانی تر بەكار هێناوە بۆ وەسفكردنی مەمك.

٢– مەمكی نەوبەر یا مەمكی كچی تازە پێگەیشتوو:

هەندێك لەو بەیتانەی كە لە بەشی (فۆرم و قەبارەی مەمك) باسمان لێ كردن، دەشێ بۆ كچی تازە پێگەیشتووش بشێن، بۆ نموونە:

هەنجیری نەو شكۆفە كە پڕ بوو لە شیری صاف

تیفلی عینەب شكۆفەییی كرد و رشایەوە

مومكین نییە كە ئەوەیان باس لە مەمكی ژنێكی تەواو كامل و دوای بیست سالآن بێت، بەلآم وەك نووسیمان لە كۆی ١٢ بەیت ٨ بەیتیان مەمكی بە هەنار چوواندووە.. شوبهاندنی مەمك بە هەنار رەنگە بمانگەیەنێتە ئەنجامێك كە نالی لەوێدا لە مەمكی كچێكی پێگەیشتوو دەدوێت و باس لە مەمكی نەوبەر یا كچێكی تازە پێگەیشتوو ناكات.

یا کـه دەڵێ: (ناری نەگـەیشـتـووت) (تازە هـەنارێکـی)، ئەوەشـیـان هەر دەلالەتی نـەوبەریەتیی یار دەگـەیەنێ.. بـەڵام ئەوەی کـە زۆر رۆشـن و دیارە ئەو بەیتانەن کە بە ئاشـکرا و دایرێک لە مـەمکی نەوبەر و کـچی تـازە پێگەیشـتـوو دەدوێن بە تایبەتیش لەو شیعرەدا:

گـوڵبنی قـەددت لە قـوبـبـەی سـینە غـونچـەی کـردووە
غـونچـە بـەم شـیـرینیـیـە قـەت نەی شـەکـەر نـەیکردووە

نـەخلـی بـاڵات نـەوبـەرە، تـازە شـکـۆفـەی کـردووە
تۆ کـە بۆی شـیرت لە دەم دێ، ئەم مـەمەت کـەی کردووە!

قـامـەتت نـەخلە، بە شـیـری، فـائیـقـەی پەی کـردووە
نەحلـی بێ نشـێی مـەمـەت شـەهدی سـپی قـەی کـردووە

نـەخل و روممـان پێکـەوەن، یا بـاغـەبـان وەی کـردووە:
سـەروی هێناوە لـە سـێب و بەی مـوتـوربەی کـردووە!

بـۆ مـەمک (نـالـی) چ مـنداڵانـە وەی وەی کـردووە
گـەرچی مـووی وەک شـیـرە، بەو شـیـرە شکۆفـەی کردووە

خـۆش بە هـەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخـەی کردووە
کـیـزب و توهـمـەت، ئیـفـترا و بـوهـتـان کە تۆبەی کردووە

فـەزای گشـتیی ئەو تێکسـتـە خـولانەوەیە بە دەوری ئەندامـێک کـە ئەویش مـەمکە.. بەڵام جووت مەمکێک کە تازە شکۆفەی کردبێ، مـەمکی منداڵێک کـە هێشتا بۆن و تامی شیریی منداڵی لە دەم دێ.

(غـونچـە، تازە شـکـۆفـەی کردووە، بـۆی شـیـرت لـە دەم دێ.. تاد) هەمـووی دەلالەتی ئەوەن کە نالی بۆ مەمکی تازە پێگەیشتوویێکی نووسیوە و بە خۆشـی لە تەمەنێکی کامڵ و تەواودا بووە کاتێ کە ئەو شیعرەی نووسیوە.

له هەندێ بەیتی تر لە میوەجات و شوبهاندنی مەمک بە میوەجات دەرچووە، ئەوەتەیە وەک لەو بەیتـەدا دەردەکـەوێ کـە مـەمکی بـە شـانەی هـەنگوین شوبهاندووە:

کچ پـەرچەمی چین چینـە، دوو مــەمکی لەســەر ســینە
وەک شـــانـەیی هـەنگوینـە بۆ لـەززەتی دنیـــا کچ

# بەشی چوارەم

Webcam و قەسیدەی مەستوورە

وەک لە پێشتر باسمان کرد، کاری ئێمە لەو گەڕانەدا بە دوای شیعرەکانی نالی تەنیا دۆزینەوەی هێڵێکە لەنێو ئەو هەموو هێڵانەی کە لە دیوانەکەدا هەیە، هێڵێکی ئاینی و هێڵێکی فەلسەفی هێڵێکی نامۆبوون و.. تاد لە دەسپێکی دیوانەکەدا درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی دیوانەکە.. ئێمە تا ئێستا بەدوای کەشفکردنی هێڵی ئیرۆتیکدا گەڕاوین لەو دیوانەدا، وەک باسمان کرد و دەستنیشانی هەموو ئەو بەیتانەشمان کرد کە باس لە ماچ و ماچی لێو و ماچی دەم و ماچ و تەسەوف و مەمک و فۆرم و قەوارەی مەمک دەکەن.

لێرەدا لە قەسیدەی مەستوورە کە ئەویش وەک قەصیدەیەکی یەکانگیر خاوەنی فەزایێکە کە هەڵگری کۆمەڵێک رامان و روئیایە و دەتوانرێ خوێندنەوەی جۆرەوجۆر و لێک جیای بۆ بکرێت، هەر بۆ نموونە دەتوانرێ خوێندنەوەی سایکۆلۆجی و خوێندنەوەی ئێستەتیکی و کۆمەلایەتی و پۆڕنۆگرافی و سێکسی و وێنەیی.. تاد بۆ بکرێ، وەک دەبینین ئەو قەسیدەیە کۆمەڵێک هێڵی لە خۆی گرتووە، ئەوەی کە ئێمە لەنێو ئەو هەموو هێڵە بە گرینگی دەزانین و دەمانەوێ کاری لەسەر بکەین ئەو لێکچوونە سەرسوڕهێنەرەیە کە لە نێوانی قەسیدەی مەستوورە و Webcamدا هەیە.

Webcam بریتییە لەو کامێرا بچووکەی کە رەبتی کۆمپیوتەر دەکرێت و لەوێوە بەهۆی ئینتەرنێتەوە دەتوانیت هەر کەس و هەر شتێک کە دەتەوێ بیبینیت یاخۆ نیشانی بدەیت دەتوانیت، جا ئەو شتەی کە دەتەوێ بیبینیت یاخۆ نیشانی بدەیت لە هەر شوێنێکی سەرزەویندا بێت.

سەرەتا ئەگەر وەک شانۆگەرییەک لە قەسیدەی مەستوورە بڕوانین، ئەوا دەبینین کە لە سێ پەردە پێک دێت، ئەو سێ پەردەیە یاخۆ ئەو سێ بەشەیش بریتین لە:

«یەکەم: سەرەتا: کە تێیدا ـ شاعیر، نووسەر، راوی، مەستوورەمان پێ دەناسێنێ و کلیلی دەرگەی خەونەکانیمان دەداتە دەست.

دووەم: ئەلف: بەشی یەکەمی خەونەکە: ئەمەیش بریتییە لە نەمانی دەوری (راوی) و پەیدابوونی مەستوورە وەک تاقە بێژەر و تاریفکەری عەورەتی خۆی.

بێ: بەشی دووەمی خەونەکە: هاتنە گۆی نالی و تاریفکردنی زەکەری خۆی.

سێیەم: بێداری و گەڕانەوەی (راوی): مەحووبوونەوەی کەسانی نێو فەزای خەونەکە و قلْپبوونەوەی بنیاتەکانی بەشی یەکەم و دووەمی قەسیدەکە لەوانەیش (زاڵبوونی لەزەتی بینین و تەماشا، بەسەر چێژی خوێندنەوەدا، کۆتاییهاتنی دیمەنی وەهمیی حاڵەتێکی ئیرۆتیکی.. دواجار زاڵبوونەوەی مانای ئەقڵیی وشەکان و کۆتاییهاتنی (گێڕانەوە)کە بە هۆی وێنە شیعرییەکانەوە»[٣٧].

بۆ زیاتر بەرچاوبوون و قسەکردن بە دۆکومێنت لەسەر ئەو قەسیدەیە پێویستە لێرەدا قەسیدەکە وەکو خۆی بنووسینەوە:

زمانی شاعیر = راوی

١

مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ

(مەستوورەی قسەکەر– موتەکەلیم –)

٢

هـاتووم، وتـی، عـوقـدەم هـەیە قـەت مـومکینە وابێ؟
هیی تۆم ئەگەرەم مـەسئـەلە حـەل کـەی بە جـەوابێ؟

٣

هـەر مـەسـئـەلە بیکرێ کـە بە تـۆ شـەرحی کـرابێ
مـومـکین نییـە کـەس دەخـڵی بکا (چین و خـەتا) بێ

٤

ئـایینـە بـە مـاییـنـە دەبێ رەنگ نـومـابێ
(مـەسـتوورە) بـەم ئەسـتوورە دەبێ مـوهرە گوشـابێ

٥

نوکـتـێکی زەریفـە بە نـەصـیـبی زورەفـا بێ
تەعـریفی دەکـەم، بەڵکو لە بۆ دەرد شـیـفـا بێ:

٦

ئەم سـیـڕڕە چییـە مـیـسلی سـوهـابێ، نەسـوابێ؟
دوڕڕی وەکـو دوڕڕی سـەمـابێ، نەسـمـابێ؟

٧

دوککانی توحـەف، کـانی حـەیا، کـانیی بـەقـا بێ
قـوببـەی لە قـیـبـابی نوقـەبا بێ، نە قـوّپا بێ

٨

وەک خـەیمە بـە پەردێکی دوو ئەسـتـوونە بە پا بێ
سـەر تیلەکی نەخـتێ بە نەزاکـەت قـڵـەشـابێ

٩

وەک هیـمـمـەتـی صـۆفی کـە لەنێـو خـەڵوە خـزابێ

مـەسـتـوور و عـەزیزی شـەرەف و ریفـعـەت و جـا بێ

١٠

یـا کــۆمـــەڵە زیوی بـوخـــەلا دوور لـە ســەخـــابێ

مـوغلەق بـە بەخـیلی، بە مـەسـەل مـشـتـی مـەلا بێ

١١

کـــاســـێکی بلـووریـنی نـخـــوونی لەســـەرابێ

نەخـتـێکی لەبەر مــەوجی لە تـافـەت قـڵـەشـابێ

١٢

یاخـــۆ پـەڵە بـەفـرێکی کـە ئەسـڵـەن نـەشکابێ

قـــەندیلی مـــونیـــر و گـــوزەری ئـاب و هـەوا بێ

١٣

کـام ئاب و هـەوا؟ مـوعـتـەدیلی نەشـئـونومـا بێ

یەعنی لە وەســەت کـانیـیـە گـەرمـێکی تێ زابێ

١٤

لـەو کــــانیــــیــــەدا چـووزەرە رێواسـێ رووا بێ

بـەو چوزەرە رێواســە کــەمــێکی قـڵــەشــابێ

١٥

یا قــەصـــری مـــوعـــەللا کــە لە ئاوێنە کــرابێ

یا غـــونچـــەیی نەشکوفــتــە کــە ئاوی نەدرابێ

١٦

یا گومبەدی نەزهەتگەهی نێو باغچە سەرابێ
ئەلوانی گوڵامێز و شەکەربێزی تیابێ

١٧

یا قصوری نمەک هەر وەکو مەڕمەڕ بە زیا بێ
جێی قەترەیە ئاوێکی لەنێودا قڵەشابێ

١٨

یا گردەکی گردێکی کە شیرین هەڵی دابێ
گردی نمەکین، یەعنی گیای لێ نەڕوا بێ

١٩

دامێنی بە ئەنواعی گوڵ و مڵ خەملابێ
گەنجێکی تێدابێ کە تەلیسمی نەشکابێ

٢٠

حوقەیکی زەڕی صافی لەسەر بانی نرابێ
نەختێکی بە صەد صنعەتی (مانی) قڵەشابێ؟

٢١

یا رەئسی یەتیمێکی کە بێ بەرگ و نەوا بێ
غەڵتان و سەراسیمە: نە دایکێک و نە بابێ

٢٢

فێسێکی سپی و توندی لە کەللەی کەلی نابێ
هێشتاکو لە حەق جێگەی خاصی نەدرابێ

٢٣

چەسپیدە و و خڕ هەروەکو بەرقاڵبی دابێ
نەختێکی لەبەر توندی و سفتی قڵەشابێ

٢٤

دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ
دوڕڕێکی مونەووەر کە هەموو ئاوی صەفا بێ

٢٥

بەیزێکی شوتورمورغی کەوا تازە کرابێ
وەک بەیزەیی بە زیاو و بە سەنا بێ

٢٦

خڕچێکی مودەووەر، بە عەسەل ئاوی درابێ
نەختێکی لەبەر حوسن و حەلاوەت قڵەشابێ

٢٧

یاخود وەکو خۆی شاهیدە، با وەصفی وەها بێ:
سێمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵی دابێ.

٢٨

یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ
بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەلابێ

٢٩

بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی ئەدا بێ
نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزی قڵەشابێ

٣٠

یاخــو مــەســـەلا، مــیــسلی نـەوا بێت و نەوابێ
مـەشـهـوور و خــەفی هەر وەکو عـەنقـا و وەفـابێ

٣١

صــاحــێب زەڕ و زیوێ کــە فــریبی عــوقــەلا بێ
ئیکسـیــری تەڵای ئەحـمــەری چەند قـەترە لەلا بێ

٣٢

دەعــوای ئومــەرا چەندە لەســەر تەخــتی کــرابێ
چەند خــوێن کــە ڕژابێت و چ خــوێنێ نەڕژابێ

٣٣

کێ بێ لە جـیــهــاندا چ گــەدا بێت و چ شــا بێ
تـەرکــێکی وەها ناسک و پڕ لەززەتی گـــا بێ.

(نالیی قسەکەر – موتەکەلیم –)

٣٤

دێوانە کــە زانیی کــە دەبێ عــوقــدە گــوشـــابێ
هەســتــاو و گــوتی: ئەشکی ڕەوانم بە فــیــدا بێ!

٣٥

ئەم صــاحـیـبی تەشـریحـە دەبێ هـەیئـەتی چا بێ
هەم شـاریح و هەم جـاریح و مـووزییـحـە گوشـابێ

٣٦

بۆ توند و رەقی مـەتنی مـەتینی حـوکـەمـا بێ
تەدقیـقی ئەمـیش سـیـڕڕە دەبێ خـوفیـە ئەدا بێ

٣٧

نەرم و خـۆش و مـونتـیج وەکو بـەسـتی ئودەبا بێ
تووڵانی و بەرجـەسـتـە وەکـو دەسـتی دوعـا بێ

٣٨

شـەو نائیم و قـائیم، عـەلـەمی بابی رەزا بێ
بێ دیدە هـەڵسـتێ، بە مـەسـەل عـەینی عـەصا بێ

٣٩

مـەجـزووبی توروق، مورتـەعـیـشی لـەرزش و تا بێ
سـالیک رەوشی مـەسلەکی ڕێگەی صـولەحـا بێ

٤٠

فـەرقـێکی هـەبێ: داخـیلی مـیـحـرابی رەجـا بێ
چاوێکی هەبێ: غـەرقـەیی فـرمـێسکی بوکـا بێ

٤١

ڕێی حورمـەت و بێ حورمـەتیی هـەرگیز نەکوتابێ
چـەنـد ئـاوی ڕژابـێـت و چ ئـاوی نـەڕژابـێ

٤٢

لەم ڕێگە سـەریشی کـە بچێ، یـەعنی کـوژرابێ
گـەردن کـەچی بەر پێتـە قـەدەم ڕەنجـەکـە، سـا بێ

٤٣

تا گـــــەرمــــــڕەوی ڕێگەیی زوڵماتی بەقـــا بێ
(مــاء الخظر)ت فــەترە لەســـەر قــەترە فــیـدا بێ

٤٤

کێ بێ وەکــو تۆ بەم شـــەوە رەحـــمی بە منا بێ
مەجزووبە صیفەت، یەعنی صیلەی رەحمی تێدا بێ

٤٥

هەم جــازیبـــە و قـــابیلەیی ئەخـــز و عـــەتا بێ
مـەسـتــوورە و خـــەفی، شـــەبەهی بادی صـەبا بێ

٤٦

مـەسـتـانە هەڵسـتێت و بە کـوێریی روقـەبابێ
ئەم باب زەنە گــــەرم و تەڕی کـــا بە کـــەبابێ

(زمانی شاعیر = راوی)

٤٧

(نالی) وەرە هەزەلێکی کـە عـاری شـوعــەرا بێ
ڕووڕەش مەکە پێی صەفحەیی هەر لەوح و کیتابێ

٤٨

تەحریری خـەیاڵ و خـەونە ئەگەر بێتە حیسابێ
دەروێش و گــەدا شـــاه و، دەبێ شـــاه گـــەدا بێ

وا چاکــە خــەیاڵ و خــەوت ئەســـراری هودا بێ

نـەک بەحـــسی ســرور و عـــەلەم و بادی هەوا بێ

لە بەیتی یەکەمدا وەک دیارە نالی قسە دەکا و دەڵێ: مەستوورە کە جوانە و بە (حیسابێک) بە ئەدیبیشی دادەنێن، ئەمشەو هاتە خەوم بە چ ناز و لۆمە و گلەییـیەکەوە.. وشەی (حیسابێ) کە هەڵوەستەی لەسەر نەکراوە لە زۆربەی خوێندنەوەکانی تردا بەبۆچوونی من جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، چونکە بە حـیسـابێ مـانـای بچـووککردنەوەی ئەوی تر دەگـەیەنێ، تا ئێـسـتـایش بەکارهێنانی (بە حیسابێ) بە مەعنای گومانکردن و ئیعتراف پێ نەکردنی تەواو دێت، بە نموونە کـاتێ بە یەکـێک بڵـێی: بە حـیـسـاب خـۆشـی پێ هونەرمـەندە یا بە حـیـسـاب خـۆی پێ زانایە، لە هەردوو حـاڵەتدا مـانای بچووککردنەوە دەگەیەنێ.

بێگومـان هەڵوەسـتـەکردن لەسـەر ئەو وردەکـارییـانە کـاری ئێـمـە نییـە، مەسـتوورە ماه شـەرەف خانمە یا یەکێکی ترە، دۆخی دەروونی لەو قەسیدەدا چییە و خوێندنەوەمان لەو رووەدا چییە، ئاخۆ ئەو قەصیدەیە هی نالییە یاخۆ نا، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و... تاد.

وەک لە پێـشـتـر ئامـاژەمـان پێ کـرد ئەمـانە نابنە کـاری ئێـمـە، ئەوەی کـە گرینگ بێ ئەوەیە:

نالی لە بەیتی یەکەمدا راوییە.

لە دوای ئەو بەیتە مەستوورە قسە دەکا و باسی خۆی دەکا، با لە سەرەتاوە چۆنیەتیی ئەو باسکردنە باس بکەین:

لە بەیتی دووەم و سێیەم و چوارەم مـەسـتوورە تەنیا زەوینـە خۆش دەکا بۆ ئەوەی بچێتە نێو وێنە و نیشاندانی وێنە، لە دوو بەیتی دووەم و سێیەم دەڵێ: (هاتووم عوقدەم هەیە ئەگەر ئەو عوقدەیەم بۆ حەل کەی دەبمە هی تۆ، وەرە تۆ ئەم مـەسـەلەیە یەکـلایی بکەوە و بۆمـی حـەل بکە) سـەرەتای راسـتـەقـینەی

فیلمەکە یا داواکردن بۆ کردنەوەی (Webcam)ەکە لە بەیتی چوارەمەوە دەست پێ دەکات:

ئایینە بە مـــــایینە دەبێ رەنگ نومـــــابێ

(مەستوورە) بەم ئەستوورە دەبێ موهرە گوشابێ

واتە: دەبێ ئاوێنەکەی مەستوورە خانم بە شتێکی ئاواوی و وەک ئاو پاک بکرێتەوە تا رەنگ بداتەوە و، سەرقاپی مەستوورە خۆیشی بەم شتە ئەستوورە یا بەم شتە شاراوەی نالی بکرێتەوە[٣٨].

کەوابێ لە بەیتی یەکەمدا راویمان هەیە، دەڵێ خەونێکی لەو شێوەیەم دیوە.

لە بەیتی دووەم و سێیەم زەوینە خۆشکردن و قسەکردنێکە بۆ شکاندنی شەرمی گێڕانەوەی خەونەکە، هاتووم عوقدەم هەیە و مەتەڵێکم هەیە بۆمی هەڵێنە، ئەگەر هەڵت هێنا ئەوا دەبم بە هی تۆ، بێگومان ئەوە مەستوورە خۆی قسە دەکات.

لە بەیتی چوارەمدا ئیدی شەرمەکە دەشکێ و دەچێتە نێو فەزایێک کە سەرەتای دەرچوون بێ بۆ نێو فەزایێکی تر کە ئیدی دیالۆگ و قسە زۆر رۆڵی نامێنێ، بگرە (Webcam)ەکە دەکاتەوە و وێنە دەکەوێتە بەرچاو، یا کردار دیارە.

«مەستوورە و نالی دوو کەسایەتین بە کردەوە (فعل) لە حاڵەتی رووداودان. بۆیە ئەرکی ئێـــمە لەوەدوا (دوای بەیتی یەکــەم) خوێندنەوە نییە، بگرە بینینە، بینینی ئەو رووداوانەی لە دوای وشەکان روو دەدەن. چونکە چ مەستوورە و چ نالی زیاتر لەوەی بئاخڤن، سەرگەرمی پێشاندانن، نەک گێڕانەوە و ریوایەتکردن. لەبەر ئەو هۆیەشە پێویستە خوێنەر خەیاڵ و روئیای بخاتە کار بۆ دیمەن و رووداوەکان نەک لێکدانەوەی ئەقڵی بۆ گەیشتن بە مانای وشە و رستەکان»[٣٩].

ئەوەی کـــە لەو قـــەســـیـــدەیەدا دەیبــینین بەبۆچوونی من لە دوای بەیتی

سێیەمەوە دەچینە نێو پرۆسەی بینین نەک لە دوای بەیتی یەکەم کە ڕێبوار سیوەیلی دەستنیشانی کردووە، ئەو نیشاندان و بینینە درێژە دەکێشێ تا جارێکی تر لە سێ بەیتی کۆتاییی قەسیدەکەدا نالی جارێکی تر دەبێتەوە راوی و بێزاری یا تێربوونی خۆی و پەشیمانیی خۆی لەو پرۆسەیە نیشان دەدات.

لە بەیتی پێنجەمەوە تا بیست و شەشەم و جارێکی تر لە بەیتی سییەمەوە تا سی و سێ لە بەیتی سی و سێیەمیشەوە تا بەیتی چل و حەوت، هەمووی بەیەکەوە تەنیا لە دوو ئەندامی سێکسی مەستوورە و نالی دەدوێ، یاخۆ نیشانیان دەدات.

(کامێرای هەڵگرەوەی فیلمی رووداوەکان، یاخۆ دیمەنە شیعرییەکان لە هەردوو حاڵەتەکەیدا (چ ئەو کاتەی لە دیدی مەستوورەوە دەبینێ و چ ئەو دەمەش لە هی نالییەوە) تەنیا بەشێکی بچووک دەبینێ کە ئەویش ئەندامی جنسی مەستوورە و نالییە. نەک سەرجەمی لەشی مەستوورە، یاخۆ ئەندامە ئارەزووگەیێنەکانی تری، یاخۆ سەرجەمی جەستەی نالی. با وای دابنێین مەستوورە خۆی رووت کردووەتەوە، بەڵام ئاخۆ ئێمە سنگ و مەمکی وی بەدی دەکەین؟ یان داخوا دەتوانین وردەکاریی لەشی بهێنینە پێش چاوی خۆمان، ئاخۆ تووکن بووە یا کۆسە؟ لەڕ بووە یا گۆشتن؟ یان با واز لە جەستەی کەسایەتییەکان بێنین و پرسیار ئاراستەی دەرەوەی نزیکیی نالی و مەستوورە بکەین: ئاخۆ ئەو شوێنەی مەستوورە هاتووەتە خەونی نالی کوێیە؟ ئاخۆ ژوورەکەی نالی خۆیەتی یا شوێنێکی تر؟ دیمەنی ئەو شوێنە چۆنە؟ هەوا ساردە یا گەرم؟ و دەیان پرسیاری تر. ئەمانە هیچیان لە بنیاتی قەسیدەکە رەنگیان نەداوەتەوە. چونکە هەروەک گوتم: کامێرای هەڵگرەوەی رووداوەکان بەسەر یەک رووبەر نیشتووەتەوە کە رووبەری ئەندامی جنسی نێر و مێیە)[٤٠].

ئەگەرچی ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ: "تەنیا بەشێکی بچووک دەبینێ کە ئەویش ئەندامی جنسی مەستوورە و نالییە. نەک سەرجەمی لەشی مەستوورە، یاخۆ

ئەندامـە ئارەزووگەیێنەکانی تری، یاخۆ سەرجەمی جەستەی نالی. با وای دابنێین مەستوورە خۆی رووت کردووەتەوە، بەڵام ئاخۆ ئێمە سنگ و مەمکی وی بەدی دەکەین؟" بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێ بڵێین: جگە لە سێ بەیت کە ئەوانیش بەیتی ٢٧–٢٨–٢٩ن، ئەوا زوومی (Webcam)ەکە بە جێگیری لەسەر دوو ئەندام دانراون، کە ئەوانیش ئەندامی سێکسیی مەستوورە و ئەندامی سێکسیی نالین.

چونکە وەک دیارە لەو سێ بەیتە:

٢٧

یاخود وەکو خۆی شاهیدە، با وەصفی وەها بێ:
سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵی دابێ.

٢٨

یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ
بێ درز و قڵیش میسلی شەمامێکی تەلا بێ

٢٩

بۆ تەجرەبە تا لەززەتی شیرینی ئەدا بێ
نەختێکی وەکو دیدەیی دەرزی قڵەشابێ

لێرەدا (Webcam)ەکە ئەگەر بۆ چەند چرکەیەکی خێراش بێ لەسەر ئەندامی سێکسیی مەستوورە لادەچێ و مەمکی مەستوورەمان نیشان دەدا، کە مەمکێکی سپی و زیوین و تەڕە و تازە هەڵی داوە. جگە لەو بەیتانە ئەوا هاوڕای کاک ڕێبوار سیوەیلم لە هەموو قەسیدەکەدا جگە لە دەسپێک و کۆتایی کە نالی خۆی راوییە ئەوا زوومی (Webcam)ەکە تەنیا و تەنیا لەسەر ئەندامانی سێکسی مەستوورە و نالیدان.

ئەو باسە وردە وردە رامان دەکێشێ بۆ ئەوەی نزیک بکەوینەوە لەو

پێوەندییەی کە لە نێوانی ئەو قەسیدەیە و ئینتەرنێت و (Webcam)دا بوونی هەیە.

تۆ لە سەرەتادا کەسێکت هەیە ئەو کەسە خەونێکی هەیە، ئەو خەونە پێوەندیی بە کەسێکی ترەوە هەیە.. سەرەتا خاوەنی خەون قسە دەکا و کەشفی کەسی بەرانبەریمان بۆ دەکا:

مەستوورە کە حەسناو ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ

لە بەیتی دووەمەوە تا بەیتی چوارەم مەستوورە قسە دەکات، قسەکانی زەووینە خۆشکردنە بۆ چوونە نێو وێنە، وێنەی نیشاندانی ئەندامی سێکسیی خۆی.. لە هەموو رووێکەوە و لە هەموو گۆشەیەکەوە کامێرەکە دەخاتە سەر ئەندامی سێکسیی خۆی، ئەمە تا بەیتی ٢٧ لەو بەیتەوە ئیدی کامێراکە دەخاتە سەر مەمکی و لە بەیتی سییەمینەوە ئیدی کامێراکە دەگەڕێنێتەوە سەر شوێنی خۆی کە ئەندامی سێکسییە تا بەیتی ٣٣.

لە بەیتی سی و چوار فیلمەکە کەت دەبێ و لاکەی تری فیلمەکە نیشان دەدرێ کە ئەندامی سێکسیی نالییە تا سێ بەیتی کۆتایی.

ئەگەر لە سەردەمی نالی ئینتەرنێت و (Webcam) هەبووایە، ئەوا دەتوانرا ئەو پرۆسەیەی کە بە خەون و دواتر لە رێگەی زمان و لە رێگەی زمانیش بە وێنە نیشان دراوە ئەوا بەو شێوەیە ئەنجام درابووا:

ئینتەرنێت لە جێی خەون، ئەو کارەی کە خەون کردوویەتی واتە: مەستوورە بە نالی بڵێ: من هاتوومە لات عوقدەیەکم هەیە بۆم بکەوە ئەوا خۆمت پێ دەدەم، دواتر هەندێ قسەی تر دەکا و پاش ئەویش (Webcam)ەکەی بۆ دەکاتەوە، کە (Webcam)ەکەشی بۆ کردەوە ئیدی لەسەر ئەندامی سێکسیی خۆی دادەنێ و کۆمەڵێ کادیر وەردەگرێ بۆ نیشاندانی ئەندامی سێکسیی خۆی لە هەموو لایەکەوە.

ئەگەر کورتتر بڵێین ئەو قەسیدەیەی نالی کە لە رێگەی خەون بە هۆی زمان

و لەوێشەوە بە هۆی وێنەی شیعری دروستیکردووە، ئەوا لە سەردەمی ئێستا دەتوانرێ لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و دواتر ئینتەرنێت و پاشانیش دانان و کردنەوەی (Webcam) وە دروست بکرێ.

بەو شێوەیە:

خەون لای نالی = کۆمپیوتەر لە سەردەمی ئێستا

مەستوورە + نالی = B+A

قەسیدە = ئینتەرنێت

زمان = (Webcam)

وێنەی شیعری = وێنەی ڤیدیۆیی

ئەندامی سێکسیی مەستوورە و نالی = ئەندامی سێکسیی B+A

تێربوون و بەخۆهاتنەوە و پەشیمانی = تێربوون و بەخۆهاتنەوە و پەشیمانی.

کەوابێ لێکچوونێکی زۆر نزیک لە نێوانی فەزای قەسیدەی مەستوورە لەگەڵ پرۆسەی چاتکردن بە (Webcam)دا هەیە.. ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە ئەگەر بە چاوێکی پڕ لە کۆنستراتسیۆن لەو قەسیدەیە بڕوانین ئەوا ڕێک لە کۆوارێکی وێنەییی سێکسی دەچێت، تەواوی کۆوارەکە وێنەی جۆرەوجۆری ئەندامی سێکسیی مەستوورە و نالیی تێدا بڵاو کراوەتەوە:

وەک خەیمە بە پەردێکی دوو ئەستوونە بە پا بێ
سەر تیلەکی نەختێ بە نەزاکەت قڵەشابێ

بۆ خوێنەری سەردەمی نالی ئەو بەیتەی کە بە نموونە هێناومانەتەوە چ جیاوازییێکی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە یەکێک لە سالآنی ١٩٧٠کاندا لە کۆوارێکی خیلاعی ڕەش و سپی ڕوانیوە لە کوردستاندا.

مەبەستمان لەو لێکچوواندنانە ئەوەیە کە نالی زۆر پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، زۆرجاریش وا ڕێک کەوتووە کە خەیاڵ و فەنتازیای نووسەران لە

ڕێگەی دەقەکانیانەوە بەرهەم و ئیختراعی نوێیان هێناوەتە کایەوە. بۆ نموونە: نووسەری رووسیایی- ئەمەریکایی 1992 -1920 Issac Asimov پرۆفیشناڵێک بوو لە بواری (Biochemie) کیمیای زیندەوەرزانی و لە هەمان کاتیشدا نووسەرێکی ناودار و داهێنەری بواری نووسینی خەیاڵی زانستییە، ئەو پێشکەوتنەی کە لە بواری رۆبۆت و پێشکەوتنی رۆبۆت لە دنیادا رووی داوە بەشێکی گرینگی بۆ رۆمان و چیرۆک و نووسینە خەیاڵییەکانی ئەو دەگەڕێتەوە[٤١].

کەوابێ ئاسان بوو ئەگەر نالی لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو ئەو قەسیدەی بنووسیبووا و گرینگیی پێ بدرابووا، ئەوا زۆر زووتر بیر لە دەرکردنی کۆوارێکی پۆرنۆیی بکرابووایەوە، کە تا ئێستایش کورد نییەتی.

بۆیە ئەگەر تەنیا ئەو قەسیدەیە بکەینە پێوەر بۆ جورئەت و زیرەکی و باڵادەستیی نالی ئەوە بە هیچ شێوەیەک هەڵەمان نەکردووە و دەتوانین بڵێین: نالی لە ریزی هەموو ئەو داهێنەرانەیە کە دەستیان هەبووە لە دروستکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی.

ئەگەر لە لایەنێکی تری ئەو قەسیدەیە بکۆڵینەوە ئەوا وەک دەردەکەوێ و دەبینین دڵداری و سێکس پەردەیەکیان کەوتووەتە نێوان، نالی تەنانەت بە یەک وشەش گوزارشت لە عیشق و مەحەبەت و خۆشەویستیی خۆی ناکا بۆ مەستوورە، هەموو مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە کە وێنەی ئەندامی سێکسیی خۆی و مەستوورە نیشان بدا و دواتر بکەوێتە نێو هەڵبەز و دابەزێکی دەروونیی و جەستەیی و لە کۆتاییش کە وا پێ دەچێت گەیشتبێتە ئۆرگازموز و پاشانیش پەشیمانیی خۆی نیشان دەدا..

زۆر کورتتر بڵێین: نالی لەو قەسیدەیەدا رۆڵی شۆومەن و شۆومەنی بە مەستوورە و بە خۆی داوە، واتە: جیاوازیی ئەوانەی کە لە رێگەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و چات و Webcamدا خۆیان رووت دەکەنەوە و دەکەونە نێو حاڵەتی (Selbstbefriedigung –خۆتەواوکردن) یا لە رێگای خۆت و خەیاڵی خۆتەوە گەیشتن بە ئۆرگازموز لەگەڵ نالی و مەستوورە لەوەدایە، ئەوان ئەو حاڵەتە

تەعمیم و پەرش و بڵاو ناکەن، کەچی نالی و مەستوورە عەورەت و زەکەری خۆیان نیشانی هەموو خوێنەرێک داوە.. لەوێوە دەشێ کە هۆیەک بن بۆ بزواندنی هەستی سێکسی لای کەسانی تر و وایان لێ بکەن کە ئەوانیش بکەونە نێو ئەو پرۆسەی خۆتەواوکردنە.

هەر ئەو هۆیەیە کە وادەکا بڵێین: لەو قەسیدەیەدا نالی و مەستوورە دوو ئەکتەری سەرەکیی فیلمێکی پۆڕنۆن.. بێگومان لە فیلمەکەشدا هەر ئەو دوو ئەکتەرە دەور دەبینن بەبێ بوونی هیچ دیکۆرێک و هیچ شوێنێکی تری جەستە، جگە لەوەی کە جارێک زوومی کامێرا دەچێتە سەر مەمکە زیوینییەکانی مەستوورە، ئەگەرنا بە درێژاییی فیلمەکە کامێرا لەلایەن دەرهێنەرەکەوە کە نالییە لە گۆشەی جیاجیاوە وێنەی ئەندامی سێکسیی نالی و مەستوورە دەگرێ.

بەو پێوەرانەی کە ئەو قەسیدەیەمان پێی خوێندەوە، قەسیدەی مەستوورە دەکەوێتە خانەی (پۆڕنۆگرافیا)وە، (Pornographya) یا (porn-porno) هونەری وروژاندنی غەریزەی سێکسییە لە رێگەی ئەدەبیات و وێنە و تابلۆ و پەیکەرتاشی و فیلم و کاسێتی دەنگی و کاسێتی ڤیدیۆیی و هەتا هەندێ گەمەی کۆمپیوتەریش.[٤٢]

وەک لە پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد مێژووی پۆڕنۆگرافیا- ئیرۆتیک دەگەڕێتەوە سەردەمی چاخە زووەکان، بەڵام لەو سەردەمانە تەنیا لە رێگەی نەقاشی و پەیکەرتاشیی ئەدەبیاتدا بوو، ئەمە و تا ساڵانی ١٩٧٠یەکان بەرەنجامی شۆڕشی سێکس لە رۆژئاوادا کۆوار و کاسێتی ڤیدیۆیی بە شێوەیەکی پەرش و بڵاو کەوتە نێو بازاڕەکان، لە ١٩٩٠یش بەولاوە ئیدی وردە وردە سایتی ئینتەرنێت و دوای ١٩٩٥یش کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەشێوەیەکی بەربڵاو دەستیان کرد بە نیشاندانی ئەو جۆرە وێنانە، دیراسەیەکی بەریتانیایی ئاشکرای کردووە کە ئێستا سێ لە چواری کۆمەڵگەی بەریتانیایی خەریکی کردنەوەی سایتەکانی پۆڕنۆن.

ئاینی ئیسلام بە شێوەیەکی رەها هەموو جۆرە بزواندنێکی سێکسی و

تەماشاکردنی ئەندامیی سێکسیی کەسانی تری قەدەغە کردووە، ئەوەیە کە لە قورئاندا دەڵێت: {ـقل للمؤمنين يغضوا من أبصارهم ويحفظوا فروجهم ذلك أزكي لهم إن الله خبير بما يصنعون، وقل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن ويحفظن فروجهن} [سورة النور : ٣٠-][٤٣].

هەروەها ئاینی مەسیحیش بەتەواوی ئیباحییەت یا پۆرنۆی حەرام کردووە، ئەوەیە مەسیح لە ئینجیلدا دەڵێ: "نیگای شەهوەتئامێز مەعنای ئەوەیە کە تۆ بە دڵ زینات کردبێ"[٤٤].

لێرەدا زیاتر بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی نالی کردوویەتی بەگوێرەی یاسا و رێسا و شەرع و دەستووری هەموو دینەکان قەدەغەیە، نەک هەر قەدەغەیە بگرە حەرامێکی گەورەشە.

کەوابێ نالی کەسێکی لادەرە و حەرامی کردووە لەو قەسیدەیە، بە پێچەوانەی زۆر لەو قەسیدانەی کە بۆ پێغەمبەری نووسیوە، هەر ئەوەشە کە وادەکا ئێمە بڵێین: نالی خاوەنی فەزایەکی کراوەیە و هەر کەسێک دەتوانێ لە بەشی خۆیدا لەزەت و چێژی لێ ببا.

# بەشی پێنجەم

## پرۆسەی سێکس لە دیوانی نالیدا

بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی سێکس لە شیعرەکانی نالیدا پێویستیمان بە گەڕانەوەیەکی تەواو هەیە بۆ دیوانی نالیی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، بە تایبەتیش لە تێکستی:

ئیلتیقای پۆلا و ئاسن هەر نیزاعە و گیر و دار
جەمعی ما و نار و، زەند و زەندەوو، مەرخ و عەفار
ل ١٧٠

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەمان پێویستە تێکستەکە و بەشێکی زۆر لە شەرحەکەی مامۆستایان بنووسینەوە، چونکە بێ نووسینەوەی ئەو تێکست و تەفسیرانە رەنگە کەمتەرخەمییەک بکەوێتە نێو پرۆسەی گەیاندن، با لە نووسینەوەی تێکستەکە دەست پێ بکەین:

ئیلتیقای پۆلا و ئاسن هەر نیزاعە و گیر و دار
جەمعی ما و نار و، زەند و زەندەوو، مەرخ و عەفار

ئەم لەسەر تەعزیم و گەورە گرتنی ئەو بێ قوصوور
ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی زاری مار

ئەم بچێ، ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران
ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەک و قەترە هەزار

ئەم بە چاو دوڕڕ و بەســەر لەعلی هەدییــە بۆ دەبا
ئەو بە تف دەیکا بە مــیــزابی شکســتــەی ئابشــار

نەزمی (نالی) مــیــسلی ئاو و ئاوێنە رەنگی نیــیــە
دو ڕووە بۆ ســەیری خــاتر: یەک خــەفی و یەک ئاشکار

ل ١٧٠-١٧٤

ئەگــەر لە بەیتی کــۆتاییــیــەوە دەست پێ بکەین ئەوا نالی بە ئاشکرا رای گەیاندووە کە شیــعرەکانی وەکــو ئاو و ئاوێنە وان، هیــچ رەنگیــان نیــیە، دوو ڕووشن کــە دەتوانرێ زیاتر لە مــەعنایەک و خــوێندنەوەیەک هەڵبگرن.. رەنگە هەر لەبەر ئەو هـۆیەشــەوە بێ کــە مــامــۆســتــایان هێندە ورد و بە دیقــەت تەفسیرەکەی خۆیان ئەنجام داوە.

بێگومان ئەو تێکستە هەڵگری کێشمەکێش و بینە و بەردەی زۆرە، ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ بەیتی یەکەم ئەوا دوای دوو خوێندنەوە بۆ ئەو بەیتە لەلایەن مامۆستایانەوە، مەسعوود محەمەدیش بۆچوونێکی جیاتری هەر سەبارەت بە دەسپێکی ئەو بەیتەوە هەیە (ئیلتیقای پۆڵا و ئاسن کە لە شەرحەکەدا بە تێکەڵبوونی نێر و مێ لێکدراوەتەوە، لە ئاست داخوازیی مەقام، کورت دەهێنێ، چونکە گونجاندنێکی متمانەگەیێن، نە بە وشەی پاتەوپات و نە بە زەوینەیەکی مەعنەویی دڵڕاگر، لە بەیتەکەدا نییە. من رایەکی یەکجارەکی لەم مەسەلەیەدا نادەم، هەر ئەوەندە دەڵێم: شەرحەکە لەبەر هەر هۆیەک بێت خوتخوتەی دڵ کپ ناکات. لە نموونەدا دەڵێم، وشەی – حدید – لە شەرحەکەدا مێیینە و ـ پۆڵا ـ نێرینە حیساب کراوە، ئەگەر قورئان بکەین بە شایەد بۆ حدید تەعبیری (فیه بأس شدید)ی بەکار هێناوە نەک (فیها) تەئویلێکی نەحوی هەیە دەیکا بە مێ، وشەیەکی لە چووککردنەوە (تصغیر)دا بوو بە مێ، هەر بە مێ حیساب دەکرێت، ئیتر لەم بەیتەدا دەبێ بڵێین نالی قورئانی بەلاوە ناوە لەبەر نەحو[٤٥].

بەبۆچوونی من تەفسیرەکەی مامۆستایان لە بەیتی یەکەم تەفسیرێکی زۆر دەقیق و ورد و لە جێیە، هەردوو خوێندنەوە واتە: مەعنا ئاشکرا و مەعنا شاراوەکەیان زۆر بە ژیری و بە زیرەکی دەرهێناوە.

لە بەیتی دووەمدا نالی دەڵێ: پیاو خەریکی گەورەکردنی سکی ژنە، ژنیش خەریکی وشککردن و ئاو دەرهێنانە لە پیاو.

مەبەستی قسەکردنی ئێمە سەبارەت بە پرۆسەی سێکس لە دیوانی نالیدا بە تەواوی لەو بەیتەدا دەردەکەوێ:

ئەم بچێ، ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خەندەران

ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ، چاو یەک و قەترە هەزار

(واتە: کە پیاو چوو بۆ لای ئافرەت، ئافرەت بە دەمی وەک گوڵ خەندەران سووری، کراوەیەوە، لەبەر دەمیدا دادەنیشێ، کە ئافرەتیش بێ بۆ لای پیاو، دەبێ ئەم بە یەک چاو و هەزار دڵۆپەوە هەستێتەوە..)[٤٦].

ئەو شەرحە خوێنەر تێر ناکا، ئەمە لەلایەک، کەموکووڕی و تێنەگەیشتنێکیشی تێدایە لەلایەکی ترەوە، (ئەم بچێ) مەبەست لەو (ئەم)ە پیاو نییە، بگرە مەبەست ئەندامی سێکسیی پیاوە، (ئەو دادەنیشێ) مەبەست لەو (ئەو)ە، ژن نییە، بگرە مەبەست ئەندامی سێکسیی ژنە.. فیعلی (دادەنیشێ) بە مانای ئامادەسازی و تەواو پێکردن دێتن، بە مانای خۆ متکردن و تەسلیمبوون دێ.

(دەم وەکو گوڵ خەندەران) مەبەست لە (دەم)، دەمی ئەندامی سێکسیی مێیە، نەک دەمی مرۆڤ، (وەکو گوڵ خەندەران) یەکێ لە سیفەتەکانی گوڵ خەندەران ئەوەیە کە سوورە، هی دووەمیان ئەوەیە کە ناسکە، سێیەمیان: دەم دەکاتەوە و کە شتێک بچێتە ناوی خۆی دەگوشێ و ئەو شتە هەڵدەمژێ و دەمی دادەخا.

بەداخەوە مامۆستایان لە لێکدانەوەی ناوی گوڵ خەندەران تەنیا

نووسیویانە: سوورە و ناسکە، کەچی باسی خەسڵەتی سێیەمیان نەکردووە، کە مەبەست لە بەکارهێنانی گوڵ خەندەران لەو بەیتەدا تەنیا خەسڵەتی سێیەمە، دەمی کراوەتەوە کە شتێک دەچێتە ناوی دەیگوشێ و دەمی دادەخا، ڕێک وەکو ئەندامی سێکسیی مێیە لە کاتی پرۆسەی سێکسدا.

(ئەم دەبێ هەستێ) مانای ئەو ڕستەیە ڕۆشنە، مەبەست لە ئەندامی سێکسیی نێرە، (ئەم دەبێ هەستێ... هەستانەکە بێ مەکە مەکە، هی ئالەتی پیاوە)[٤٧].. (کە ئەو بێ) تووشی کێشەمان دەکات، (ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ) ئەو ڕستەیە کۆمەڵێک خوێندنەوەی بۆ دەکرێ:

١- (ئەم دەبێ هەستێ کە ئەو بێ) دەتوانین (ئەم) وەک فاعیل دابنێین واتە: ئەوەی کە سێکس دەکات دەبێ هەستێ و واز لە پرۆسەکە بێنێ، لەو حاڵەتەی کە دەگاتە ئۆرگازموز، (چاو یەک و قەترە هەزار) مانای ئەو ڕستەیەش زۆر ڕۆشنە، ئەوە ئەندامی سێکسیی پیاوە کە یەک چاوی هەیە و هەزار قەترە دەڕێژێ، کەوابێ فاعیل کە (سپێرم _ تۆو) دەڕێژێ دەبێ هەستێ و تەواو دەبێ.

٢- (ئەم) ئەگەر ئەندامی سێکسیی پیاو بێ، ئەوا دەبێ هەستێ تا (ئەو) بێ، لێرەدا (ئەو) دەبێتە چی؟ ئەندامی سێکسیی مێ؟ ئەگەر دامان نا کە ئەندامی سێکسیی مێ دەبێ بێ تا هی پیاو هەستێ ئەوا وای لێ دێ: دەبێ ئەندامی سێکسیی نێر هەستێ کە ئەندامی سێکسیی مێینە دێ، یا کە ئەندامی سێکسیی مێ دێ هی پیاو دەبێ هەستێ، دواتر پرۆسەی تەواوبوون یا ئۆرگازموز و تۆو ڕژاندن دێ.

لە بەیتی چوارەمدا مامۆستایان ئاوایان شەرح کردووە:

ئەم بە چاو دوڕڕ و بەسەر لەعلی هەدییە بۆ دەبا
ئەو بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار

واتە: (پیاو بە چاوی، دڵۆپی ئاوی وەک مرواریی سپی و بە سەرەکەی سوورایی وەک لەعل دەبا بۆ ئافرەت، کەچی ئەو لە پادشا ئەوەندە تف

به دیارییەکەیدا هەڵدەدا وەک پلوسکە شکاوی تاڤگەی لێ دەکا)[٤٨].

(ئەم) لێرەشدا مەبەست لە ئەندامی سێکسیی نێرە، ئەم بە چاو سپێرم بۆ ئەندامی سێکسیی مێ دەبا، بەسەر لەعلی هەدیییەی بۆ دەبا، سەری ئەندامی سێکسیی نێر لە حاڵەتی سێکسدا سوور دەبێتەوە و وەکو ئەوە وایە سوورایی وەکو لەعل بە دیاری بۆ ئەندامی سێکسیی مێ ببا.. بە کورتی مانای نیوەی یەکەمیی بەیتەکە بەو شێوەیە: بە چاو تۆوی سپیی وەک دوڕی بۆ دەبا و، بە سەریش سوورایی وەک لەعلی بە دیاری بۆ دەبا.

(ئەو بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار) لەنێو پرۆسەکەدا نێر تف بە ئەندامی سێکسیی خۆی دادەکا، تا ئێرە زۆر ڕۆشنە، بەڵام کە دەگەیتە (میزابی شکستەی ئابشار) لێڵییەک دێتە پێشەوە، شەرحی دیوانی نالی لەم ڕووەدا توانای تێرکردنی خوێنەری نییە و لە کۆڵ خۆ کراوەتەوە.

وەک لە پێشتریش نووسیمان کە ئەو تێکستەی نالی هەڵگری شتی زیاترە، ئاڵۆزییەکی پێوە دیارە، ئەگەرچی ئێمە بە کورتی هەندێ شتمان لەبارەیەوە خستە ڕوو، بەڵام ئەوەتەیە بە بۆچوونی کەسێکی وەک مەسعوود محەمەدیش ئەو تێکستە شایانی هەڵوەستەکردنی زیاترە: (خولاسە لەگەڵ تێکڕای ئەم قەسیدەیە و شەرحەکەی دیوان نائارامم.. خوێنەر بمبەخشێ شتێکی متمانەگەیێنم پێ نییە)[٤٩].

بەڵام ئەوەی کە ئێمە پێی گەیشتین نەختێ جیاترە، چونکە نالی لەو قەسیدەیەدا ڕێک باس لە پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنی سێکس دەکات، بە شێوەیەکیش کە وێنەی چوونە ناو و دەرهێنانی ئەندامانی سێکسیی نێر و مێمان بۆ نمایش دەکات و لە سپێرم دەدوێت و حاڵەتی گەیشتن بە ئۆرگازموزیش دەخاتە ڕوو.

# بەشی شەشەم

## تەوەری یەکەم

Homosexuality ــ هاوڕەگەزبازی

(Homosexuality ــ هاوڕەگەزبازی) هەوەس و حەز و سەرنج ڕاکێشیی جەستەیی و دەروونی و عاتیفی و هەستیاریی بەردەوامی کەسێکە بەرانبەر بە کەسێکی هاوڕەگەزی خۆی، بە واتایەکی تر: حەزکردن و شەهوەت بزێوی و هەستکردنێکی دەروونی و عاتیفی و جەستەیی لە کەسێکەوە بۆ هاوڕەگەزەکانی پێی دەڵێن: (Homosexuality ــ هاوڕەگەزبازی).

جیاوازی لە نێوانی ئەوانەی کە مەیلی هاوجنسبازییان هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە مومارەسەی سێکسیی هاوڕەگەزی خۆیان دەکەن لەوەدایە، کە بەشێکی زۆری ئەوانەی ئەو مەیلەیان هەیە بەبێ ئیرادەی خۆیان خاوەنی ئەو مەیلەن، کەچی بەشێکی تری ئەو مەیلە نائیرادەییان نییە کەچی مومارەسەی سێکسی لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان دەکەن.

کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی زانستی کە زاناکانی دەروونناسی و پزیشکە دەروونناسەکان ئەنجامیان داوە، هۆیەکانی بوونی ئەو حاڵەتە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە حەز و هەست و هەوەسی سێکس لای مرۆڤ کردەیەکی ئیختیاری نییە، واتە: مرۆڤ بە هەوەسی خۆی ناتوانێ جۆری هەست و حەزلێکردنی سێکسی بە مەیل و ئیرادەی خۆی هەڵبژێرێ، هەر لەبەر ئەو فاکتۆرەشە کە خەڵکی ئاسایی بەشێوەیەکی ئاسایی حەز و هەستی سێکسیی بۆ ڕەگەزی جیا هەیە کەچی بە پێچەوانەوە کەسانی تر هەن لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیان ئەو حەزەیان بۆ هاوڕەگەزی خۆیان هەیە.

بۆیە دەبینین لە هەندێ دیراسەی باوەڕ پێکراوەوە دەرکەوتووە کە ٤٪ دانیشتوانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی واتە: لە کۆی ٦ ملیار مرۆڤ ٤٥٠ ملیۆن مرۆڤ هاوجنسبازن.

هاوڕەگەزبازی بە تەنیا لای مرۆڤ سنووربەند ناکرێ، بگرە وەک بەشێوەیەکی زانستی و دوکۆمێنت دەرکەوتووە کە گیاندارانیش ئەو حاڵەتەیان هەیە بە تایبەتیش لای هەندێ لە باڵندە و زەڕافە و مەیموون..

وەک لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەرکەوتووە (Homosexuality ـ هاوڕەگەزبازی) لای ١٥٠٠ جۆری گیانداران بوونی هەیە و لەوانە ٥٠٠ گیاندار بە شێوەیەکی بەرجەستە و دوکۆمێنتی ئەو حاڵەتەیان لەلا سەلمێنراوە.

ئەگەر باس لە مێژووی (Homosexuality ـ هاوڕەگەزبازی) بکەین ئەوا لە ئینجیل و لە قورئانیش و بەر لەوانیش لای یۆنانییەکان و.. تاد باسی لێوە کراوە، وەک گێڕدراوەتەوە قەومی لوط کە لە شوێنی ئێستای دەریای مردوو دەژیان بەو جۆرە کارە ئیدمانیان کردبوو.. ئەوەتەیە لە قورئان لە سورە الشعراء {آیە٢|الشعراء|١٦٥} و الآیە {آیە٢|الشعراء|١٦٦}. و فی سورە الأعراف، الآیە: {آیە ٢|الأعراف|٨٠} و الآیە : {آیە ٢|الأعراف|٨١} بە ئاشکرا باس لە هاوڕەگەزبازی کراوە و تەحریم کراوە، لای زۆربەی ئاینەکانی تریش جگە لە بودییە رۆئاوایی و چینی و یابانییەکان و بەشێک لە کونفۆشییەکان هاوڕەگەزبازی قەدەغە و حەرام کراوە[50].

**تەوەری دووەم**

Homosexuality – هاوڕەگەزبازی و ئەدەبیات:

خۆشەویستی بۆ هاوڕەگەز هێندەی کۆنیی مرۆڤ کۆنە[51].. کەوابێ لەگەڵ دروستبوونی هونەر و ئەدەبیاتدا خۆشەویستی و گوزارشتکردن بۆ هاوڕەگەز لە هونەر و ئەدەبیاتدا رەنگی داوەتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی گریکی و رۆمانییەکان ئەوا هەردەم وەک

نموونەیەکی هەڵبژێردراو بۆ قسە و باس و لێکۆڵینەوە لەو رووەدا پشکی هەرە زۆری بەردەکەوێ..

لەو سەردەمانەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوڕەگەزبازی لەلایەن کۆمەڵگەوە قبووڵ کراوە و بەگوێرەی گێڕانەوە مێژووییەکانیش زۆرێک لە مرۆڤە داهێنەر و بەناوبانگەکانیش هاوڕەگەزباز بوونە، نموونەی هەرە دیاری ئەو بوارەش ئەلێکساندەری گەورەیە.. هەروەها (هیرشفیلد) پاش ئەوە ناوی ژمارەیەکی زۆر پاشا و ئیمپراتۆری نێربازی وەک ئەسکەندەری یەکەمی تزاری رووسیا، ئیدواردی دووەم پاشای ئینگلتەرا کە بووە قوربانیی خۆشەویستی (بیرزجانستون). فردریکی گەورەی پاشای برووسیا، هێنری سێیەمی پاشای فەرەنسا کە دەربارەکەی پڕ کردبوو لە منداڵی لووس و هەروەها لویسی دووەمی پاشای بافاریا دەکات و ناوی زۆر لەو شاعیر و نووسەر و ئەدیبە ناسراوانەی ئەوروپا دەهێنێت کە هاوجنسباز بوون، دەیەوێت بۆ خوێنەری روون بکاتەوە کە ئەو جۆرە کەسانە پێویستە بەڕێزەوە سەیریان بکرێت و سیفەتی نەخۆشییان بخرێتە پاڵ نەک تاوانباری، هیرشفیلد دەڵێت: لە جیاتیی سووکایەتی و هەڵپەساردن، پێویستە تێگەیشتنمان بۆ رەوشی ئەو لادەرانە هەبێت و سوود لە تواناکانیان وەربگرین، هەروەک چۆن یۆنانییەکان پێشتر دەیانکرد)[٥٢].

کەوابێ هاوڕەگەزبازی (دیاردەیەکی کۆمەڵگەی شارنشینە و لە تەواوی شارستانییەتە کۆنەکانی چین و هیند و یۆنان و رۆمان و نەوەکانی دوای ئەوان و تا ئێستاش بینراوە و دەبینرێت، مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە نێربازی لە سەردەمی سۆکرات و ئەفلاتوندا واتە سەدەی چوارەم و سێیەمی پێش زاین دیاردەیەکی بەربڵاو و باو بووە و یۆنانییەکان بەکارێکی دزێویان دانەناوە، لەوەش تێ پەڕێت یاسای یۆنانی رێگەی داوە و پیاوانی دەوڵەت و لێپرسراوان پێیان ئاسایی بووە لەگەڵ (غولام/هەتیو)ەکانیان بچنە شوێنە گشتییەکان..

دەڵێن: کە سوکرات پێی وابوو کە سەیرکردنی مامۆستا بۆ منداڵ بەچاوی

عیشق و خۆشەویستی کارێکی پێویست بووە بۆ گەیاندنی زانست و زانیاری و لە خزمەت پرۆسەکەدا بووە، ئەگەر مەسەلەیەکی وا بۆ سوکرات راستیش نەبێت ئەوە کەس ناتوانێت نکووڵی لەوە بکات کە ئەفلاتونی قوتابیی سوکرات لە دڵەوە عەشقی منداڵ دەبوو، ئەو پێی وابوو کە (ئاساییە پیاوێک عەشقی پیاوێک بێت)[٥٣].

لە کلاسیکیی کۆن و کلاسیکیی نوێ و تا بە ئەمڕۆش رادەگات، بەرهەمی ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بە تایبەتی سەبارەت بەو تێمەیە بوونی هەیە، بۆ زانیاریی زیاتر لەو رووەدا دەتوانین بۆ ئەم ئەدرێسەی سایتێکی ئینتەرنێت بگەڕێینەوە http://en.wikipedia.org/wiki/Homosexuality کە باس لە ئەدەبیاتی هاوڕەگەزبازی دەکات و ئەم ناوانەی خوارەوە بەشێکن کە لەو بوارەدا کاریان کردووە، وەک دەردەکەوێ شاعیری بەناوبانگی عێراقی ئەبونەواس لە سەرووی لیستەکە دێ، ئێمە دوای نووسینەوەی ناوی ئەو نووسەرانەی کە لەو بوارەدا کاریان کردووە هەوڵ دەدەین نەختێ بە کورتی لە ئەبونەواس بدوێین و دواتر دەچینە سەر تێمەی ئەسڵی کە ئەویش هاوڕەگەزبازییە لای نالی:

ناوی بەشێک لەو نووسەرانەی کە سەبارەت بە هاوڕەگەزبازی نووسیویانە:

A

Abu Nuwas
Nene Adams
Am Rande des Himmels
Jerzy Andrzejewski
Kenneth Anger
Gustl Angstmann
Reinaldo Arenas
Auden .H .W

B

Guido Bachmann
James Robert Baker
James Baldwin
Clive Barker
Djuna Barnes
George Baxt
Jaime Bayly
Alison Bechdel
Gad Beck
Louis Begley
Gu_bergur Bergsson
Ulrich Berkes
Das Bildnis des Dorian Gray
Marie-Claire Blais
Dirk Bogarde
Jane Bowles

Paul Bowles
Marion Zimmer Bradley
Harold Brodkey
Sylvia Brownrigg
Anthony Burgess
Bur- . William S roughs
Judith Butler

C

Pat Califia
Truman Capote
Edward Carpenter
Mohamed Choukri
Carlo C_ccioli
Jean Cocteau
Dennis Cooper
Albert Cossery
Noël Coward
Hart Crane
Quentin Crisp
Michael Cunning-ham

D

Martin Dannecker
Abha Dawesar
Delany . Samuel R
John D'Emilio
Lutz van Dijk
Emma Donoghue
Alfred Douglas
Norman Douglas
Dykes to Watch Out For

E

Heinrich Eichen
Vilhelm Ekelund

F

Lillian Faderman
Karen-Susan Fessel
Hubert Fichte
Walter Foelske
Forrest . Katherine V
Forster . M . E
Jürgen Friedenberg
Fruttero & Lu-centini F (Fort-setzung)
Carlo Fruttero
Stephen Fry
James Fugaté

G

Christoph Geiser
Sina-Aline Gei_ler
Jean Genet
André Gide
Allen Ginsberg
Georges-Arthur Goldschmidt
Witold Gombrowicz
Melissa Good
Frank Goyke
Juan Goytisolo
Judy Grahn
Julien Green
Jim Grimsley
Detlef Grumbach
Hervé Guibert

H

Gino Hahnemann
Joseph Hansen
Bertha Harris
Joachim Helfer
Patricia Highsmith
Magnus Hirschfeld
Peter Ralf Hofmann
Andrew Holleran
Alan Hollinghurst
Heinrich Hössli

I

Christopher Isher-wood

J

Hans Henny Jahnn

Rudolf Jung (Autor)

K

Arthur Knebel
Bernard-Marie Koltès
Friedrich Kröhnke
Elisar von Kupffer
Hanif Kureishi

L

Friedo Lampe
Josh Lanyon
Rüdiger Lautmann
David Leavitt
John Lehmann
Amy Levy
Erich Lifka
H_kan Lindquist
Audre Lorde
Mabel Dodge Luhan

M

John Henry Mackay
Christian von Maltzahn
Erika Mann
Klaus Mann
Thomas Mann
Andreas Marber
Eric Marcus
Del Martin
Gigi Martin
Armistead Maupin
Hans Mayer
McClatchy .D .J
Carson McCullers
Terrence McNally
Barry McCrea
Karl Meier (Schauspieler)
Willem de Mérode
Detlev Meyer
Mishima Yukio
Henry de Montherlant
Fritz Morgenthaler M (Fortsetzung)
Danny Morrison
Murathan Mungan
Mirjam Müntefering
Kurt Münzer

N

Joan Nestle
Nickstories
Stephan Niederwieser

O

Nuala O_Faolain
Jamie O_Neill
T_nu _nnepalu
Joe Orton

P

Camille Paglia
Pier Paolo Pasolini
Cristina Peri Rossi
Roger Peyrefitte
Felice Picano
Richard Plant
August von Platen-Hallermünde
Minnie Bruce Pratt
Rosa von Praunheim
Marcel Proust
Manuel Puig
James Purdy

R

Marguerite Radclyffe Hall
Friedrich Radszuweit
John Rechy
Reimut Reiche
Christa Reinig
Felix Rexhausen
Anne Rice
Christopher Rice

Keith Ridgway
Arthur Rimbaud
Catherine Robbe-Grillet
Michael Roes
Alma Routsong
Jane Rule

S

Umberto Saba
Mário de Sá-Carneiro
Sappho
Asta Scheib
Scher- ،Ronald M nikau
Peter Schult
Melissa Scott
Wolfram Setz
Shyam Selvadurai
Hans Siemsen
Charles Silverstein
Mike Soper
Stephen Spender
Andreas Steinhöfel
Steward ،Samuel M
Straton von Sardis
Sturgis ،Howard O
Ron Suresha
John Addington Symonds

T

Abdellah Taïa
Colm Tóibín
Günter Tolar
Michel Tournier

U

Grete von Urbanitzky

V

Urvashi Vaid
Ruth Vanita
Gore Vidal

W

Michael Warner
Sarah Waters
Edmund White

هەروەها لە سەردەمی عەباسییەکانیش: ئەو شاعیرانە بە ئاڵای ئەو بوارە دادەنرێن: والبة بن الحباب، الحسين بن الضحاك، مصعب الكاتب، ابي جفنة الرقاشي، عمرو بن الملك الوراق، الثرواني الكوفي، العبادي.. تاد)

لە هەموو ئەو ناوانەی کە لە سەرەوە نووسیمان لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی چەند دێرێک سەبارەت بە ئەبونەواس بنووسین:

ئەبونەواس یا ئەلحەسەن کوڕی هانی ئەلحەکەمی ئەلدیمەشقی شاعیری عەرەبی ئەهوازی یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرانی سەردەمی عەباسییەکان، لە ساڵی (٧٥٧ ی زاینی لە ئەهواز لە باوکێکی عەرەب و دایکێکی فارس لەدایک بووە و لە ٨١٥ زاینی مردووە). ئەبونەواس لە سەردەمی هارونە رەشید ژیاوە و یەکێک بووە لەوانەی کە لە چیرۆکی ١٠٠١

شەوە ناوی وەک هاوڕێی هارونە رەشید هاتووە.

دوای بەزینی مەروان لە شەڕی (ئەلزاب) خانەوادەی شاعیر بۆ بەسرە گواستیانەوە، ئەبونەواس لەو سەردەمەدا تەمەنی دوو ساڵان بووە، هەندێکیش دەڵێن: شەش ساڵان بووە، لەو سەردەمانە لە دوکانی عەتاریدا کاری کردووە.

لە بەسرەوە چوونەتە کووفە و لەوێ (والبەی کوڕی ئەلحەبابی ئەسەدی کووفی) ناسیوە کە یەکێکە لە ئەستێرە درەوشاوەکانی شیعری هۆمۆئیرۆتیکی عەرەبی، ئەو شاعیرە رۆڵی گێڕاوە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئەبونەواس.

پاشان ساڵێک لە بادیە زمانی خوێندووە و دواتر گەڕاوەتەوە بەسرە و لەوێ لەسەر دەستی گەورە زانایان زانستەکانی شیعر و ئەدەبیاتی خوێندووە[٥٤].

ئەوەی دەمانەوێ سەبارەت بە ئەبونەواس بیڵێین بیۆگرافیاکەی نییە بگرە ئەوەیە کە (-أبونواس- بە مامۆستای شیعری نێربازی عەرەب دادەنرێت و شیعرەکانی مەزنترین رەواجیان لای ئەدیبان و کۆڕە گشتی و تایبەتییەکاندا هەبووە و هاودەم و شاعیری دەرباری خەلیفە هارونە رەشید بووە)[٥٥].

بەوجۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە لە رۆئاوا و رۆهەڵاتدا هەر لە سەردەمی یۆنانی و رۆمانییەکانەوە تا دەگاتە مێژووی زووی هیند و ئێران و چین و سەردەمی تەورات و ئینجیل و قورئان و..تاد هاوڕەگەزبازی بوونی هەبووە و لە ئەدەبیاتیشدا رەنگی داوەتەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین لەو بەشەی دادێ سەبارەت بە هاوڕەگەزبازی لە دیوانی نالی چەند سەرنجێک بخەینە روو.

## تەوەری سێیەم

### هاوڕەگەزبازی لە دیوانی نالیدا

بوونی بێ ئرادەیی لە ئیختیاری ئارەزووی سێکسی لای مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ڕادە و ڕێژەی نێر یا مێیایەتی لە نێر و مێدا، (دیارە تێگەیشتنی راستییەکان وا گران نابێت گەر زانیمان تاقیکردنەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە پیاوێک نییە بەمانای تەواوی وشەکە پیاو یاخۆ نێر بێت، بۆ ژنیش بەهەمان شێوە مەسەلەکە وایە، واتە ڕێژەی نێرایەتی و مێیایەتی لای هیچیان ١٠٠٪ نییە و هەریەکەیان بەشێک لەم و بەشێکی لەوی تری تێدایە، بۆ نموونە: پیاو هەیە ڕێژەی نێرایەتییەکەی ٨٥٪ ە و ١٥٪ی تری مێیینەیە، ئەو ڕێژەیەی کە کەمی و زۆرییەکەی کاریگەری لە ئارەزوو و سروشت و ئاکاری سێکسیی مرۆڤەکە دەکات، هەر بۆیە بوونی ئەندامی سێکسیی نێرینە لە پیاوێکدا مەرجی پیاوەتیی تەواو و کامڵی نێرینەییی سێکسیی ئەو پیاوە ناگەیەنێت، زۆر ڕێ دەکەوێت کەسێکی وا لە شکڵی پیاوەتیدا ئاکاری ژنانەی لە رۆیشتن و قسەکردن و جل لەبەرکردن و تەنانەت لە ئارەزووی سێکسیشدا هەبێت)[٥٦].

هەندێ جار و لە هەندێ شوێندا نائاگایی زاڵ دەبێ لە پرۆسەی نووسیندا، لەو حاڵەتەدا کۆمەڵێ شتی شاراوەی نێو مێشک و دەروون تەرجەمەی حەرف و وشە دەبن و نهێنییەکان دەردەخەن، لە چەند بەیتێکی قەسیدەی:

عیشقت، کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیلا کچ

شیرین کچ و، لەیلا کچ و، سەلما کچ و، عەزرا کچ

ل ١٥٧-١٦٣

ئەوەی گومانی تێدا نییە لەو تێکستە ئەوەیە کە مەسەلەی هۆمۆسێکوێل وەک تێمەیەک ورووژاوە و باس کراوە، بووەتە چوارچێوەی ئەتمۆسفێری ئەو تێکستە باس لە بەراوردکردنی نێوانی کوڕ و کچە، ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو ژینگەیەی نالی تێیدا ژیاوە هاوجنسبازی تێیدا بابەت

بووه، هەر ئەو هۆیەش وای کردووه کە نالی ئەو قەسیدەیە بنووسێ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمە بێ ئەوەیە کە نالیش لە ڕێگەی ئەو بەراوردەی کە دەیکات بۆچوونی خۆیمان لەو ڕووەدا بۆ دەخاتە ڕوو، جا ئەو خستیە ڕووە لە ئاگایی یاخۆ نائاگایی بووبێ..

بابێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازی، بەس

نالی چییە ئەو بابە: ئادەم کوڕ و حەوا کچ

عەشقی مەجازی یا خۆشەویستیی سێکسئامێز، تەنیا دەبێ لە نێرەوە بۆ مێ و لە مێشەوە بۆ نێر بێ، چونکە لە ئەسڵەوە هەر وابووە، ئادەم کوڕ بووە و حەواش کچ، کەوابێ نابێ نێر لەگەڵ نێر، یاخۆ مێ لەگەڵ مێ عەشقی مەجازی ئەنجام بدەن.

ئەو بەیتە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو قەسیدەیە دەکەوێتە خانەی ئەدەبیاتی هاوڕەگەزبازی ئەمە لەلایەک، نالی بۆچوونی خۆیشمان پێ ڕادەگەیەنێ کە لەگەڵ هاوڕەگەزبازیدا نییە لەلایەکی ترەوە.

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەیتەکانی پێشووتری ئەو شیعرە ئەوا شتێکی تر هەڵدەکرێنین جیا لە تێڕامانی نالی لە بەیتی کۆتایی جا ئەمە لەبەر هەر هۆیەک بووبێ:

کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە

بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ

کوڕ جوانیی قوتابخانەیە، کچ مۆمی تاریکستانە.. بۆ بەزمی تەماشاکردن کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنیایی و پێکەوەبوونیش کچ..

کوڕ جوانە و بۆ بەزمی تەماشاش خۆشە، یەعنی چی؟ ئاخۆ بۆ عیشقێکی سۆفیگەرییانە کوڕ خۆشە؟ ئاخۆ مەبەست لە عیشقی تەسەوف لێرەدا ئەوەیە تەماشای کوڕ بکەیت و لەزەت لە جوانییەکانی ببەیت دوور لە عیشقی مەجازی؟ هەر چۆنێک بێت ئێمە لێرەدا کار لەناو گوتنی گوتراوێک دەکەین کە دەڵێ بۆ بەزمی تەماشا کوڕی خوان خۆشە.. ئەگەر لەو بەیتەش نەمانتوانیبێ

عەکسی بۆچوونی بەیتی کۆتا بسەلمێنین ئەوا لەو بەیتە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە لە چەند بەیتێکی نێو ئەو شیعرە لە نائاگاییدا هەندێ شتی درکاندووە:

کوڕ ئایینەیی حوسنی، تا وەک کچە، مەنزوورە

گرتی کە غوباری موو چینی کوڕ و مینا کچ

(واتە: ئاوێنەی جوانیی ڕوومەتی کوڕ تا وەک هی کچ وایە و مووی لێ نەهاتووە، بۆ تەماشاکردن دەشێ. بەڵام کە تۆزی گەنە تووکی لێ نیشت، وەک قاپی فەخفوریی لێ دێ، کەچی کچ هەر بە شووشەییی خۆی دەمێنێتەوە و هیچی لێ نایە)[٥٧].

ئەگەر ئێمە ئەو بەیتە بە شێوەی پەخشان دابڕێژینەوە ئاوای لێ دێ: کوڕ تا هێشتا هەر وەکو کچە ئاوێنەی جوانییە و جێگەی تەماشاکردنە، بەڵام کە غوباری موو کوڕی داپۆشی (چینی کوڕ) و (مینا) کچ.

چینی بە قاپی فەخفووری و میناش بە شووشە لێکدراوەتەوە لە دیواندا، من گومانم لەو لێکدانەوەیە هەیە، چونکە دەلالەتەکانی فەخفووری و شووشە زۆر لە جێ نییە بۆ بەراوردکردنی کچ و کوڕ لەو بەیتە، هەر چۆنێک بێ ئەوا باسی ئێمە نییە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بگوترێ ئەوەیە کە لەو بەیتەدا بە ئاشکرا دیارە نالی دەڵێ: تا کوڕ وەک کچە و هێشتا مووی لێ نەهاتووە و ڕووی وەک ئاوێنە وایە جێگەی تەماشاکردنە، تەماشاکردن واتە: گەڕان بە ناویدا و لەزەت لێبردنی، جا ئەو لەزەت لێبردنە لە خانەی عیشقی مەجازی یا عیشقی سۆفییانەدا بێ، لە هەردوو حاڵەتدا ئێمە دەکەوینە بەرانبەر بەیتێک کە بۆنی ئارەزووبزوانی سەبارەت بە هاوڕەگەز لێ دێ.

لە بەیتی دوای ئەو هەمدیس جەخت لەسەر لووسی و خۆشیی کوڕ دەکاتەوە و دەڵێ:

کوڕ تازە و تەڕ، مادەم سادە وەک خوشکی بێ

ئەمما کە ڕوا سەبزە، دیبا کوڕ و، زیبا کچ

کوڕ ئەگەر تازە و تەڕ بێ وەکو خوشکی و مووی لێ نەهاتبێ ئەوا خۆشە و

ئارەزوو دەبزوێنێ، بەڵام کە مووی لێ هات وەکو (دیبا = قوماشی نەخش لێکراو)[٥٨]ی لێ دێ، کە قوماشی نەخش لێکراویش شتێکی ناشیرین نییە.

ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ نالی لەو بەراوردەیدا کوڕی تازە پێگەیشتووی موو لێ نەهاتووی گەیاندووەتە ئاستی کچ هەم لە جوانی و هەم بۆ تەماشاکردن و لەزەت لێبردنی..

بەکورتی: لەبەر ئەو روونکردنەوانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو شیعرەی نالی دەکەوێتە خانەی ئەدەبیاتی هۆمۆسێکسوێلیتێت، جگە لەو شیعرەش دەکرێ هەڵوەستە لەسەر چەند بەیتێکی تری نێو دیوان بکەین کە شایەنی خوێندنەوەی جیدیترن لەوانەی کە پێشتر بۆیان کراوە، چونکە زۆرجار و لە زۆر شوێندا دەردەکەوێ کە تەفسیری مامۆستایان بە باکگراوەندێکی عەقیدەییی دیاریکراودا کراوە، بۆ نموونە لەو غەزەلەدا:

ئەڵڵا.. ئەڵڵا.. کە چ عەقڵ و کەماڵێکی هەیە
لەگەڵ ئەو عەقڵ و کەماڵە چ جەماڵێکی هەیە

دڵڕفێنێکە لە بۆ مەدحی، سەراپایی ئەوێ
واجبە مەدحی بکا هەرچی کەماڵێکی هەیە

ئەهلی ئەم شارە هەموو نۆکەر و ئەتباعی ئەون
یوسفی میصرە، عەجەب جاه و جەلالێکی هەیە

گەر خەیاڵی دەهەنی بێنمە نێو ئەم غەزەلە
دێن دەڵێن ئەم غەزەلە وردە خەیاڵێکی هەیە

خەتی سەبزی لە کەناری لەبی، نالی هەروەک
خدری زیندە لەسەر چاهە، زولالێکی هەیە
ل٥٧١-٥٧٢

هەر لە دەستپێکی شەرحەکە مامۆستایان دەڵێن: «ئەگەر جوانی و تێگەیشتن پێکەوە لە ئافرەتێکدا کۆ ببنەوە، ئەو ئافرەتە دەبێ بە نموونە.. تاد»[٥٩].

ئەگەر بە وردی لەو غەزەلە بڕوانین هیچ ئاماژەیەک بۆ بوونی ئافرەت نادۆزینەوە، کەچی دەکرێ بەڵگەی دژ بەو بۆچوونە بێنینەوە، ئەوەتا لە نیوەی دووەمی بەیتی سێیەم دەڵێ: یوسفی میصرە، عەجەب جاه و جەلالێکی هەیە.. پرسیار لێرە ئەوەیە بۆچی نالی ئافرەت بە یوسفی میسر دەچوێنێ؟ لەگەڵ ئەوەش کە ئێمە هیچ گومانێکمان لە زانیارییەکی پڕی نالی نییە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە نالی سەلماندوویەتی کە هێندە باڵادەستە لە سنعەتسازیی شیعری کە بە هیچ شێوەیەک دەستەوئەژنۆ ناوەستێ لە بەرانبەر دۆزینەوەی بەدیل.. ئەگەرچی لە کلاسیکدا وا تەفسیر کراوە هەندێ جار خوا دەکەنە لەیلا و خۆشیان بە مەجنوون، یاخۆ لێوی خوا دەمژن و..تاد بەڵام لە رووی ئێستێتیکییەوە هەموو کات شوبهاندنی خۆشەویستیی ئافرەت بە کلیۆپاترا جوانترە لە یوسفی میسر.

بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە باسی (خەتی سەبزی کەنار لەب) دەکا، زۆر ئالەت و ئەدەواتی تر هەیە کە نالی بۆ گوزارشتکردن لە ئافرەت دەتوانێ بەکاریان بهێنێ، کەچی باسکردنی سمێڵ (گەنەمووی سمێڵی تازە دەرهاتووی) ئافرەت، باوەڕ ناکەم لە هیچ سەردەمێکدا بە شتێکی جوان تەماشای کرابێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەنەمووە یا سمێڵی تازە رواوە لە زۆر شیعری تری نالی بەکار هاتوون کە بۆ پیاوی نووسیون:

> موشەخخەص لەشکری خەتت لەسەر تەخسیری باڵایە
> کە تورەی (میری میران)ت نیشانەی سەبتی توغرایە
> خوصوصەن هیندووی خەتی بەیازی روویی (مەحمود)م
> لە موڵکی (رۆم)دا ئیستەیش (خەلیفە)ی شاری (بەغدا)یە
> ل٥٦٥

له هەردوو بەیتدا (خەتی سمێڵ) باس کراوە، بێگومان لێرەدا له پیاو دەدوێ وەک دیار و ڕۆشنه.. جگه لەو دوو بەیته له بەیتی:

کوڕ تازه و تەڕ، مادەم ساده وەک خوشکی بێ

ئەمما که روا سەبزه، دیبا کوڕ و، زیبا کچ

دیسان (سەبزه)ی بەکار هێناوه، که ئەوەشیان بەڵگەیەکی تره که نالی ئەو بەیتەی بۆ سەبزەی ئافرەت نەنووسیوه بگره زیاتر بەلای پیاودا دەشکێتەوه و بۆنی ئەوەی لێ دێ که ئەو تێکستەی بۆ یوسفێک نووسیبێ که تازه (خەتی سەبزی له کەناری لەب)دا روابێ.. بۆ زیاتر جەختکردنەوه لەسەر هۆمۆسێکسوێلیتێت له دیوانی نالیدا، پێویستمان به هەڵوەستەکردنێکه لەسەر شیعری (ئەم تاقمه مومتازه..) و (ئەی قەلعەیی ماهم..)، بۆ شیعری یەکەم (ئەم تاقمه مومتازه..) که سەرتاپای له کوڕ و له جوانیی ئەو تاقمه کوڕه مومتازه دەدوێ، باشترین ڕێگه ئەوەیه بۆ خودی دیوان بگەڕێینەوه، بەڵام من لێرەدا تەنیا لەسەر شیعری دووەم دەوەستم و چەند تێبینی و سەرنجێک دەدەم:

١

ئەی قەلعەیی ماهم که دەڵێی ئەوجی بورجی

وەی قوللەیی دوری که دەڵێی قامەتی عوجی

٢

وەک قافی زەمین قابیلی ئیکمال و تەرەققی

وەک بورجی سەما لایقی ئیقبال و عورووجی

٣

ئەی ئاهووی نادیده به تەئسیری مەهیبی

یا گەوهەری ئەصدافی یو یاقوتی دورروجی

٤

بۆ مـەجلیس و یاری سـەبەبی شـەوق و سـیـراجی
بـۆ راو و ســوارى عــەلـەمـی زیـن و ســوروجی

٥

سـەد حەیفی لـە بۆ کەعبـەیی حوسنت کە بە سـەریا
نەجـاشی یی خـەت هاتووە نێـزیکە خـوروجی

٦

هەرچەندە دەکەن قـەتعی سـەرت، دێیـەوە ئەی خـەت
وەک (هیندووی سـەحـاری مـەجوسی) چ لەجوجی

٧

تەلوینی رەقـیبت چ بـەیان کـەم بە (مـەقـامـات)
مـەشـهـورە حـیکایاتی (ئەبو زەیدی سـوروجی)

٨

مـەعلومـە لـەوێ راز و خـوتوری دڵی نـالی
(اذ حـل بـقـلـبـي، و بـاسـراره نـوجـي)
ل ٦٣٧-٦٤٢

رۆشنە ئـەو شـیـعـرە بۆ کـورێکی تازە پێگەیشـتـوو گـوتـراوە، نالی تا بـەیتی پێنجـەم لـە وەسف و پێداهەڵگوتندا دەیکا بە قـەلعـە، مـانگ، لووتکە، کـێـوی ئەفسـانەییی قاف، عوج، ئیکمال، ئاسک، مەهیب، صەدەف، دوروج، سیراج.. تا گەیاندوویەتییە ئاستی پێغەمبەری ئیسلام، (ئەی پایە بەرز وەک بورجی ئەستێرەکانی ئاسمان، کە شایانی ئەوەی رووت تێبکرێ و شان و شکۆت زۆر ببێ وەک چۆن پێغەمبەر سەرکەوت بۆ ئاسمان.. تاد)[٦٠].

له بەیتی پێنجەم نالی ئاخ هەڵدەکێشێ و زۆر دڵگیرە کە کەعبەی حوسنی یا روخساری کەعبەئاسای برادەرەکەی مووی لێ دێ و ئەو هەموو جوانی و درەوشاوەییی رووی بە موو رەش دەبێت و جوانییەکەی جارانی سەردەمی لووسییەتیی نامێنێ، پرسیار ئەوەیە: بۆچی نالی شیعر بۆ منداڵێکی لووس دەنووسێ و خەفەتبار و غەمباریشە کە رووی ئەو برادەرەی بە موو دادەپۆشرێ؟ ئەگەر بمانەوێ بە گوتنێکی خۆی وەڵام بدەینەوە ئەوا لەو گوتنەدا بۆمان روون دەکاتەوە و وەڵامێکی پڕ بە پێستمان دەداتەوە:

کوڕ ئایینەیی حوسنی، تا وەک کچە، مەنزوورە

گرتی کە غوباری موو چینی کوڕ و مینا کچ

له تەواوی بەیتەکانی کە لە کوڕ دەدوێ یا بۆ کوڕ نووسیویەتی نالی جەخت لەسەر لووسیی روخسار و گۆنای کوڕ دەکات و موو یا ریش لێهاتنیش بە ناشیرین و ناپەسند دەزانێ.

لە بەیتی شەشەمدا هەمدیس ڕووبەڕووی ئەو عوقدەیە دەبینەوە:

هەرچەندە دەکەن قەتعی سەرت، دێیەوە ئەی خەت

وەک (هیندووی سەحاری مەجوسی) چ لەجوجی

هەرچەندە سەرت دەبڕن ئەی موو هەر دێیتەوە، وەکو جادووگەریی هیندی هەرچەندە سەرت لە جەستەت جیا دەکەنەوە هەر چاک دەبیتەوە و سەر دەردەکەیتەوە، وەک دەردەکەوێ ناخۆشحاڵە کە برادەرە گەنجەکەی سمێڵ و ریشی هەبێ، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەنجامێک کە نالی بەهەر هۆیەک بووبێ کەسێکە کە تێکستەکانی لە بواری ئەدەبیاتی هۆمۆسێکسوێلیتێت لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا شوێنێکی باڵا و پایە بەرزیان هەیە.

کورتتر بڵێین: لەو نموونانەی کە هێناومانەوە دەردەکەوێ کە نالی بناغە و سەرەتای ئەدەبیاتی هۆمۆی لەنێو ئەدەبیاتی کوردی داناوە و دارشتووە، کە ئەوەشیان لایەنێکی تری داهێنەریی نالی لەنێو شیعری کوردی دەردەخا.

# بەشی حەوتەم

## لە نەحو و صەرفی ئەداتی مەپرسە..

سەرەتای کۆتایی:

لە دیوانی نالی ئەوەی کە پێوەستە بە پۆرنۆگرافیا و ئیرۆتیک و پرۆسەی ئەنجامدانی سێکس و.. تاد باس کرا، بێگومان هەموو سەرەتایێک کۆتاییەکی هەیە، ئەو خەتەی کە ئێمە لە دیواندا هەڵمان بژارد و سەرەتایەکەمان دەستنیشان کرد، خاوەنی کۆتاییشە.

کۆتاییی ئەو سەرەتا و ناوەڕاست و پێش کۆتاییەی کە لێی دوایین لەو شیعرەدا دەیبینینەوە:

شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پڕ لە تەشویر
لە فەجری پایزی پیری بەیانی دا تەعبیر
ل٢٠٤-٢١٧

یەکێ لە سەرنج ڕاکێشترین شیعری نالی بەتایبەتیش لە بواری بالادەستی لە خوڵقاندن و سنعەتی شیعری و رەوانبێژی و.. تاد ئەو تێکستەیە.. (ئەم پارچە شیعرە بەرزە و پڕ ماناکانی نالییە و دیارە هی سەردەمی پیریشیەتی و، یەکێکیشە لەو پارچە کەمانەی شیعری ئەو و تێکڕای شیعری کلاسیکیی کوردی)[٦١].

ئەو شیعرە لە (١٩) بەیت پێکهاتووە، تا بەیتی ١٣ باس لە پیری و عومری بەسەرچووی خۆی دەکات و لە ئەندامە پەککەوتووەکانی جەستەی دەدوێ، تا دەگاتە بەیتی ١٤ و لەوێدا دەگاتە سەر باسکردن لە بەسەرچوون و سەرەتای کۆتاییی ئەندامی سێکسیی خۆی، بەڵام بەشێوەیەک کە تەنیا کەسانێکی بە

توانای وەک مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیحی کوڕی نەبن تێی ناگەن..

له نەحو و صەرفی ئەداتی مەپرسە ئەی موعریب
کە رەفع و نەصب و جەڕ و جەزمە ئالەتی تەقریر
ل٢١٢

(ئەی ئەو کەسەی سەر و ژێر دەکەی بە ئافرەت، باسی رووپێکردن و روو پێ لادانی (هینەکەمم) لێ مەپرسە، کەڵکی ئەوەی پێ نەماوە. بە هەستان و قنجبوونەوە و راکێشان و تەواوکردندا دەردەکەوێ کەسێک ئەو سەروژێر پێکردنەی لە تواناد‌ا بێ یا نە، خۆ منیش ئەوانەم نییە)[٦٢].

ئەوەی لەو بەیتە دەردەکەوێ بە ئاشکرا دیارە کە نالی ئەزموونی لەگەڵ ژندا ئەزموونێکی واقیعییە و دوورە لە فەنتازیا و خەیاڵی رووت و موجەڕەد، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: رەنگە ژنی هەبووبێ یا لەگەڵ ژنێک ژیابێ، چونکە لەو خەتە ئیرۆتیکییەی کە لە دیوانەکە دەرمان هێناوە، هەموو قۆناغەکانی سێکسیی تێدایە، هەر لە ماچکردنی کوڵمەوە تا دەگاتە مردنی ئەداتی نەحو و صەرفی.

وەها سەقیم و موجوززا عەوامیلی ئەجزا
کە ئالەتی عەمەلی نەحوی مەحوی صەحوی زەمیر

لەو سێ مەعنا و تەفسیرەی مامۆستایان کە بۆ ئەو بەیتەیان کردووە، ئێمە تەنیا یەکێکیان دەنووسینەوە: (ئەندامە ئیشکەرەکانی لەشم وا نەخۆش و پەککەوتوون و پێوەندییان بەیەکەوە بڕاوە، وەک ئەوەن کە چۆن هۆی (کردن)یشم بەرەو ئەوە دەڕوا توانای (هۆشیار)بوونەوە لە شاراوەکەم بستێنێ)[٦٣].

ئیدی لە هەموو بەیتەکانی تری (١٦ – ١٧– ١٨ – ١٩) هەمان حاڵەتی پەککەوتەیی ئەندامی سێکسیی خۆی دووبارە دەکاتەوە و جەختی لەسەر دەکاتەوە، تەئکیدی ئەوە دەکاتەوە کە ناتوانێ ئیدی پرۆسەی سێکس ئەنجام

بدات، تا دەگاتە ئەوەی بڵێ: (هینەکەی وەک ئەلفەکەم ئەوەندە بێ کارە و پەککەوتەیە کەس نایناسێ و ناتوانم بە کەسی بناسێنم، هینەکەم کە جاران وەک ئالایێ قنج بوو، وەک شتی تری لێ هاتووە و کیریش بووە بە هاوسەری تەن واتە لەش و لێی جیا نابێتەوە بڕوا بۆ جێیەک)[٦٤].

بەو شێوەیە سەرەتایێکی پڕ لە بزاوت و ئێنەرجی و چالاک بەرەو لاوازبوون و بێهێزی و پەککەوتەیی هەنگاوی نا و ئێستا ئەشکی پڕ لە خەم و فیغانی بۆ دەڕێژێ، ئەوەتەیە بە خۆی ئیعتیراف بەو مەرگە دەکات و کیری وەک عەلەمی پێشووتری ئێستا ئەوەندە بێکار و پەککەوتەیە کە هیچ کەسێک نایناسێ:

ئەلیف نە کیرە و و بێگانە، نایەتە تەعریف

عەلەمی موشابیهی غەیر و مولازیمی تەنکیر

# ئەنجام

لەو باســەدا گـەیشـتـووینـەتە چەند ئـەنجـامـێک، هـەوڵ دەدەم لێـرەدا بە خـاڵ دەستنیشانیان بکەم:

١- لە دیوانی نالیدا تەنیا لەسەر تەنیا تاکە هێڵێک کار نەکراوە، بەو پێوەرەی کـە ئێمـە خـەتێکی دوور و درێژمـان دەرهێنا و دەسـتنیـشـان کرد کـە لە ئیـرۆتیک دەدوێ، لەگەڵ ئەوەشدا توێژەری تر هاتوونە و قسـەیان لەسـەر لایەنـەکـانی تـری وەک: تەسـەوف، حـیکمـەت، عـەرووز.. تاد کـردووە کـە هەریەک لەو تێمـانەش بەشێکی گرینگی دیوانی نالییان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە.

٢- نالی وەک هەر یەکێکی تر مرۆڤ بووە، لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر بیررا و بۆچوون و رامان و تەماشاکردنی بۆ دنیا گۆڕاوە، واتە کەسێکی خاوەن عەقیدە و باوەرێکی جێگیر نەبووە.

٣- تا ئێستـا هیچ دیراسـەیەکی کوردیمـان نەبینیوە کە کاری لەسـەر هێڵی ئیـرۆتیک و پۆرنۆگرافیـا لە سـەرلەبەری دیوانێکدا کـردبێ و توانیبـیـەتی بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە پێی گەیشتووین، وەک دەبینین نالی خاوەنی جیـهانێکی کامڵ و تەواوە لەو رووەدا، ئەوەتا لە ماچی کوڵمەوە دەست پێ دەکـات تا دەگـاتە مـژینی لێـو و خـواردنەوەی ئاوی دەم و مـەمک مـژین و مومارەسـەی سێکس و هۆمۆسێکسوێلیتێت و مردنی ئالەتی سێکس، ئەو تەکامولییە لەو رووەدا بەتەواوی لەو باسەی ئێمەدا سەلمێنراوە.

٤- لەو جـیـهـانەی نالیـدا کـە ئێمـە کـردوومـانـەتە باسـی لێکۆڵینەوەکـەمـان، گەیشتووینە ئەنجامی ئەوەی کە نالی بە یەکێ لە دامەزرێنەرانی یاخۆ هەر

به خـودی دامـەزرێنەری ئـەدەبیاتی ئیرۆتیکی یا هۆمـۆئیـرۆتیکی کـوردی دادەنرێ.

٥- زمـانـی نالی لە باسکردنـی ئیرۆتیک و سـێکس و هۆمـۆ لە ئاسـتـێکی زۆر بەرزدایە و هـەرگـیـز دایرێکت و ئاشکرا شـتـەکـان نادرکـێنێ، لـە هـەندێ بەیتی ئەو قەسیدەیە نەبێ کە بۆ مەستوورەی نووسیوە.

٦- تێکستەکان پێمان دەڵێن کە دەقنووس کەسێکی بە پراکتیک شارەزایە لە سـێکس، ئەوەش دەرگـەیەک دەکـاتەوە بۆ چوونە نێـو ژیانی خـێـزانی و گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ نالی ژنی هەبووە یاخۆ نا، بەو واتایە کە لە ڕێگەی شیعرەکانەوە ژیانی تالی بخوێنینەوە.

٧- بەو شـێـوە کـارکـردنەی ئـێمـە دەتوانرێ سـەبارەت بە دنیای دینی دیوانی نالی کار بکرێت و ئەو جیـهانەشی ئاشکرا بکرێ و بزانرێ ئاخـۆ ئەویش بەهەمـان شـێوە خـاوەنـی دنیـایەکی کـامـڵی بە دەسـپـێک و ناوەند و بەر لە کـۆتایی و کـۆتاییـیـە.. نەک هـەر بـە تەنیـا سـەبارەت بـە دنیـای دینی بگرە هەموو دنیاکانی تری دیوانی نالی.

٨- نالی کـەسـێکی بـە جـورئەت بووە، بـە بوێری و ئازایـەتیـێکی زۆرەوە بەبێ گـوێدانـە کـۆمـەڵگە و بازنەکـانی کـۆمـەڵگە و تـرادتسـیـۆن سـەبارەت بە ئیرۆتیک و سێکس و هۆمۆ گوزارشتی لە هەست و دڵ و ڕۆح و جەسـتە و ڕوئیا و تێڕامانی خۆی کردووە.

٩- زانین و زانیـاریی تەواوی سـەبارەت بە ئـیـرۆتیک و سێکس و هۆمـۆ هەیە نـەک هـەر بـە تـەنیـــا لە رووی تیـــۆرییـــەوە، بگرە دەردەکـــەوێ لـە رووی پراکتیکیشەوە هەمان زانیاری و ئازمایشی هەبووە.

١٠- ئەوەی ئێمە لەو باسـەمان کردوومـانە، کارێکی خێرایە لـەسـەر ئەو هێڵە، دەکرێ وردتر و ڕژدتر لەو ڕووەدا کار بکرێ.

## سەرچاوە

١- لێکۆڵینەوەیەک لە شیعرە ئاینی و سۆفیگەری و فەلسەفییەکانی نالی، د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود، هەولێر٢٠٠٧ چاپخانەی ئاراس، لە بڵاوکراوەکانی کۆواری رامان، ل ١٢٢.

٢- دیوانی نالی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، چاپی پێنجەم، سنندج، پاذعزتی.. ل ٣٠٤.

٣- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل ٢٩٩.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٥٤٧.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

٦- چەپکێ لە گوڵزاری نالی، مەسعوود محەمەد، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، ساڵی چاپ ٢٠٠٧، ل ١٥.

٧- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل ٢٥.

٨- چەپکێ لە گوڵزاری نالی، مەسعوود محەمەد، ل ١٧.

٩- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل ٢٤.

١٠- ویکیپیدیا - Eros - der griechische Gott der Liebe

11– ویکیپیدیا- (Erotische Literatur)

١٢- الدکتور إحسان هندی.. ئینتەرنێت/http://www.discover-syria.com/news

١٣- الدکتور إحسان هندی.. ئینتەرنێت /http://www.discover-syria.com/news

١٤- kamsutra ویکیپیدیا، ئینتەرنێت.

15-www.br_online.de

16- http://www.gekuesst.de/home/liter_zitate.htm

17- http://www.suffbilder.de/sprueche/zitate/zitate-kuss.html

18- http://www.zitate-online.de/thema/kuss/

١٩- هەمان سەرچاوە.

20- http://www.kuss.de

٢١- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل ٩١.

٢٢- هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٨.

٢٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥.

٢٤ - هەمان سەرچاوە.

٢٥- هەمان سەرچاوە، ل ٨٤.

٢٦- هەمان سەرچاوە، ل ٨٦.

27- http://www.ghrib/net/vb/showthread.php?t=

٢٨- هەمان سەرچاوە.

٢٩- هەمان سەرچاوە.

٣٠- هەمان سەرچاوە.

٣١- هەمان سەرچاوە.

٣٢- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل ٧٦.

٣٣- هەمان سەرچاوە.

٣٤- هەمان سەرچاوە.

35- http://de.wikipedia.org/wiki/Weibliche_Brust

٣٦- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل ١٥٢.

٣٧- کتێبی نالی، ڕێبوار سیوەیلی.

٣٨- دیوانی نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل ٦٠٦.

٣٩- کتێبی نالی، ڕێبوار سیوەیلی، ل ١١٣.

٤٠- هەمان سەرچاوە، ل ١١٤.

41- http://de.wikipedia.org/wiki/Isaac_Asimov-

42- http://en.wikipedia.org/wiki/Pornography-

43 - http://ar.wikipedia.org/wiki

٤٤- هەمان سەرچاوە.

٤٥- دەستەوDامانی نالی، مەسعوود محەمەد، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس٢٠٠٧، ل ٨.
٤٦- دیوانی نالی، مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، ل ١٧٣.
٤٧- دەستەوDامانی نالی، مەسعوود محەمەد، ل ٩.
٤٨- دیوانی نالی مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، ل ١٧٤.
٤٩- دەستەوDامانی نالی، مەسعوود محەمەد، ل ٩.
50- http://en.wikipedia.org/wiki/Homosexuality
51- http://www.spiegel.de/kultur/gesellschaft
٥٢- كورتە مێژوویێكی نێربازی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامدا .. كوردیار ٢٠٠٢.
٥٣- كورتە مێژوویێكی نێربازی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامدا .. كوردیار، سلێمانی ٢٠٠٢.
54- http://www.arabsdurra.com/vb/showthread.php?t=85-
٥٥- كورتە مێژوویێكی نێربازی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامدا .. كوردیار ٢٠٠٢.
٥٦- كورتە مێژوویێكی نێربازی لە رۆژهەڵاتی ئیسلامدا .. كوردیار.
٥٧- دیوانی نالی، مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، ل١٦٠.
٥٨- هەمان سەرچاوە.
٥٩-هەمان سەرچاوە، ل ٥٧١.
٦٠- هەمان سەرچاوە، ل ٦٣٨.
٦١- هەمان سەرچاوە.
٦٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢١٣.
٦٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢١٤.
٦٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢١٧.